دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
سەرەکی ئەنجومەنی کارگێڕی و سەرنووسەر
مصلح جەلالی

هاوکاری
التضامن

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە
ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

پێنج شەممە ١٩٨٦/١٠/٩ ژمارە ٨٦٠ — ١٢ لاپەڕە — بە ٥٠ فلسە — الخميس ١٩٨٦/١٠/٩ العدد ٨٦٠

لەم ژمارەیەدا

دەقی ئەو شیعرانەی لە میهرەجانی لقی دەزگا کەمان لەدهۆك بەبۆی هەفتەی قادسیەی صدام ەوە لە ل ٨دا بڵاوکراوەتەوە.

بەرێز سەرۆك صدام حسین نامەیەك ئاراستەی قوتابیان لە سەربازگاکانی مەشق کردن دا دەکات

لە دەستدرێژیەکەیان یەشیمان دەبنەوە

لوولەی تفەنگ دەکەینە پێنووس و مێژووی عیراقی مەزنی پێ تۆمار دەکەین

بەرێز سەرکردە صدام حسین دووپاتی کردەوە کە فەرمانڕەوا مایەپووچ و گومان لێکراوەکانی ئێران ئەمجارە زیاتر لە هەموو جارێکیتر سەبارەت بەدەستدرێژی کردن و بەهەڵەچوونیان لە سەرەتاو لە کۆتاییدا نائومێدتر دەبن.

بەرێز سەرکردە لە نامەیەك دا ئێوارەی چوارەم ڕۆژی ئەم مانگە ئاراستەی قوتابیانی ناو سەربازگەکانی مەشق کردنی کرد وتی، ئاڵای عیراق بە گەشەداری سەرکەوتنەوە بەرز دەبێتەوەو دەنگی عیراقیەکان (خوا گەورەیەو سەرشۆڕبن بێ ئابروەکان) لە گەڵیدا بەرزدەبێتەوەو ئاشتی چەسپاو لەبەردەم دەرفەتی ڕاستەقینەو بەڵگەی قووڵ و مەوداداردا دەرەخسێ..

دەقی نامەکەی سەرەکی فەرمانده لە ل ٣ دایە

دەبەنە سەر دوژمن هەڵۆ نەبەردەکانمان ١٠٤ شاڵاو

سەربازە نەبەردەکانی عیراق پەرە بە چالاکیی خۆیان دەدەن و دووپاتی سووربوونی عیراقییەکان دەکەنەوە بۆ سەرکوت کردن و پلیشاندنەوەی هەر پەلاماریکی دوژمن بۆ سەر خاك و دەستەڵاتی نیشتمانیمان.

ئەوەبوو فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانیی پاڵەوانمان سەنگەری تۆپخانەکانی دوژمن و کۆمەڵ و بنکەکانی دوژمنیان لەسەرتاپای بەرەی جەنگ دا بۆردومان کردو زیانێکی گەورەی سەرو ماڵی ئەوتۆیان پێگەیاندو پاش ئەوەی ١٠٤ هێرشیان بردە سەریان بە ساغی بۆ خاکی نیشتمان گەڕانەوە.

لە کەرتی ڕۆژهەڵاتی بەسرایش هێزەکانمان بۆردومانی سەنگەرەکانی دوژمنیان کردو چووار ئۆتۆمبیلی گەورەیان ئاگرتێ بەردا کە یەکێکیان چەك و تەقەمەنی تێدابوو. جگە تێکشکاندنی تانکێك و وێران کردنی چووار سەنگەری پیادەو سەنگەریکی هاوەن و ڕووانگەیەك و بریندارکردنی ئەوانەی تێیدا بوون و پەك خستنی بلدۆزەریکیش.

لە بەرەی فەیلەقی حەوتیش هێزەکانمان سەنگەرو مۆڵگەکانی دوژمنیان بە ئاگرو گوللە خەریك کردو توانییان کاروباری ئەندازیاریی دوژمن ڕابووەستێنن و سەرچاوەی تەقەکردنیان کپ بکەن.. سەرەڕای تێك شکاندنی ڕەشاشێك و تۆپێکی (١٠٦) ملم و وێران کردنی سێ سەنگەری جۆراوجۆرو سووتاندنی ئۆتۆمبیلێك و یەك کۆمەڵ تەقەمەنی.

لە کەرتی ناوەڕاستیش هێزەکانمان ژمارەیەك سەربازی دوژمنیان بینی بە چەکی هەموو جۆر بەرەنگاریان بوونەوەو ژمارەیەکیان لێ بریندار کردن و ئەوانی تریش هەڵاتن.

سەرەڕای ئاگرتێبەردانی دوو کۆمەڵ تەقەمەنیو وێران کردنی دوو سەنگەری جۆراوجۆرو کوشتنی سەربازیکی دوژمن.

دەستەی لە ڕێ دەرچووی خومەینی جاریکی تریش پەنای بردەوە بەر بۆردومان کردنی ناوچە شارییەکان ئەوە بوو شاری بەسرەی بە تۆپخانەی دوورمەودا بۆردومان کردو پێنج هاوشاری شەهید بوون و ١٧ هاوشاری بریندار بوون و ١٧ خانوو ڕووخاو ٢٥ ئۆتۆمبیلیش زیانیان پێ کەوت.

له جنێف

ئەنجوومەنی وەزیرانی ئۆپیك کۆبوونەوەکانی دەست پێ دەکات

ڕۆژی دووشەمە لە شاری جنێف بەکەمین دانیشتنی کۆبوونەوەکانی ئاسایی ژمارە هەفتادو نوێ ئەنجوومەنی وەزیرانی ڕێکخراوی وڵاتانە نەوت ئێرەرە دەرەوەکان (ئەوپیك) دەستی پێ کرد.

بریار وایە ئەم کەوبوونەوە بارودۆخی ئێستای بازاڕی نەوت بکۆڵێتەوە کە چەند لایەنێکی باشی هەبوو بۆ سەقامگیربوونی بازاڕی نەوت لە ناوەرەو دەرەوەی ئۆپیك دا.

هەروەها لە هەڵوێستی دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت لە دەرەوەی ئۆپیك لە کاتی ئێستاو پێداویستی بازاڕی نەوت لە دووا چواریەکی ئەم ساڵ دا دەکۆڵێتەوە.

چەند سەرچاوەیەکی نەوتی وتتویانە ئەم کۆبوونەوەیەی ئێستا ڕێککەوتنەکەی پێشوو نوێ دەکاتەوە ئەگەر زانرا بازاڕی نەوت پێویست بە بەرهەمهێنانی پتر یان بەپێچەوانەوە دەکات، لەم بارەیشدا دەبێت پتر کاروبار لەگەڵ دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت لە دەرەوەی ئۆپیك ڕێك بخرێت لەگەڵ چونیەتیی دابەش کردنی ئەو زیادەیە بەسەر بەرهەمهێنەرەکانی دا.

قسەکەریکیش بە زمانی کۆنگرەکەوە وتتریەتی وەزیرەکانی لەو ڕاپۆرتە دەکۆڵنەوە کە پسپۆڕای ڕێکخراوەکە نووسیویانەو دەڵێت ئاڵێت بەرهەمهێنان لە ١٤,٨ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێك دا تێ بپەڕێت لە لایەن هەر دوازدە دەوڵەتی ئەندامانی ئۆپیکەوە.

عیراق بە ئەنجوومەنی ئاسایش ڕادەگەیەنێت کە ڕژێمی ئێران گەرەکی دانیشتووان بۆردومان دەکات

ڕۆژی سێ شەممەی ڕابوردوو عیراق بە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی ڕاگەیاند کە ڕژێمی ئێران سەرلەنوێ دەستی بەبۆردومان کردنی گەرەکی دانیشتووان کردووە لە شارەکانی عیراق دا.

لە نامەیەك دا کە ئاراستەی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان خافییر بیریز دیکوێلار کردووە پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە دوو فڕۆکەی ئێرانی ڕۆژی یەك شەممەی ڕابوردوو هاتوونەتە ناوئاسمانی عیراقەوەو چەند ناوچەیەکی دانیشتووانی شاری کوونیان بۆردومان کردووە.

نامەکە ئەوەی تێدا ڕوون کراوەتەوە ئەو بۆردومانە بووەتە هۆی شەهیدبوونی شەش کەس سیبیانیان منداڵن و دووانیان ئافرەت و سی کەسی تریش بریندار بوون لەوانە دە ئافرەت و دوازدە منداڵیان تێدایە سەرەڕای ڕووخاندنی ١٢ خانوو و زیان گەیاندن بە شەش ئۆتۆمبیل و قوتابخانەیەك.

جەماوەری واسط شەهیدەکانیان بەرێ دەکەن

جەماوەری پارێزگای واسط لە کەژاوەیەکی ڕێزگیراودا ڕۆڵە شەهیدەکانی خۆیان بەرێ کرد ئەو ڕۆڵانەی لە ئەنجامی بۆردومان کردنی فڕۆکەکانی ڕژێمی تاوانکاری ئێرانەوە لە گەرەکەکانی شاری کووت دا شەهید کرابوون.

بەریز فوزی جاسم پارێزگاری واسط و هاوڕییان ئەمیندارەی نهێنیو ئەندامانی سەرکردایەتی لقی حزب لە واسط و بەرێزان سەرەکی دەزگا ریکخراوەجەماوەریو حزبیەکان و کەس وکاری شەهیدەکان لە پێشەوەی کەژاوەکەوە بوون.

لە دروشماکانیان دا جەماوەر نارەزایی خۆیان سەبارەت بە تاوانە نارەواکانی ڕژێمی دەستدرێژکەری ئێران دەبڕی کە منداڵ و پیرەمێردو ئافرەت دەکوژن و دووپاتی ئەوەیان کردەوە کە هەردەم ئامادەی قوربانیدان و خۆبەخت کردنن بۆ پاراستنی خاکی پیرۆزی نشتیمان.

کاروباری ڕاستەوخۆی خستنە بازاڕەوەی کەرەستەی بنەڕتیی ڕۆژانە

ئەنجوومەنی وەزارەتی بازرگانی لە کۆبوونەوەیەك دا کە بە سەرەکایەتی بەرێز حسن علی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری بازرگانی لەو کاروبارە ڕاستەو خۆیانە کۆڵایەوە بۆ چڕکردنەوەی کاروباری خستنە بازاڕەوەی کەرەستەی بنەڕەتیو پێویستی هاوڵاتیان.

بەرێز حسن علی وەزیری بازرگانی وتی ئەو کاروبارانە بەچەشنێك دەبن کە پێداویستیی هاوڵاتیان دابین دەکەن و باری سەقامگیری لە کەرەستەی پیشاندراودا دەچە سپێنن و وا دەکەن بە ئاسانی کەرەستەی ژیانی ڕۆژانە لە شوێنەکانی دابەش کردنیەوە لە لایەن کەرتی بازرگانیی سۆشیالیستیو وەکیل و کۆمەڵە هەرەوەزییە - کانی کەرەستەی ڕۆژانەوە دەست بکەوون.

بەرێز ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ڕوونی کردەوە کە و ئەنجوومەنی وەزارەتەکە لە لیستەی کەرەستە پێوستەکانی لە دەرەوە هێنراوو بەرهەمهێنراوەکانی ناوخۆ کۆڵیتەوە بە ئامانجی دابین کردنی ئامادەکردنی پێداویستییەکانی ڕۆژانەی هاوڵاتیان بە گوێرەی نەخشەکانی خستنە بازاڕی کەرەستەی ڕۆژانە کە پشتیان پێ بەستراوە بەهێزی توندو تۆڵی ئابووریی عیراق دەچەسپێنن کە ڕێ بە دامەودەزگاکانی کەرەستە خستنەوە بازاڕەوە دەدات هەڵێکی بەرین تریان لە بەردەمەدا ئاوڵە بێت بۆ بەرێوە بردن و ڕێك خستنی کاروباری خستنە بازاڕاوەی کەرەستەو دابین کردنیان لە هەموو بارو دۆخێك دا.

وەزیری بەریز لە کۆتایی وتەکەیدا وتی ئەنجوومەنەکە چەند بڕیارێکی سەبارەت ئامادەکردنی لیکۆڵینەوەی مەیدانی داوە لە چالاکی ئەنبار خستن و دابەش کردن دا بە چەشنێك بالاترین لێهاتوویی و سوودی ئابووری بۆ چالاکیی بازرگانی هەبێت و خزمەتی توانای ئابووریو جەنگ کردنی نیشتمان بکات..

ئەردەن و هندستان داوای ڕاگرتنی جەنگ دەکەن

ئەردەن و هندستان پەژارەی خۆیان سەبارەت بە بەردەوام بوونی جەنگی نێوان عیراق و ئێران دەربڕی.

ئەوەبوو مەلیك حسین مەلیکی ئەردەن و سەرەکی هندستان زایل سنگھ لە دوو وتەی سەر خوان دا کە بۆمەلیکی ئەردەن لە نێو دەڵی ڕێك خرابوو داوایان کرد پشتی دەستپێشکەریی وڵاتانی بێلایەن بگیرێت کە لە کۆنگرەی هەراریدا سەبارەت بە چاروسەرکردنی جەنگی نێوان عیراق و ئێران لە ڕیگای گفت وگۆوە پێشنیارکرا.

ئەوەبوو مەلیك حسین بە سەردانێکی ڕەسمی لە مەسقەطەوە گەیشتبووە نیودەهلیو لەم سەردانەیدا. کە نۆ ڕۆژ دەخایەنێت .مەلیکە نووری ژنی تەکدایە.

له ئێران دا

هەر ڕۆژەی ٧٢٠ منداڵ دەمرێت

ڕاپۆرتی پزیشکانی ئێران ددانی بەوەدا ناوە کە ڕادەی مردنی منداڵان لە ئێران دا لەوانەی تەمەنیان لە یەك ساڵ کەمترە گەیشتووەتە ڕادەیەکی ترسناك چونکە هەر ڕۆژەی ٧٢٠ منداڵ دەمرێت.

سەرچاوەی بەرهەڵستکارانی ئێرانی لە پاریس دا لە ڕاپۆرتێکی نهێنییەوە کە وەزیری تەندروستی ئێران دکتۆر هرندی بەرزی کردووەتەوە وتوویانی زۆربەی ئەو منداڵانە لە کەم خۆراکییەوە دەمرن سەرەڕای ئەوەی تووشی چەند درمێك دەبن.

ڕاپۆرتەکە پەنجەی بۆ ئەویش ڕاکێشاوە کە مردنی منداڵان لە هەندێك شوێن دا گەیشتووەتە ڕادەی ١٧٢ منداڵ لە هەر هەزار منداڵ بە هۆی دەست کورتیو نەداریو خۆراکیو چاودێری نەکردنی تەندروستییەوە.

ژمارەی لە ڕادەبەدەری ئێران!

ڕۆژنامەی جۆرنال دی جنێف ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە لە سێدارەدان لە ئێران دا بڵاوکردووەتەوە تێیدا هاتووە کە ئێران یەکەمین وڵاتە لە جیهان دا ژمارەی لە سێدارەدانی بەرهەڵستکارانی ڕژێمی گەیشتووەتە پلەیەکی بەرز.

ڕۆژنامەکە لە ڕاپۆرتەکەدا پشتی بەو زانیارییانە بەستووە کە ڕێکخراوی بەخشینی نێو دەوڵەتی لەم دواییەدا دەربارەی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە ئێران بڵاوی کردبووەوە.

پەیامنێرەکان شوێنەواری بۆردومانەکەی دوژمن دەبینن

ژمارەیەك لە پەیامنێری ئاژانسی دەنگە و باس و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەو گۆڤارە عەرەبیو بێگانەکان سەریان لە گەرەکەکانی دانیشتووان دا لەشاری کووت و بەسرا کە لەلایەن فڕۆکەو تۆپخانەی ڕژێمی تاوانکاری ئێرانەوە بەربۆردومان کەوتبوون.

پەیامنێرەکان چاویان بە شوێنەواری بۆردومانە دڕندانەکەو ئەو کارە تاوانکارییە نارەوایانە کەوت کە دەستەی ڕق لە دڵی خومەینی ئەنجامی داوون و منداڵ و ئافرەت و پیرەمێردی کوشتووەو خانوبەرەی هاوڵاتیانی خاپوور کردووە.

وتەی «هاوکاری»

ڕۆژێکی مێژوویی پرشنگدار

لە حەوتی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٩ دا، واتە بە لە بیست و حەوت ساڵ، هاوڕێی تێکۆشەر صەدام حسین بەوپەڕی وەفاداریەوە فەرمانەکانی حزبی جێبەجێ دەکرد، تفەنگی هەڵ گرت تا لە شەقامی ڕەشیددا دەستڕێژی عبدالکریم قاسمی ستەمگەر بکات، ڕوو بە ڕووی ستەمگەریو تایەفەگەریو دکتاتۆریەت دەبووەوە.

لەو ڕۆژەوە گەلی عیراق و، جەماوەری نەتەوەی عەرەب لە هەموو لایەك دا زانییان کە لاوی بەعسیی ئازاو وەفادار صەدام حسین، ڕوو بە ڕووی دکتاتۆریەت بووەوە کە ئەو سەردەمە ویستی عیراق بتەنێتەوە..

لەو ڕۆژەوە بوو، تێکۆشانی نیشتمانیو نەتەوەیی کە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست دژ بە تایەفەگەریو دیکتاتۆریەت و هەموو چەشنە هەڕەشەیەك، سەرکردەیی دەکرد، بە ناوی تێکۆشەر صەدام حسەینەوە پەیوەست بوو، کە بە ئازایەتیو بە وەفایی خۆی وێنەیەکی نایاب و بێ هاوتای بەعسیی ئازاو بەوەفا بەرچاو خست.

لەگەڵ ئەو برینەی کە تووشی بوو، تەك ئەو بارو دۆخە تێرورەی لەو کات و سەردەمەدا بڵاوببووەوە ئەوا تێکۆشەر صەدام حسین توانیی گەشتی تێکۆشانی سەخت دەست پێ بکات و ئەو سەردەمە خاکی عیراق بەجێ بهێڵێت و، ماوەیەك لە میسر بەسەر بباتە، تا لە پاش بەڕابوونی شۆڕشی ڕەمەزانی ساڵی ١٩٦٣ دا بگەڕێتەوەو بەشداریی ژیان و تێکۆشان و کۆنگرەکانی حزب بکات.

پاش هەڵگەڕانەوەکەی تشرینیش ڕاستەوخۆ، ڕۆڵی دیاری سەرکردایەتی هاوڕێی تێکۆشەر صەدام حسەین دەرکەوت کاتێك بەرەنگاری سەر لە نوێ ڕێك خستنەوەی حزب و دروست کردنەوەی لە سەر بناغەیەکی پتەوی چەسپاو

بروانە ١١

Institut kurde de Paris

ب هەلکەفتنا هەفتیا قادسیا صدامی.

سێ شانو ل پارێزگەها دهوکێ

پاشی لێجنە رویشت و هل بژارتن خەلاتی ئێکێ بو شانوگەریا [نەوروز].. ئو جەماوەرێ دهوکێ دەمەك خوشی و شادی بوراندن دکەل ڤان هەرسێ شانوا..؟

ل ئێڤاریا روژا ١٩٨٦/٩/١٧ ل دهوکا شەنگو شوخ میهرەجانا شانوگەریا دوێ یا لاوان هاتە ڤەکرن ژ لایێ هێژا پارێزگارێ دهوکێ [نامق رقیب سورجی] ئو ب حازربونا هەڤال [طارق کافی] رازگەرێ لقێ دهوکێ و ب حازربونا هندەك هەڤال و بەرپسیارا.. لێشێ بەرێزین روینشتی دەقیقەکێ راوەستاندان رێزگرتنێ بەر شەهیدێن عیراقا خوشتڤی.. و لدویڤدا [پەری] ڤەبو بو جارا ئێکێ ئەکتەرین شانوگەریا موسلێ ب سەرکەتن شانواوان ژێر ناڤێ [خان گمر] ئەکتەرێن شانوێ ئەڤە بون.

١ ـ عصام سمیع ٢ ـ عبدالقادر علي ٣ ـ محمد جاسم ژ دەرهینانا هێژا [فارس حازم] باشی بو گەرا شانوگەریا سلیمانێ یا ناف دار [نەوروز] شانوا وان ژێر ناڤ و نیشان [رێبازا خەبات] ژ دەرهینانا هێژا [کمال احمد حمه غریب] ئو ئەکتەرێن ڤێ شانوێ ئەڤەبون ١ـ محمد هوشمند محمد ٢ ـ کاروان محمد أمین ٣ ـ عدنان غفور توفیق ٤ ـ دانا ابو بکر صالح ٥ ـ دلشاد عثمان سعید ٦ ـ جلال کریم ٧ ـ بژار طه خلیل ٨ ـ کامیران کمال عزیز ٩ ـ نرمین قادر احمد ١٠ ـ شیرین عثمان ١١ ـ جبار أحمد حمه غریب ١٢ ـ رمضان ابراهیم ئو هندەکێدی پشکداربون دڤێ شانوێدا.. بشتی ئەڤ شانویە ب دوماهی هاتی جەماوەرێ دهوکێ کەلەك دل خوشبون ب شانوا سلیمانێ زێدە جەبلە بو هاتن قوتان.. باشی بۆ دورا شانوگەریا دهوکێ ژێر ناڤ نیشان [وێنە دئاخفت] ئو ئەکتەرێن ڤێ شانوێ ئەڤەبون ١ ـ صبحی علي حسن ٢ ـ سالم طاهر ٣ ـ رؤوف سعید ٤ ـ عیسی احمد ٥ ـ نادر حسن ٦ ـ جمیل زکری ٧ ـ عبدالله طاهر ٨ ـ عبدالله جاسم ٩ ـ ریبر محمد عارف بەری ئەم بینە دوماهیێ بو خوینەڤانا رۆنکم بێتڤیی شانوگەریا هەولێرێ پشکداربان دڤێ میهرەجانێدا باشی داوات لێ بۆرینێ کرن نەگەهان پشکداربن ئەڤ میهرەجانە ژی ل سەر خەلاتی بو؟...

محمد ئوسمانا
ئەڤێ دهوك

ب هەلکەفتنا حەفتیا قادسیا صدامی:

کورەکێ ئەدەبی ل دهوکێ

ژ چالاکیێت ئێکەتیا نیشتمانی یا قوتابی و لاوان ل دهوکێ. کورەکێ ئەدەبی یێ بەرفرەهـ هاتە گرێدان ب چاڤدێریا هێژا محمد سعید عبدالرحمن رێڤەرێ گشتی یێ پەروەردێ و ب ئامادەبونا هژمارەکا ئەدیب و ئەدەب دوستان دڤی کورێدا ئەدیبێ گەنج (شڤان علی ادم) بابەتەك خواند ل ژێر ناڤێ (بزاڤا روشەنبیری ل دهوکێ ل ژێر سیبەرا هەر دوو شورەشا یا چواردێ و هەڤدەی تیرمەهێ) بێ بابەت بخو بیبلوگرافەك بو ل سەر گوڤارو پەرتوکێت کوردی یێت کو کەتینە بازارێ ل ناڤبەرا سالا پێنجی و هەشتێ وحەشتێ و پێنجێ. براستی باش بو ئەڤ پەرتوکە هەمی ئینانە هزرا مە.

ئەڤی کوری نێزیکی سەعەتەکێ ئەکێشا پشتی کو گەنگەشە ژی دگەل هاتیە کرن ژ لایێ چەند برادەرەکا ڤەو پشتی کو بەرستا وان هاتیە دان ژ لایێ کاك شڤانی ڤە..

رمضان عیسی
لەڤی دهوك

راپۆرت:

کۆمپانیایەکی پێشکەوتوو

کۆمپانیای گشتی ی ناوچەی باکوور، یەکێکە لەو وێنە پێشکەوتووانەی کە توانیویەتی تا رادەیەکی زۆر پێویستی خواردەمەنی هاوولاتیان بێنتەدی..

ئەم کۆمپانیایە بەرهەمدارە لە سالی ١٩٧٤ دامەزراوە، لەو ساتەوە تا بەئەمرۆ ئەگات رادەی بەرهەم هێنانی لە زۆر بوندایە.. بۆ نموونە لە سەردەمی جەنگ دا، ئەگەر بەراووردی بەرهەمی هێلکە بکەین لە نێوان سالی ١٩٨٤ ـ ١٩٨٥ ئەوە دەرئەکەوێ کە بەرادەی دیار ئەنجامی چاکی بەدەست هێناوە، لە سالی ١٩٨٤ بریتی بووە لە ٢٧٠ ملیۆن هێلکەو، لە سالی ١٩٨٥ ئەم رێژەیە زیاد بووەو گەیشتۆتە ٦٨٠ ملیۆن هێلکە...

بارەگای کۆمپانیاکە لە هەولێرە، بەلام لق و دام و دەزگاکانی لە شاری دهۆك و سلێمانی و نەینەواو صلاح الدین و تەئمیم دا هەیە.. کە هەریەکان سالانە بەرهەمی زۆر وەدەست دێنن لە پیناو هاوولاتیان.

ئەوی زیاتر لەم کۆمپانیایەدا هەستی پێ دەکرێ، دروست کردنی وەرشەی کەل و پەلە، ئەمەش بۆ پێویستی پەلەوەر، بێگومان جاران ئەم کەل و پەلانە بەپارەیەکی زۆر لە دەرەوەی وولات دەگەیشتە کۆمپانیا، کەچی ئێستا، بووتە هۆی گلدانەوەی سەرمایەو قازانجێکی زۆر.

لە لایەکی ترەوە، کۆمپانیا لە چوار چێوەی بایەخ دانی بەژیان و حەسانەوەی کارگێرانی کۆمپانیا، دەست پێشخەری کردووە بۆ دروست کردنی چەندان خانوو بەرە بۆ کارگێرانی، لەپال مسۆگەر کردنی هۆی خزمەتگوزاریو ئەندروستی بۆ خێزانی کارگێران لە کۆمپانیاکەدا.. کە هەموو سالێك نەخشەی جێبەجێ کردنی پرۆژەکانی لە زۆر بوون و پێشکەوتندایە.

شێرزاد. لقی هەولێر

بەرێز سەرەکی زانکۆی صلاح الدین بۆ هاوکاری ئەدوی

نەخشەی ئەمسال و ئاسۆی پاشەرۆژ

هەموو سالێك و لە زانکۆی صلاح الدین دا نەخشەیەکی دیار بۆ وەرگرتن و پێگەیاندنی قوتابیان دائەندرێت بەو شێوەیە کە زانکۆکە بتوانێ دەوری رووناکی خۆی لە پەروەردەکردنی ئەم نەوەیەو بەرەو پێشەوە بردنی رووی شارستانیتیدا ببینی.. بە نیازی دەرخستنی دیارترین ئەو هەنگاوانەی هاتوتەدی، بەرێز دوکتۆر خسرۆ شالی قسەی بۆ هاوکاری کردو ووتی: زانکۆی صلاح الدین، رووێکی پێشکەوتووی.. ژیانی نوێمانە کە توانیویەتی بەدرێژی سالانی دامەزراندنیەوە هەنگاوی زانستی دیاری خۆی بنێو نەوەیەکی پێشکەوتوو بخولقێنێ و دەستی شارەزا لە هەموو کولێج و بەشەکاندا بێنێتەکایەوە..

ئەمسال، نەخشەی زانکۆ بریتی یە لە نیازی وەرگرتنی ٢٥٢٠ قوتابی کوروکج بۆ سالی خوێندنی ١٩٨٦ ـ ١٩٨٧کە بەسەر کولێجەکاندا دابەش کراوە... لەوانە ٣٠٠ قوتابی لە کولیجی زانیاریو ١٥٠ قوتابی لە کولیجی ئەندازەو ٦٠٠ قوتابی لە کولیجی ئاداب و ٥٠٠ قوتابی لە کولیجی بەرێوەبردن و ئابووری و ٣٠٠ قوتابی لە کولیجی پەروەردەو ٢٠٠ قوتابی لە کولیجی یاساو ١٢٠ لە کولیجی پزیشکی...

● بەرێز دوکتۆر شالی لە ووتەکەیدا زیاتر ئەوەی راگەیاند کە ئەم زانکۆیە،، جگە لە وەرگرتنی ئەم ژمارە زۆرەی قوتابیان، وە بەمەبەستی زیاتر پێگەیاندنی کادیری لێ هاتووی زانستی، بایەخی فراوان دەداتە خوێندنی بالا و لێکولینەوەو لایەنی تیئوری و بەجێ هێنان، لە چوارچێوەی ئەم بایەخ دانەش چەندان خولی تایبەتی راهینانی کردوتەوە بۆ شارەزابوون لە دیارترین ئەو گۆران و پێشکەوتنە گەورەیەی لە بواری زانیاریو کاری زانیاریدا هاتوتە دی، بۆ ئەم مەبەستەش بایەخ ئەداتە تاقی مانە زانستی یەکانی بۆ زیاتر شارەزابوون، و بەکارهێنانی شێوازی نوێ لە و بوارە زانستی یانەدا... لەهەمان کات، زانکۆی صلاح الدین، تەقەللا دەنوێنێ باشترین هۆی خزمەتگوزاری بۆ قوتابیان زامن بکات، بەتایبەتی بەشی ناوخۆیی قوتابیان و دەستەبەرکردنی هۆی حەسانەوەی تەواو لە سالی نوێی خوێندندا...

شێرزاد. لقی هەولێر

وێنەکێ تر لە ئیرانەوە

ئەو دە دەقیقەیەی زالەی ئاخوندەکانی تەرەکاند!!

● سەر لەئیوارەی رۆژی هەینی ی پێنجی ئەیلوولی ١٩٨٦، رۆژێکی وەك رۆژەکانی تری ژیانی دانیشتووانی تاران نەبوو، رۆژێکی مێژوویی بوو، نەك هەر بۆ دانیشتووان، بەڵکو رۆژێکی پڕ ترس و توقینەر بوو بۆ ئاخوندەکان، لەو ئیوارەیەدا ، کاتژمێری نۆ ، ئەو کاتەی «رەفسەنجانی» لەمالی خۆیدا دانیشتبوو، بە فیزو نازەوە تەماشای خودی خۆیی دەکرد، لە پەردەی تەلەفزیۆنەوە «خوتبەی جومعەی» دەخوێندەوە، لە ناکاودا وێنەکەی

نەماو دەنگی پچراو، لە جیاتی ی بەرنامەیەکی تری دەستی پێ کرد، لەلایەن بەرهەڵستکارانی رژێمەوە پەخش کرایەوە، لەبەرنامەکەدا ئالای کۆنی کاتی شا دەرکەوت، سرودی ئەو دەمە بەرگوێ کەوت و چەند دیمەنێك لە بەرێکردنی تەرمی شا پیشان درا، پاشان کورەکەی شا دەرکەوت و بۆ دانیشتووان دووا ، ئەو بەرنامەیەماوەی دە دەقیقەی خایاند،

لەو کاتەدا کە دە دەقیقەی بوو، بۆ ئاخوندەکان بە دە سال ژمێردرا، درێژترین کات بوو، هەرچەندیان دەکرد بۆیان نەدەچووە سەر، شێت و هار بون، پاسدارەکان وایان زانی رژێمە گەندەڵەکەیان رووخا، رەفسەنجانی خۆی ئامادەکرد هەڵ بێت وای زانی کوودەتایەك رووی داو، ئاخوندەکان نەمان، خامەنەئی کون نەبوو خۆیی تیدا بشارێتەوە، خۆی بۆ

ئەوە ئامادەدەکرد ، بە کوودەتاچی یەکان بڵێت من هیچ بەدەست بووم، هەموو شتێك بە دەستی رەفسەنجانی بوو، ئەوە باری نالەباری خومەینی هەر مەپرسە، لە حەوت ژێرخان دا خۆی لە کونە مشك ئاخنیبوو، ئا ئەو دە دەقیقەیە وای بە نیمچە پیاوەکانی قوم وتاران کرد، زالەی تەرەکاندن، وەك شێت و هار پەلاماری ئەم لاو ئەو لایان دا، هانی پاسدارەکانیان دا کەوتنە وێزەی خەڵك وخواو ئاگری ئازاری پترتریان ئاراستەکردن!!

● بەڵێ ، بەو جۆرە بەرهەڵستکارانی رژێم، دەتوانن دەنگی خۆیان بە هۆی پەردەی تەلەفزیۆنەوە بگەیەننە شاری تاران و، بەرژێم بڵێن، ئێوە رەوتەنین و ، نوێنەرانی گەلانی ئیران بەم زووانە لەسەر کارتان لادەبەن و، فەرمانڕەوایی بۆ گەل دەگێڕنەوە..

ئەگەرچی هاتنە سەر کاری رژێمی ئاخوندەکان بە [illegible] بوو، ئەوا رووخاندنیشیان هەر بە هۆی کاسێتی ڤیدیۆو تەلەفزیۆنەوە دەبێت،

ئەوەتا بەرهەڵستکاران توانیان سوود لە هۆیەکانی تەکنەلۆژیا وەربگرن و دەنگی خۆیان بگەیەننە تاران و لە پەردەی تەلەفزیۆنی رژێم و لەقەنالی (دە)وە لەگەڵ دانیشتووانی تاران و شارەکانی تردا بدوێن، کە ئەمەیش سەرکەوتنێکی مێژوویی یە لەم بوارەدا دژ بە رژێمی ئاخوندەکان تۆمار دەکرێت و واتایەکی فراوانیش دەبەخشێت کە ئەو رژێمە گەندەڵە خەڵك دەکرێت و واتایەکی فراوانیش دەبەخشێت کە ئەو رژێمە گەندەڵە خەڵك سەرکۆت کەرە ، بەو هەموو دام و دەزگایانەی لەژێر دەستیدان ناتوانێت بەرەنگاری چالاکی بەرهەڵستکاران بێتەوەو، ناتوانێت بەری وزەو شالاویان بگرێت ، نەك هەر ئەوەیش بەڵکو لە لایەنی راگەیاندنیشەوە زۆر لاوازو بێدەستەڵاتە، تا رادەیەك بینەران تەماشای بەرنامەکانی

تەلەفزیۆنی رژێم ناکەن و ئەو بەرنامانەی لە پەردەی تەلەفزیۆنی کۆماری عیراقەوە، بەزمانی فارسی، ئاراستەی دانیشتووانی ئیران دەکرێن، سەرنجی هەموو لایەکیانی راکێشاوە، تا ئەو رادەیەی کە بینەران بە ڤیدیۆ تۆماریان دەکەن و بۆ خزم و کەس و کارەکانیان دەهەنێرن تائەوانیش سوودیان لێ ببینن.

نەك هەر ئەوەیش، بەڵکو زۆر لەدانیشتووانی شوێنە دوورەکانیش دێنە شوێنەکانی نزیك بە سنووری عیراق ، تا لە نزیکەوە تەماشای بەرنامە فارسی یەکانی تەلەفزیۆنی بەغدا بکەن و لەنزیکەوە ئاگاداری چالاکی ی بەرهەڵستکارانی دژ بەرژێم و دەنگ وباسەکانی سەبارەت بە رژێم بن.

● بەڵێ، بەو شێوەیە چالاکی ی بەرهەڵستکارانی رژێم لەپەرەسەندندایەو رۆژ لە دوای رۆژ پتریش پەرەدەستێنێت تا ئەو رادەیەی رژێم بەرەو هەڵدێری رووخان دەچێت، سەرەرای دەست وەشاندنە توندەکانی سەربازانی عیراق لەبەرەکانی جەنگ و ئەو سەرکەوتنانەی هەڵو بەرجەگ و

نەبەردەکانی قادسیەی صەدام دژ بە دەست و پێوەندەکانی ئاخوندەکان دەیوەشێنن و تۆماریان دەکەن و، وا دەکەن تەمەنی ئەو رژێمە چەپەڵە کورت تر بێتەوەو ژێر پێی نابووت بوون بکەوێت، ئەو رۆژەیش لە ئاسۆوە هەڵ دێت و زۆر نزیك بووەتەوە.

● ب. شەپۆل ●

قوماندارو مللەت

● مختار فائق ●

دەمێ سەرۆکێ قوماندار صدام حسین رادبیت بوان سەرەدانا بۆ ناڤ گوندو ماڵێت کورێت مللەتی داکو بەرێ خۆ بکەتە بارو زرووفێت ژیانا وان و مەرو مالاتێ وان و ژیانا وانا کۆمەڵایەتی.. وەکو سەرەدانا هەر بابەکی دهێت بۆ کورێت خۆ داکو بەرێ خۆ بکەتە ژیانا کورێت خۆو کێم و کاسی یێت وان چارەسەر بکەت..

براستی.. کێم سەرۆکێت دەولەتا هەنە.. ورەنگە هەر کەسێ دی نەبیت وەکو سەرۆکێ قوماندار صدام حسین دەمێ هەر هەیامەکی رادبیت بسەرەدانا کورێت مللەتێ خۆ داکو گرفتاریێت وان چارەسەر بکەت و چ کێم و کاسی وان هەبن بۆ وان چارەسەر بکەت و هەول ددەت هندی ژێ بهێت کو رێیەکێ یادرست بۆ ببینیت داکو گرفتاریا وان بۆ چارەسەر بکەت.

ئەڤەژی هەمی پشتی شەش سالان ژشەری.. پشتی کو ئەم چوینە دسالا حەفتێدا ژ شەرێ مەیێ پیروز دژی دەستەکا زولم و زوردارێ لتەهرانێ..

پشتی کو بۆ هەمی جیهانێ خویا بوی کو ئەمێ لسەر حەقێو راستێو ئەمێ بەرەڤانیا مافێت خۆو بیرو باوەرێت خۆ یێت پیروز یێ دکەین.

ئەڤەیە عیراق و ئەڤەیە مللەتێ عیراقیو ئەڤەیە سەرۆکێ مەیێ قوماندار دناڤ کورێت مللەتێداو هەر گاڤ و هەر دەم خەما کورێت مللەتی دخوێت و گرفتاریێت وان چارەسەر دکەت... بەلێ کانێ حاکمێت.. تەهرانێ... و کانێ کورێت مللەتێت ئیرانیو وکانێ ئیران..

حاکمێت ئیرانێ یێت خۆ ڤەشارتین دکونجەکێڤە لباژێرێ قوم. کورێت مللەتێت ئیرانی ژی یێت پەرت و بەلاڤ بوین ئەڤجا یێ هاتیە کوشتن لبەرەیا شەرێو یێ هاتیە ئێخسیرکرن لعیراقیو یێ سەقەت و بریندارەو چو جهـ بۆ نینن لنەخۆشخانێ تێڤە بنڤیت.. یێ رەڤیو شیای خۆ قورتار بکەت و خۆ بگەهینتە ئەورپا داکو برەڤیت ژ دۆزەخا خومەینی... وێت دی ژی یێت هاتینە رێزا بەرگرێ.. دژی رژێما ئیرانێ کار دکەن.. ژبلی وێ خرابیو وێرانیا کەنیە ناڤ ئیرانیو ئەو برسیو معویزیو خیزانیا بەلاڤ بوی دئیرانیداو تێکچونا بارێ ئابوری نەخاسمە پشتی وان دربیت دژواریت فروکەڤانیت مەیێت پاڵەوان دانایە گزیرتیت خەرەج و سەریو لاڤان و گەلەك دام و دەزگەهێت دی یێت نەفتێ یێت ئیرانی.

بەلێ عیراق.. ئەڤە مللەتێ وی بیت و صدام حسین سەرکێشێ کاروانێ مە یێ سەرکەفتی بیت دێ هەرێ سەرکەفتی بیت و سەرفەراز بیت..

Institut Kurde de Paris

دەقی نامەکەی سەرەکی فەرماندە صدام حسین بۆ قوتابیان لەسەر بازگاکانی مەشق کردن دا

لە دەستدرێژییەکەیان پەشیمان دەبنەوە

بڕیاری مەشق کردنی ١٠٠ هەزار قوتابی یەکەمین بڕیارە

لە جۆری خۆی لە عیراق و نیشتمانی عەرەب دا

بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان بۆ هاوڕێ قوتابییەکانم و هاوڕێیانی چەك.. ئەی برایان ڕۆڵەکانی عێراقی مەزن.

پاش ئەوەی بڕیاری ئەوە درا کە هەندێ قوناغی خوێندنتان بخرێتە ئۆردوگای مەشق کردنەوە لەگەڵ خۆمدا باسی ئەوەم دەکرد کە پێویستە وتارێکتان ئاراستە بکەم و بەهۆی ئێوەیشەوە بۆ گەلی عێراق و بەپێی ئەوەندەی کە بارو دۆخی شەڕ ڕێگابدا باسی ئەو هۆیانەتان بۆ بکەم کە لە بەردەممان و لەناو مێشکمانا کۆبووبەوەو وایان لێکردین کە بڕیاریوا دەربکەین کە بریتییە لە مەشق پێکردنی ئەم ژمارە زۆرەیەی قوتابیانی کۆلێج و پەیمانگاکان چونکە یەکەم بڕیاری لەم چەشنە بوو لە عێراق و لە نیشتمانی عەرەبدا بەلای کەمەوە..

من دەزانم و ئێوەیش دەزانن کە چەندەها کۆمەڵ لە قوتابیان پێش شەڕو لە کاتی شەڕیشدا مەشقیان لەسەر چەك هەڵگرتن دەکردو.. هەندێکیشیان شەرەف بەشداریکردنیان دەستگیر بووبوو لە بەرەی شەڕیا نەختێ لەپشت خەتەکانی شەڕەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکێکی نیشتمانیی پێوز.

بڕیارێکی بێوێنە لە جۆری خۆیدا

بەڵام بڕیاری مەشق پێکردنی سەد هەزار قوتابی پێکەوەو بەپێی بەرنامەیەکی ڕاستەقینەو بە سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی خوم و سەرکردایەتیو بۆ ماوەی چوار مانگ لەمەوبەر ڕووی نەداوەو بێوێنەیە لە بابەتی خۆیدا... کەوایە بۆ ئەم بڕیارەمان دەرکردو.. بنەماو بارودۆخەکەی چییە..

پێش شەڕ پرسیارێ سەریکردبوە سەرمان.. ئایا کوڕەکانمان، وەك باوکەکانیان دەبن کە لە ئەوەی ئێمەن... یا لەو ئەوەیەی کە لەپێشمانەوە یا لەپاشمانەوەیە لە گوێپێدانی قووڵدا بە کاروباری نیشتمانیو کاروباری گەل و نەتەوە.

لەمەیش گرنگتر ئایا لە ڕادەی ئەو بەرگەگرتن و توانایەدا دەبن لە لەش و ئەقڵ و دەروونداً.. کە ئێمەی تیابووین... بەتایبەتی پاش ئەوەی عێراق کەوتە خۆشیەوە یا بە ڕێگای ئەوەدابوو کە بکەوێتە خۆشی ژیانی بەختەوەریەوە پاش ئەوەی سیاسەتی شۆڕش سامانەکەی بۆ ئەم ڕێیە تەرخان کردبوو.. لەنێوانی ئەو وردە پرسیارانە ئەمە بوو... ئایا ژیانی تازەبابەت ئەوەی لاوان لە ڕۆڵەکانمان و کوڕەزاکانمان دەگەنێنێو دووریان دەخاتەوە لەو توانایەی کە پێویستە بۆ بنیاتنانی نیشتمان و بەرگریکردن لێیو کارێکیوا دەکا ئەو قسەیە بێتەدی کە دەڵێ (سامان و گەورەیی باپیران دەیهێنێتەدیو ڕەنگە باوکانیش بیپارێزن بەڵام زۆرجار کوڕەزاکان لە دەستی دەدەن چونکە دوورن لەو بارو دۆخەی کە تیا هێنراونەتەدیو خولقێنراون... یا لەپێناویا ئارەق و خوێنیان نەڕشتوە) بۆ هێنانەدیو بەرگریکردن لێیان...

وەڵاممان لەسەر ئەمە هەمووی ئەوەبوو کە شتی باش و خراپ بەستراون بە قوناغەکەیان و بارو دۆخ و تواناو سیاسەتی ڕاست و هەڵەوە لەبەر ئەوە باشەو خراپە ڕێدەکەون لە شەخسیەتی کوڕو کوڕەزاکانمانا لەبەر ڕووناکیی ئەو ڕێبازەی کە شەخسیەتیان لە بنیاتیا وەریگرێو هەروەها لەبەر ڕووناکیی ئەو ئەرکانەی کە پێیان دەسپێرێ چونکە چەندە بنیاتنانی شەخسیەت لەسەر شێوەیەکی ڕاست بێو چەندە ئەرکی مێژوویی بخرێتە سەرشانی ئەو ئەوەیەی کە مەبەستە بۆ بنیاتنان یا بۆ پاراستنی بنیات ئەوەندە هۆکارەکانی تواناو داهێنان لە شەخسیەتی ئادەمیزاددا پەرەدەسێنێو بەگوێرەی ئەم لێکۆڵینەوەو بە ئەنجام گەیشتنە سەیرمان کرد لەلایەنی پەروەردەکردنەوەو لەلایەنی ئەو سەرئەنجامە ئیجابییانەوە کە دەمانەوێ بیانگەینێ ڕاست نیە قوتابیان لە پشووی هاویندا لە شەقامەکاندا بسووڕێنەوەو تووشی جۆرەها شت ومەکی سەلبی ببن کە لە بێکاریەوە پەیدا دەبن لەوکاتەدا کە براو باوك و مام و خاڵۆکانیان لە جەنگی ئەو دوژمنەدا بن کە هەرهشە لە بوون و کاروبارە پێوزەکانمان دەکا بەو دەستدرێژییە بەردەوامەی کە دەیکاتە سەر عێراق.

پاش ئەمەیش ئەو جەنگاوەرانەی کە دووچاری هەموو ئەوە دەبن کە لەبارەی بارو دۆخی شەڕەوە دەیزانین پێویستیان بە هەستێکی هەمیشەییوا هەیە کە بەشێکی گەلێکی مەزنن و ئەم گەلەیش لە هەموو بوارێك و قووڵاییەکیا لەگەڵیانایەو لە دڵا لەگەڵیانا دەژیو بارو دۆخیان و قوربانیەکانیان لای ئەم گەلە دیارە بە هەموو توێژاڵ و تاقمێکیەوە.

لەبەر ئەوە لاوە جەنگاوەرەکان کە لە بەرەکانی شەڕ گەرانەوەو سەیریان کرد لاوانی لە تەمەنی خۆیان و وەك خۆیان لە شەقامەکانا دەسووڕێنەوەو لەگەڵ کاتی زیادەدا مامەڵە دەکەن یا بەلای کەمەوە هەندێکیان مامەڵە لەگەڵ جۆرە چالاکیەکی هیچ وپووچدا دەکەن ڕەنگە ئەمە بەشێوەیەکی خراپ کاربکاتە سەر تاویان و پێوەندییان لە بەرەی شەڕدا بەشێوەیەکی قووڵ و سەرئەنجامی.

بەڵام کاتێ کە سەیردەکەن لاوانی زانشگا مەشق دەکەن لەسەر چەك بۆ ئەوەی پاشەکەوتێکی.. بێبڕانەوە بن بۆیان و... لە هەمان کاتیشدا خوشك و دایکیان لەسەر چەك مەشق دەکەن ئەمە وزەیەکی نائاسانییان دەداتێ لە پاڵ پێوەنان بەجۆرێ کە تاویان گەرم دەکاو پەرەی پێدەداو سوورتری دەکا بەرووی خومەینییە بەدەکانا.

برایان بیروباوەری شۆڕشەکەتان لەسەر ئەوە دانراوە کە لاوان ڕۆڵەی شۆڕشن و... ئەو نەوەیەی کە خۆی ئامادە دەکا بۆئەوەی ئەرکی نیشتمانی بگرێتە ئەستۆ لە جۆرەها لای ژیاناو ئەمانە ڕۆڵەی ڕواڵەتە باشەکانی عێراقییەکانن و ڕۆڵەی هیچ ڕواڵەتێکی نزم تین کە هیچ گیانلەبەرێك هەیبێ.. هەتاکو ئەگەر باوك یا مام و خاڵیشیان بن... چونکە ئەمانە ئەوەی شۆڕشن چ ئەوانەی کە تەمەنیان پێش شۆڕش دە ساڵ بوە یا کەمتر یا زیاتر یا ئەوانەیان پاش شۆڕش لەدایك بوون.

هەموویان یەك حاڵەتن لە چوارچێوەی ڕواڵەتە گشتییە باش و پێوزەکانی عێراقییەکانا.. نەك چەندەها حاڵەتی دژ بەیەکتر با جیاواز لە ڕواڵەتی سەرەکیی نیشتمانیدا ئەمانە هەموو یەك چین و یەك توێژاڵن... کە بریتییە لە چین و توێژاڵی شۆڕش نەك چەندەها چین و توێژاڵی جیاجیا یا ناکۆك وەکو ئینتیمای باوك و خزمەکانی تریان.

ئەوەی لاوان بەشێکە کەرت کەرت ناکرێ

شۆڕش هەرچەندە کە بەرپابوو سەیریکرد کۆمەڵگای عێراق بەش بەش بووە بە چەندەها چین و... توێژاڵی جیاجیاو ناکۆکەوە.. هەوڵ دەدا بۆ ئەوەی هەمووی عێراق بکا بە یەك حاڵەتی نیشتمانی لە ڕێبازی گشتیدا... هەرچەندە خەڵکەکانی جیاجیا بن لە تواناو... بەڵگەنامەو.. ڕواڵەتە تایبەتییەکانی تردا.. بۆ ئەوەی هیچ کەسێ لە دەرەوەی ئەم حاڵەتەوە نەبێ... ئەوانە نەبێ کە سوورن لەسەر سوود وەرگرتن لە دەرەوەی سنووری قانوونەوەو... سوورن لەسەر ئەوەی کە جیابنەوە لەم حاڵە تازەیە.. یا ئەوانەی کە خەیانەت لە نیشتمان دەکەن..

ئەگەر ئەمە بێ نیازی پتەومان لە سەرکرایەتیداو... ئەمە بێ نیازی شۆڕش و ڕۆڵە پاڵەوانەکانی لە سەرانسەری عێراقدا.. ئەوە بەشێوەیەکی باشتر ئەوەی لاوان کە قوتابیان بەشێکین بە بەشێکیوا دابنێین کە ناکرێ بەش بەش یا کەرت کەرت بکرێو ناکرێ دابەش بکرێ بەسەر هیچ ڕواڵەتێکی نارەسەنی وادا کە نەگونجێ لەگەڵ بیروباوەری شۆڕشدا..

هێنانەدی ئەم دروشمانەیش پێویستی بە کارێکی بەرنامەدارە کە پاڵ بە لاوانەوە بنێ بۆ مەیدانەکانی کاری چاکەو دروستکردنی ڕاست، کە دووریانخاتەوە لە لەرێلادان بە هەموو شێوەیەکیەوەو هەمیشە بە بەشی شۆڕش و نیشتمان بیانهێڵێتەوە.

هەوڵ و تەقەلای شۆڕش بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگای تازە یا لەپێناوی بەرگری کردن لە بنیاتی تازەو نیشتمان دووچاری بەرژەوەندییە نارەواکانی هەندێ لا بوو، یا لە جێبەجێ کردنی قانوندا بوو بە هۆی ئەوەی هەندێ کەس تووشی بەندیخانە یا گرتن یا لە ئیش دەرکردن یا خانەنشین کردن بێ لەوانەی کە بەپێی هەق و عەدالەت و قانوون پێویست بوو بخرێنە ناو ئەم وەسفەوەو هەندێ کوڕ یا برایان ڕەنگە لەبەر هەندێ هۆی دەروونیی تایبەتی ئەمەیان پێ ناخۆش بووبێو ڕەنگە هەندێ لە ڕۆڵەکانی کۆمەڵگایش بە تێڕوانین و هەڵسەنگاندن ئابڵۆقەیان دابن...

لە ئەنجامی تاوانی خزمەکانیان بەجۆرێکیوا ئەمە دەروونی ڕووشاندبن یا بریندارکردبن..

لەبەر هەموو ئەم بۆچوونانەو، بۆ چارەکردنی هەموو ئەو کەم وکوڕتییانەی کە باسمان کردن وامان بە باش زانی کە قوتابیان یەك حاڵەتی ئامادەبوون بن لە مەیدانەکانی مەشقکردندا بۆ بەرگریکردن لە نیشتمان... چ لەو گەرماو گڕەی خۆری هاویندا کە دەیکێشن و ئەو تەپ و تۆزەی کە لە گۆڕەپانەکانی مەشقکردندا بەسەریانا دێ یا لە خواردنی قسەدا کە هەموو کوڕانی بازرگان و مەللاك و سەرکردە سیاسییە گەورەو وەزیرەکانی تیا یەکسان دەبێ لەگەڵ کوڕی جەنگاورە جووتیارو کرێکارەکاندا بێجیاوازی هەرچەندە کەمیش بێ لەبەرئەوە هیچ قوتابییەك ناتوانێ هەرکەسێ بێ بە برادەرەکانی بڵێ ئەو لەوان باشتر خۆی ئامادە کردووە بۆ خزمەتکردنی نیشتمان و.. کاتێکیش کە بانگ دەدرێ بەرەو بەرەکانی شەڕ... لە چوارچێوەی ئەو بووچوونەدا دەبن کە دەڵێ جەنگاوەر هەقی ئەوەی هەیە بەسەر سەرکردەکانیەوە کە بارو دۆخی ئامادەبوون و توانای تەواوی بەکارهێنانی چەکی بۆ ئامادەبکا بۆ بەرگریکردن لە نیشتمان و دژی دوژمن لەو کاتەدا کە لەسەر ئەویش پێویستە بەرگری لێ بکا.

■ تاقیکردنەوەیەکی پرشنگدارو مەزنە

ئەمەی لێی دەدوێین، تاقیکردنەوەیەکی پرشنگدارو مەزنە، من دڵنیام کە شوێنەواری چاك و قووڵی خۆی لەسەر شەخسیەتی هەموو کەسێ کە پێیەوە پابەندبووبێو هەروەها لەسەر خێزانی پێوزی عیراقییش جێ دەهێڵێو ئەو لاوانەی کە هەموو گیانیان زیندوییە گۆڕەپانەکانی مەشق کردن و ئەوانەی سەرپەرشتیان کردوەو کاروبارەکانیان ڕاپەڕاندوە بە درێژایی ژیانیان یادەکەنەوە.

ئەوان پێش مەشقکردن پرۆژەی پیاوان بوون، ئێستاکە لەسەر سەرەتای ئەو ڕێگا ڕاستەدان کە دەبنە پیاوانێك نیشتمان و خێزانیان پێ دەپارێزێ..

عیراقیە جوامێرەکان

هاوڕێ قوتابیەکانی ناو گۆڕەپانەکانی مەشقکردن

لەو کاتەوە کە شوێنێکی کاریگەرمان لە کاروانی حزب دا لەکاتی تێکۆشانی نهێنیدا بۆ بوو یەکێك لە هەموو شتێ زیاتر من و هاوڕێکانم بیرمان لێدەکردەوە ئەوە بوو کە هەمیشە حیساب بۆ ئەوە بکەین کە دوری سنووری بەرچاوی کاروبارێ، ئەم ڕێبازەلە بیرمان داو لە ڕەفتاران دا پتەوبوو دوای ئەوەی بەرپرسیاری مانایەکی فراوانتری لە ئەرك و ویژدان و بیرمان دا دوای سەرکەوتنی شۆڕش وەرگرت، لەبەر ئەوە بارو دۆخی دژوار هیچ ڕۆژێك لەڕۆژان مەچەکی شۆڕشی لەپشتەوە نەنوشتاندەوە.

لەسەر بنچینەی ئەم حیسابکاریە پێویست بوو لەسەرمان کە سەنگێکی ناڕاسایی لە توانای عیراق بۆ ڕووبەڕووبوونیو ئەو دروشمەی دوژمنی مایەپووچمان تەرخان بکەین کە وای هەڵکردبوو ئیمساڵ کاروبار لەرێی سەربازییەوە کۆتایی پێدێنێ.. جاچ لەوەی لە ساڵی زایینیدا ماوەتەوە یاخود ئەو ماوەیەی لە ساڵی ئێرانیدا ماوە کە لە ٢١ی ئاداری ساڵی ١٩٨٧دا دوایدێ.. لەو توانایانەی بیرمان لە گردکردنەوەو ئامادەکردنیان کرد توانای ژمارەیەك لە قوتابیەکان بوو و سەرکردایەتی بڕیاری دەرکرد کە تەنیا سەدەهەزار قوتابی لە قوتابیانی کۆلیج و زانستگاکان بۆ گۆڕەپانەکانی مەشقکردنی ڕاستی بەرین بۆ ئەوەی بیان خەینە حیسابی خۆمانەوە لە ڕووبەڕووبوونی ئەو حاڵەتانەی نادیارو ناحیسابکراوەو کە دەکەوێتە دەری مەوداوە.

ئێمە مەردایەتی عیراقیەکانمان دەزانی ئەو ڕۆژەی کە بە ناوی هەموویانەوە دروشمی مەزنێ عیراقیەکانمان دەرخست (مەیدانکاری لەگەڵ فەرمانڕەوا دەستدرێژیکەرەکانی ئێران دا دەکەین کە ئیمساڵ بکەنە ساڵی بنەبڕ)... دڵێرەکان بەرەو ڕێگای سەربەرزی کشان.. هەر یەکێك وزەی کاری چەندو جۆر بەرەو ئەو پەڕی بەرز دەکردەوە.. هەموان پیاوو ئافرەت لە گۆڕەپانەکانی ڕاستەوخۆی جەنگ دا یان لە قوڵاییەکانیدا بەشداریان کرد ئەستێرەکانی دڵسۆزان درەوشانەوەو ئاسمانی عیراقیان لەو پەڕیەوە بۆ ئەو پەڕی بە مەردایەتیو قوربانیو کردەوە پڕکرد..

ئاواتی خومەینیەکان لەناو چوو و کەللە سەرەکانیان درەوکران

لە ئەنجامی ئەمەدا ئاواتی خومەینیەکان لەناوچوو و کەللە سەرەکانیان لە پێنج هەوڵی دەستدرێژیکەردا درەوکران.. ویستبان ئێمە پێ لاوازبکەن و بەو هەوڵەی کەلێن لە دیواری هێڵەکانی بەرگری کردنمان دا بکەنەوە کە بە ئیمانی دڵێرەکان و قوربانیو چاوی کراوەیان کە ئاگری قینی دژی شەڕفرۆشە دەستدرێژبکەرەکان لێ هەڵدەستێ پتەوکراوە.

وەك ئەریتی خۆیان جار دوای جار هەوڵیان دا.. لە کەرتیکەوە چوون بۆ کەرتێکیتر بینیان پیاوان لە هەموو کەرتەکان دا وەك یەکن ئەگەرکی لە پلەی تایبەتکارییان دا جیاوازبن ئەوان ڕۆڵەی دڵسۆزی عیراقن دڵسۆزن بۆ خاك و شەرەف، هەمویان هەموو پێداویستێکی جەنگیان بۆ تەرخان کراوە ئەگەر تێکەڵ بە ڕەگەزی مەردایەتی لە ئازایەتیداو خاسیەتی نیشتمانپەروەریەتی لە دڵسۆزیو ئیمان دا بوو دەتوانێ هەموو هێرشێکی دوژمن هەرچییەك جۆرو قەبارەو ڕێبازی بێ پووچەڵ بکات.

نائومێدی خومەینیەکان هەرچەندێك هەوڵ بدەن بەشێوەی درۆو جادوگەری دایپۆشن دەستی بەخواردنی ژێر خۆیان کردوەو پیسترین درۆزن لە جیهان دا لێی دوور دەکەوێتەوە..

بەم چەشنەو لەبەر هۆی تری زۆر کە ئاشکران خۆکوژکردنەوەی مایەپووچەکان پەکی کەوت و تەتەوعیان بەرەو قەسابخانەی مردن چوو و ئەو زۆرنایانەی پێشتر توانای سەرکەوتنی بۆ ئامادەکردبوون وای لێهات لە چارەنووسیان دەترسا ئەگەر لەسەر سەرکێشی خۆیان بەردەوام بن لەبەر ئەوە دەستیان کرد بە کێشانی ڕێگای پاشگەزبوونەوە لە قسەکەیان کە (عیراق لە دۆخێکی لاوازدایە).

عیراقیە جوامێرەکان

فەرمانڕەوا مایەپووچ و گومان لێکراوەکانی ئێران کەوتونەتە قۆڵتێکی دژوارەوە جادووگەرە گەورەکەیان خستونیەتە ئەمەوە.. لەبەر ئەوە بە پێی ڕێبازی دەستدرێژیکەرانەیان ناچارن لەسەر دەستدرێژی بەردەوام بن.. بەڵام ئەمجارە لە هەموو جارێ زیاتر لە دەستدرێژیو هەڵەیان لەسەرەتاو لە کۆتاییدا ئائومێدتر دەبن و ئالای عیراق بەکەشەداری سەرکەوتنەوە بەرز دەبێتەوەو لە گەڵیدا دەنگی عیراقیەکان (خوا گەورەیەو سەرشۆڕیش بۆ بێ ئابڕوەکان) لەگەڵیدا دەنگ دەداتەوەو ئاشتی چەسپاو لەبەردەم دەرفەتی ڕاستەقینەو بەڵگەی قووڵ و مەودادارا دەڕەخسێ.

زۆر لە کاروبارمان دا پێش دوژمن کەوتوین

هەموو ئەمەو هەموو ئەو بیروڕایانەی دەرمابنرین شوێنی بیرکردنەوەمان بوو کاروبارمان لەگەڵ هاوڕێکانم لەسەرکردایەتیدا هەڵسەنگاندو کۆبوونەوەیەکی هاوبەشیمان بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و سەرکردایەتی قوتری بەست.. دوای ئەوەی ڕای سەرکردایەتی گشتی سەبارەت بە تێکڕاییەکی زۆری پەیوەندیدار بەم کارەوە گەیشتین.. گەیشتینە ڕایەکی یەکجاری کە ئێمە لە کاروبار ڕیکخستنمان دا لەڕووی چەندو چۆنەوە زۆر پێش دوژمن کەوتوین و بۆ ئەمە سوپاسی خوا دەکەین.

ئەو توانایەی لەدەست سەرکردایەتیدا هەیە بەشی ئەوە دەکات هەر هێرشێك تێك بشکێنێ هەرچەك جۆرو قەبارەی بێ.. ئێمە لەسەر ئەم بنەڕەتە پێویستیمان بە بەشداربوونی قوتابیان نیە لە گۆڕەپانەکانی جەنگ دا ئەو قوتابیانەی کە لە سەربازگاکانی مەشق کردن دا ئامادەمان کردون.

ڕادەی ئەو مەشقەش کە بەدییان هێناوە شارەزاییەکی ئەوتۆی داونەتێ کە دەبنە پاڵەوانی بەهێز لە گۆڕەپانەکانی جەنگ دا ئەگەر سوپایان لەهەر وەخت و بارێك دا پێویستیان پێیان بوو.

لەبەر ئەوە گەرانەوەمیان بۆ کورسیەکانی خوێندن لە کاتێك دا کە پسپۆڕەکان دیاریدەکەن خۆیان و مامۆستاکانیان و مامۆستاکانیتر ڕێگەی دروستی نیشتمانییە هەمویان لەسەریانە کە دروشمە مەرکەزییەکەیان بڵند بکەنەوە.. لوولەی تفەنگ دەکەین بەپێنووس و مێژووی مەزنی عیراقی پێ تۆماردەکەین و نووکی قەڵەمەکانمان دەکەین بەنێزەو لەسنگی دوژمنانی داگیرکەری دەچەقێنین.

تاقیکردنەوەکە تەرزێك بوو کە شانازی پێوەدەکەین ئەی گەلی مەزنی عیراق...

تاقیکردنەوەی مەشق پێکردنی قوتابیان بەم قەبارە گەورەیەو دانانیان لە ناوەندی ئەم دۆخە پەروەردەییە گەشەدارەدا.. تاقیکردنەوەیەکی مەزنە لەوانەیە بێتە حاڵەتێکی جێگر ئەگەرچی لەسەرەتای هەموو تەعتیلێکی ساڵانەدا کاروباریتر وەربگرێ.. من لەم بۆنەیەدا ستایشی خێزانی پێوزی عیراقی دەکەم بەرامبەر ئەو ڕۆڵە نیشتمانیو پەروەردەییەی هاوبەشی تێدا کردوە بۆ ئەوەی ئەم تاقیکردنەوەیە بکاتە تەرزێك شانازی پێوەبکەین، سوپاسی پیاوان لەو سەربازە تەقاویتانە دەکەم کە نیشتمانپەروەریەتی پێوزو قووڵ لە دەرونیان دا قوڵپ دەداو لەگەڵ تەمەن گەورەیی هەندێکیشیان دا بەرەو گۆڕەپانەکانی مەشق کردن دەیانبات بۆ ئەوەی ئەو پیاواتە ئامادە بکەن کە لە شەرەفمەندی بەرپرسیاری لە چەك بە دەستەوەگرتن بۆ بەرگری لە عیراق دوای خۆیان بەجێ دەهێڵن.. دوای ئەوەی حاڵەتی تەقاویتی وایلێکردون بەرپرسیاری نیشتمانی لە شوێنێکیترەوە ڕەفتاردەکەن.

سوپاسی مامۆستاکانی کۆلیج و ئامادەییو سەرمتاییەکان دەکەم ئەوانەی لە گۆڕەپانەکانی مەشق دا نموونەیەکی باش بوون بۆ هاوڕێ قوتابیەکانیان.

هەروەها سوپاسی ئەو لاوانە دەکەم لە قوتابیانی کۆلیجی سەربازیو دەستەی مامۆستایان و سەرچاوەی سەرکردایەتی گشتی لەو ئەفسەرانەی کە لە حەماسەت و کاردا لە بەجێهێنانی ئەرکی نیشتمانیدا مەشخەڵێکی گەشەدار بوون خوا گەورەیەو سەرشۆڕبن بێئابڕوەکان.

صدام حسین

١٩٨٦/١٠/٤

Institut Kurde de Paris

له یەکەم چاوپێکەوتنی بەڕێز سەرەکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن بۆ «هاوکاری»

پرۆژەی گەشەسەندنی بەردەوام

- شێرزاد عبدالرحمن -
لقی هەولێر

ئەوەی ئەمڕۆ لە ناوچەی کوردستاندا هەستی پێ دەکرێ، ئەو گەشانەوە بەردەوامەیە کە هەموو ڕوویێکی ناوچەکەی گرتۆتەوەو بریتیە لە دەستی ئاوەدان بوونەوە لە ڕووی بیناکاریو گەشە سەندن و دەیان پرۆژەی هەمە چەشنە کە ڕووی شارەکانی کوردستانی گۆڕیوە...

بێگومان لەم پەرەپێدانە دیارەدا، دام و دەزگاو ئەمینداریتیەکان ڕۆڵی خۆیان هەیە، بۆ دەرخستنی دیارترین ئەو گۆڕانە گەورەیە بەڕێز سیروان جاف، سەرەکی نوێی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی کوردستان لە یەکەم ئاخاوتنی دابۆ - هاوکاری - دەست نیشانی دیارترین ئەو پرۆژانەی بۆ کردین و لە بەسەرکردنەوەیەك دا ووتی:

* ئۆتۆنۆمی کوردستان ڕیگایەکی زۆری بڕیوەو گەیشتۆتە ئەو قۆناغە کە گۆڕان و پێشکەوتن لە هەموو لایەنەکانی ئابووریو پەروەردەو کۆمەڵایەتیو بیناکاریو تەندروستیو کشت وکاڵ بێنتە دی، سەرباری ئەو جەنگەش کە سەپاندراوەتە سەر وڵاتەکەمان هێشتا پرۆژە بەردەوامە، بنیات نان لە هەموو بوارێکی ژیاندا بەدی ئەکرێت، چونکە ئەگەر جەنگ لای ئێران هەر ڕووخان بێت، جەنك لای ئێمە جەنگ و بنیات نانە، بۆ ئەوەی ژیان و پێشکەوتن بەردەوام بێت... بۆیە چالاکیەکانی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن و دام و دەزگاکانی بەتێکڕا لە پێناو گەشانەوەی ناوچەکەو بەختەوەری هاوولاتیانە، ئەمەش لە هەموو بوارێك دا ڕەنگ ئەداتەوە...

● پەروەردەو فێربوون ●

بەڕێزی لە چاوپێکەوتنەکەدا، دەستی بۆ ئەوە برد کە لە بواری پەروەردەو فێرکردندا، هەموو هۆیەکی فێرکردن هاتۆتە دی، لە ئامادەکردنی کادیری شارەزاو زامن کردنی پێویستی جۆراو جۆر کە مەسەلەی پەروەردە بخاتە قۆناغێکی ترەوە... ئەمیش لە ڕێگای دامەزراندنەوە، هەروەها چاك کردنەوەو دامەزراندنی قوتابخانەو باخچەی منداڵان و زۆر کردنی قوتابخانە پیشەییەکان و دەست کردن بەبەستنی چەندان خولی تایبەتی ڕاهێنان و ئەڵقەی لێکۆڵینەوە لە هەموو لایەنە پسپۆرییەکاندا بەو شێوەیە کە پەروەردە وفێربوون لەگەڵ سەرجەمی گۆڕانەکانی ژیانی تازەماندا بگونجێو دەرگای فێربوون لە هەموو هاوولاتیەك بکرێتەوە.

● کشت وکاڵ و... ئاسۆی پاشەڕۆژ ●

ئەوەی لە بواری کشت وکاڵدا هاتۆتەدی، هەروەکو بەڕێزی دەری خست، گۆڕانێکی تەواو دەرئەخات لە بەرەو پێشەوە بردنی کاری کشت وکاڵ.. ئەمینداریتی کشت وکاڵ، بایەخی فراوان دەداتە پێش کەش کردنی خزمەتگوزاری کشت وکاڵ بۆ جوتیاران و گەلێك پێویستی ڕۆژانەیان بۆ ئامادە ئەکات، لە هەمان کات بیر لەوە دەکاتەوە، بەپێی نەخشەی خۆی، ڕێو شوێنی گونجاو پێش کەش بەجوتیاران بکات لە لایەنی ڕابەری کردن و بڵاوکردنەوەی هوشیاری کشت وکاڵداری... ئەمەش کارێکی ڕاستەقینەی کردۆتە ڕادەی بەرهەم زۆربوون، ساڵانە بەرهەم لە زیادبوونە، جگە لە کردنەوەی دەیان پرۆژەی گەورەی کشت وکاڵ لەوانە پرۆژەی پێشکەوتنی کشت وکاڵ لەعەینکاوەو پرۆژەی ئاوەدێری کەلەك و پرۆژەی دەشتی هەولێر کە خێزانە جوتیارەکان بەڕادەی [٤٠٣٠٠] هەزار دۆنم کەڵکیان لێ دیوەو ئەوەی [کەلەك] کە پانتایی بە هەردوو قۆناغ

گەیشتە [٣٧٠٠٠] هەزار دۆنم و دەیان پرۆژەی تر لە بواری هەڵکەندنی بیر.

● ڕۆشنبیریو لاوان و... هەنگاوی دیار ●

ئەرکی ئەم ئەمانەتە قووڵ کردنەوەی پەیوەندییە لەگەڵ ڕۆشنبیران و بەرەو پێشەوە بردنی بزوتنەوەی لاوان و پشتگیری کردنی بزوتنەوەی دیاری ئەدەبیو هونەریی.. ساڵ نیە، دەیان کتێب چاپ نەکات و یارمەتیەکی زۆری نووسەران نەدات جگە لە دەرکردنی گۆڤاری - کاروان - و ڕۆژنامەی - کاروانی وەرزش - و سازکردنی دەیان کۆڕ لەلایەن مەڵبەندو بەڕێوەبەرایەتیەکانی، بەتایبەتی ڕۆشنبیری جەماوەر، هەروەها سازکردنی دەیان پیشانگاو شانۆگەریو گۆرانیو مۆسیقاو چاوەدێری کردن و پشتگیری ڕاستەوخۆی چالاکی لاوان و پەرەپێدانی وەرزش و وەرزشەوانەکان بۆ گەیشتن بە ئاستی خواستی پاشەڕۆژ.

● کاروباری ناوخۆ ●

ئەم ئەمانەتە، بەردەوامە لە زامن کردنی پێویستی خوێندنی ناوخۆیی بۆ ئامادەکردنی مامۆستای کوڕو کچ و وەرگرتنی بینایی قوتابخانەکان و چاك کردنی، دیسان، ڕێك خستنی بودجەی بەڕێوەبەراتیە ناوخۆییەکان و، بایەخ دان بە مەڵبەندەکانی ئاگر کوژانەوە، بەتایبەتی لە سەردەمی جەنگدا، کە ڕۆڵی دیاریان هەبووە.

● چالاکی شارەوانیو گەشت وگوزار ●

بەپێی بارو دۆخی ناوچەی کوردستان، مەسەلەی گەشت و گوزار بایەخی خۆی هەیە، بۆیە، ئەم ئەمانەتە بەردەوامە لە مەسەلەی پرۆژەی شارەوانیو هاوینە هەوارەکان، لە ساڵی ڕابردوودا بەردەوام بوو لە کۆنگرەکانی، لە هەمان کات، وە بەپێی نەخشەیەکی گونجاو، بەردەوامە لە ئاوەدان کردنەوەی هاوینە هەوارەکان و گازینۆو هۆیەکانیتری حەسانەوە.. بەڵام شارەوانی، سەدان پارچە زەوی دابەش کردۆتە سەر هاوولاتیان.

● کاروباری کۆمەڵایەتی... ●

ئاشکرایە ئەم ئەمانەتە ئەرکی هەردوو وەزارەتی تەندروستیو کاروباری کۆمەڵایەتی ڕادەبەڕێنێ، بۆیە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ هاوولاتیاندا هەیە... لە ڕێگای دامەزراوی نەخۆشخانەو مەڵبەندی تەندروستیو عیادە گەلیەکان و دام و دەزگای کۆمەڵایەتی وەك دەزگای بەساڵا چوان و پەك کەوتەو کوێرو خانەی بە خێو کردنی هەتیوان و... لە هەموو ئەوانەشدا ساڵ بەساڵ پرۆژەی نوێ پێش کەش دەکرێ بۆ خزمەتی هاوولاتیان.

● ئابووریو دارایی ●

بەڕێز مامۆستا سیروان جاف لەم بەسەرکردنەوەدا، ئەوەی دەرخست کە ئەمینداریتی گشتی ئابووریو دارایش، ئەرکی خۆی بۆ دیارکردنی بودجەی ئەمینداریتیەکان ڕاپەڕاندووەو هەوڵی داوە بۆ ئامادەکردنی پێویستی ڕۆژانەی بازاڕو لایەنی بازرگانی.. لە هەمان کات دەوری چاکی دیوە لە ڕووی - پشکنین - ەوەو ساڵی ڕابردوو گەلێك هەنگاو لەم بارەوە بە ئەنجام دران.

● بیناکاریو پێشکەوتن ●

ئەمینداریتی گشتیی کارو نیشتەجێ کردن، دەیان پرۆژەی گەورەی بەجێ هێناوەکە هەموو دام و دەزگاکان دەگرێتەوە، لەمەشدا متمانەی کردۆتە سەر نەخشەیەکی ساڵانە کە هەوڵ بدرێت ناوچەکە بگەشێتەوە.. بەتایبەتی بەسەرکردنەوەی پرۆژەی بەڕێوەبەرایەتی کارو دروست بوونی چەندان بیناو دەزگا کە هەزاران دیناریان تێ چووە لە پێناو بەردەوام بوون لە نەخشەی پەرەپێدان.

● ئەی کاروباری ئایین؟! ●

لەمەدا، ئەمینداریتی ئەوقاف ڕۆڵی ڕووناکی خۆی هەبووە، چ لە چاوەدێری کردنی پیاوانی ئایین و چ لە بایەخ دان بە مزگەوت و شوێنە ئایینیەکان و چاك کردنەوەیان..

هەروەها لێژنەکانی هوشیاربوونەوەی ئایینی دەوری دیاری خۆیان دیوە.

● جەنگ و.. ژمارەی ڕووناك ●

بەڕێزی، ئەوەی ڕوون کردەوە، کە ئەوەی باس کرا، تەنیا

بەسەرکردنەوەیەکە، بەڵام ئەگەر بێت و بەووردیو بەژمارە لە تەواوی کارو کۆششی هەریەك لە دام و دەزگاکان بکۆڵینەوە، دەگەینە ئەنجامی ڕووناکتر کاتێك دەبینین ئاستی ئەو بایەخ دانە گەورەتر دەبێت.. لە پێناو گەشانەوەی کوردستان و پێش کەش کردنی هەموو قوربانییەك بۆ ئەم عیراقە ئازیزە هەروەها بایەخ دانی سەرکردایەتی شۆڕش و سەروکی خۆشەویستمان صدام حسین بۆ ناوچەی کوردوستان تینیان ئەداتێ بۆ پێش کەش کردنی هەموو توانایەك لە پێناوی ڕەوتی سەرکەوتن دا.

Institut Kurde de Paris

ب هەلکەفتنا حەفتیا قادسیا صدامی: -

پێشانگەهەکا دوریارا ل دهوکێ

د چوار چۆفێ بزاڤێت پارێزگەها دهوکێ ب هەلکەفتنا حەفتیا قادسیا صدامی. جوانترین پێشانگەها دوریاراو نەخشا ل هولا خویندنگەها گولستان هاتە ڤەکرن بۆ هونەرمەندا زیرەك و چەلەنك (جانی رزقو زکو) ل ڕۆژا ١٩٨٦/٩/١٠ ژ لایێ بەرێز ڕێڤەبەرێ گشتی یێ پەروەردەو زانستێ ل دهوکێ. براستی بۆ جارا ئێکێ ئەم پێشانگەهەکا بڤێ رەنگێ پێك هاتیو جوان دبینین یاکو گەلەك جورێت جلکاو پاتا ب رەنگێت شەپال تێدا هاتبونە پێش نیارکرن. ئودا پتر سەر هلبینە سەرەتایا ڤێ کارێ کارکنی مە ئەڤ پێکەتنە دگەل ماموستایا بەرکەتیو هونەرمەندا ژێهاتی (جانی رزقو) کر ئو بەری کو ئەم پسیارێت خو بهلاڤێنە بەروێ پێنڤیە ئەم وێ ب هەوە بدەینە نیاسین. ل سالا ١٩٥٩ ل دهوکێ هاتیە دنیایێو دەرچویا خانیێ ماموستایانە ل دهوکێ ل سالا ١٩٧٩ ونهە فەرمانبەرە ل ڕێڤەبەریا گشتیا پەروەردێ ل دهوکێ.

● ئەرێ ژکەنگی وەرە تو تێکەلیێ دگەل دەزیو دەرزیکا دکەی؟

- هەرژ بچویکانی من حەژ دوریارا دکرو من واز ژێ نەئینا هەتاکو گەهشتیمە ڤێ قوناغێ.

● تەج سەربور دڤی مەودایی‌دا هەیە؟

- ب ئەگەرا هندێ کو ئەم ب گەلەك پێشانگەهێت فێرگەهی رادبوین مەسەربورەکێ خنێ ژکارێت خو وەرگرت. هەروەسا هاریکاریا مال بومن پتر ئەز پالدامە پێش.

● ژبلی ڤێ پێشانگەهێ تە چ پروژە بۆ پاشە روژێ هەیە؟

- مەنەە چەند دەورە پێت هەبن، ئو ئەز سەرپەرشتیا وان دکەم پشتی کو ئەم بدوماهی بینین ئەزا ل بەر کو پێشانگەهەکا مەزنتر ژڤێ ڤەکەم و ژدەرڤەی دهوکێ ژی دانم.

● تو چ ئامیرەت دکارێ خودا بکار دئینی؟

- ئامیرەتێت مە گەلەك دساکارن. دەزیە. دەرزیکە.. پاتەیە - ئیسفەنجە. دانتیلە. کارتونە. رەنگن. هەلبەت بکار ئینانا ڤان ئامیرەتا ئێك ژئێکێ جیاوازە. چونکو هەر کەسەك دزانیت دەزیو دەرزیکێ بهلگریت.

● ل دوماهیێ ئەم ژ دل سوپاسیا هونەرمەندا هێزا دکەین و هیڤیا مە بەردەوام بون و سەرکەفتنا وێ یە دڤێ رێبازا پیروزدا..

رمضان عیسی
لەقی دهوك

ب هەلکەفتنا حەفتیا قادسیا صدامی:

میهرەجانەکا هونەریو شانۆگەری ل دهوکێ..

ب چاڤدێریا هاوریێ جمال خضر عبدال ئەندامێ قوماندا‌ریا لەقێ دهوکێ یێ پارتا بەعسا عەرەبیا هەڤپشکی میهرەجانەکا هونەریو شانۆگەری ل دهوکێ هاتە گێران ژ لایێ ریڤەبەریا بزاڤێت فێرگەهی ل روژا ١٩٨٦/٩/١٠ ئو ئەڤ بزاڤە هاتنە پێش کێش کرن:

● پارچەکا موسیقی ل بن ناڤێ (لەیزینەکا هنگاری) یا موزیکڤان

یوهان برامن، ئەگەرانا تیپا بزاڤا فێرگەهی ب سەر کێشیا هونەرمەند (ولید خالد).

● ئوپەرێتا (بەسرەیا خوگر). پەیڤێت سەیدا قسیم عفراوی. ئاوازێ ولید خالد.. دەرهێنانا ئازاد عبدالله وبایز عمر احمد.

● ئوپەرێتا (صدام روژا مەیەو هەیڤا مەیە) پەیڤێت سەیدا خالد حسین. ئاوازێ هونەرمەند ولید خالد دەرهێنانا ازاد وبایز.

● شانۆگەریا (ئەم هێلینێ ناهێلین) دانانا سەیدا نزار محمد سعید. دەرهێنانا ازاد عبدالله. ریڤە بەرێ بەرهەمی اسماعیل عبدالقادر.

ئو دڤێ میهرەجانێدا هژمارەکا مەزن یا رەوشەنبیر وخەلکێ دهوکێ ئامادە ببون.

رمضان عیسی
لەقی دهوك

ئێرانی وێران و جەنگ

نازاد عبدالصمد

ئەو ڕژێمەی کە لە ڕەسەن دا بۆ خزمەتی نەتەوەو گەلەکەی خۆی نەهاتبێتە سەر کورسی فەرمان ڕەوایی، باکی بە وێران کاری و دوواکەوتن و برسیەتی و دەربەدەری نەتەوەکەی نی‌یە. ئەو ڕژێمەی کە خوێنی ڕۆڵەی وولاتەکەی خۆی لا هەرزان بێت. باکی بەوەی نی‌یە جەنگ چەند دەخایەنێت، ئەنجامی شەڕەکان چۆن دەبێت، چونکە لە ڕەسەن دا ئەو ڕژێمە لەناو جەرگەی گەل و ئاواتەکانی هەڵ نەقوڵاوە. بگرە بە ئامانجێکی دیاری‌کراوو لەلایەن ئیمپریالیزمەوە هەڵ دەبژێردرێت بۆ ئەوەی بیکا بە کەرەستەیەك لەپێناو دابین کردنی ئامانجەکانی خۆی..

سەرۆکی پێشەوا هەڤاڵ صدام حسین لەم چەندانەدا لە چاوپێ‌کەوتنێ لەگەڵ کۆمەڵێ لەسەربازی شۆڕەسوارەکانی عیراق پەنجەی بۆ ئەو مەسەلەیە درێژکردو ووتی: نەخێر ئێمە پێیان خۆش نی‌یە کە ئەوان هێزش بێنن لەبەر ئەوەی ئەگەر لووتی یەکێ لە سەربازەکانی ئێە برینداربێ ئێمە پێیان خۆش نی‌یەو ئازاری پێوە دەخوێن.

ئەمە ئەو تێڕوانینە مرۆڤایەتی‌یەیە کە سەرکردایەتی عیراق هەیەتی بەرامبەر بە ڕۆڵەکانی، هەر ئەم تێڕوانینەش بیوو وای لە عیراق کرد کە لەیەکەم هەفتەی جەنگ لەگەڵ ئێران دا داوای ئاشتی بکات. چونکە عیراق لە ڕوانگەیەکی مەوزوعی و ڕامیاری و مرۆڤایەتی‌یەوە دەیڕوانی‌یە پاشە ڕۆژی جەنگ، دەیزانی کە تەنیا لەڕێگەی ڕێك کەوتن و ئاشتی دەتوانین گیروگرفتەکانمان چارەسەری بکەین.. نەك لە ڕێگەی شەڕ، عیراق بەو چاوە دەیڕوانی‌یە کێشەکانی نێوان عیراق و ئێران بۆیە هەناسەی درێژ بوو لە بەگژدا هاتنی ئێران و پەلاماردانی بۆسەر سنووری عیراق و ئاژاوە نانەوە لە ناوخۆدا، کە ئەو حەلە عیراق لەبەر هەندێ ئینعتیباراتی تایبەتی قەستی ئەوی نەدەکرد کە لەگەڵ ئێران دا بەرەنگار بێتەوە هەر نەبێ لەبەر ئەوەندەی کە دوو دەوڵەتی موسڵمان و دراوسێن.. جگە لەوەی کە عیراق بەر لە زۆر لە وولاتانی‌تر هەستی بە مەترسی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم کردبوو لە ناوچەی عەرەبی‌دا.. دەیزانی کە جەنگ لەو سەردەمەدا تەنیا لە بەرژەوەندی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم دایە.. بۆیە هەتا پێ‌ی‌کرا دانی بەخۆی‌دا گرت، پێ‌ی لە جەرگی خۆی‌نا بەرامبەر بە دەست درێژیەکانی ئێران.. هەتا ئەو ڕادەیە کە ئێران یێ دەنگی عیراقی بەلاوازی‌و بێ‌دەسەڵاتی تێ‌گەیشت.. بەڵام لەبەر ئەوەی ئێران هیچ بەڵگەیەکی بە دەستەوە نەبوو بۆ ئەوەی بەرگری خۆی پێ‌بکا، بەئاشکرا ئامانجەکانی خۆی ڕاگەیاند لە دەست بەسەر داگرتنی عیراق و تێك هەڵ کێش کردنی خاکی عیراق بە خاکی ئێران و پاشان دەست بەسەر داگرتنی وولاتانی تری دراوسێ‌ی وەکو کەنداوی عەرەبی.. وەکو خۆیان دەڵێن بەنیازی دەرکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوە.

هەر لە سەرەتادا ئەمە نیازی ئێران بوو، بۆیە هیچ دەست پێش خەریەکی عیراق سوودی نەدا، بە ناردنی یاداشت و نامەی تایبەتی، بۆیە ئێران عیراقی ناچاری ئەوە کرد کە دەستە پاچە نەوەستێ‌و دەست هەڵبێنێ، بۆ ئەوەی بەرگری لەخۆی بکا..

ئەم جەنگە هەر لەڕەسەن دا بەشێك بوو لەو پرانەی کەکۆلکە مەلاکانی ئێران بۆ شۆڕش دژبە «شا» دایان نابوو، تەنیا ئەوەندە نەبێ کە عیراق بە ئێستگەی دووەم داندرابو دووای ئێران.. چونکە ئەوان وایان ڕەن دەکرد کە گەلی عیراق وەکو گەلانی ئێران لەژێر جەورو ستەم دا دەناڵێنن سەرکردایەتی‌یەکەی لەگەڵ دابڕاوەو چ پەیوەندێ لەو نێوانەدا نەماوە.. ئەیان زانی گەلی عیراق لەوتەی شۆڕشی ١٧-٣٠ تەموزی بەرپاکردوە، خوێنی گرژاوە، ئەو سەرکردایەتیەی کە پێشڕەوایەتی ئەو میللەتە دەکات تەنیا لەپێناو ئاسوودەیی ئەوان و پاشە ڕۆژێ ڕۆڵەکانی ئارەق دەڕێژێ.. ئیستاکە گەل و سەرکردایەتی بوونەتە یەك پارچەو یەك چارەنووس..

کولکە مەلاکانی قوم وتاران ئەو ڕاستی‌یەیان نەدەزانی هەتا ئەوکاتەی بەرەنگاری عیراق بوونەوە، ئەیان زانی بۆ سمێل دێن و ڕیشیش دەخەنەبانی.. ئەیان زان ڕۆڵەکانی عیراق فێری بیروباوەڕی ڕاستەقینەو ئامانچی ڕەسەنیان دەکەن.. ئەیان زانی عیراقیەکان ئاوا ڕوو ڕەش دنیاو یامەتیان دەکەن. درۆو جادوکەریەتی‌یان ئاشکرا دەکەن و گەلانی هەڵ خەڵەتاوی ئێرانیان لێبە ئاگا دێننەوە.

ئەو جادوکەرانە دەیان دیست ڕەو ڕەوەی مێژوو ڕابگرن، چۆن ئێرانی بەستەزمان بەدرۆو دەلەسەکانیان هەڵ خەڵەتا، ئاواش عیراق لەبنیات نان و بەرەو پێشەوە چوون و ژیانی سەربەست ڕابگرن، وەیان ویست هەر ئەو سێدارەیە بۆ گەلی عیراق دابمەزرێنن کە گەلانی ئێرانی پێ ڕیسوا دەکەن و دەخنکێنن، دەیانویست.. ئیفین گەورەتر لە عیراق دا بکەنەوە، هەموو شتێك سەرەو ژێرکەن.. بەڵام عیراق، عیراقی صدام حسین بەمل کەچی‌و سەرشۆڕی ڕازی نی‌یە، بۆیە سەرۆکی پێشەوا صدام حسین هەر زوو فەرمووی عیراق ناکەوێت بەڵام ئەوەی دەیەوێت عیراق داگیر بکات دەبێ خاکێکی بێ مرۆڤ داگیربکات.

مادام عیراق لەو ڕوانگەیەوە بەرگری لە هەق و بیروباوەڕو بوونی خۆی دەکات، بەرامبەر بە گێژەڵوکەی زەردی تاران وەستاوە، کەنیازی هەڵکەندی عیراق هەیە لەڕەگ و ڕیشەدا، هەرگیز عیراق ناکەوێت، مێژووی پڕ لە خەبات و قارەمانیەتی خۆی لێڵ ناکات... شارستانیەتی خۆی ناروخێنێ، بۆیە ئێران ئەگەر لەوەندە زیارتیش درێژە بە جەنگ بدا لەوەندە زیاتر گەلە بەستەزمانە ماندووەکانی ئێران کۆکاتەوە، هەزار هێزشی لەوەندە گەورەاریش بکات بێجگە لە شەرمەزاری بەولاوە هیچی بۆ نامێنتەوە..

تا ئەو ڕۆژەی ئێران بەخوێن دەگاتە ئەو قەناعەتە کە تاکە ڕێگای چارەسەرکردن ئەوەیە کەمل کەچی یاسای دەوڵەتان بێت و لە ڕێگەی وتاو وێژکردنەوە لەبەرتیشکی عەدالەت و هەق و ناهەقی بەرژەوەندی هەردوو لا چارەسەری بۆ کێشەکانیان دابنێ.

هەر چەندە کە دەبوا ئێران هەر لە هەفتەی یەکەمی جەنگەوە پەنای بۆ ئەو داب ونەریت و خوو ڕەوشتە دەوڵەتی‌یانە ببردبا کە یاساو ڕژێمی هەموو دونیای لەسەر دەروات نەك خوێنی ئەو هەموو هەزاران بۆ گوناهە ئێرانیانە بەفیڕۆ بروات.. چونکە ئەمەیان تاقە ڕێگایەکەو چ ڕێگایەکی دیکە نی‌یەوا لە عیراقیەکان بکا مل کەچی زۆرداری‌و دەست درێژی.. بن.. بەڵام ڕژێمە کۆنەپەرست و ڕگەز پەرستەکەی ئێران درەنگ تێ‌دەگا، کاتێك کە ئاور لەڕابوردوو دەداتەوە، یان بیر لەو مەسەلەیە دەکاتەوە ئێران بەوێران کاری‌و ماڵ وێران دەدۆزێتەوە.

● فؤاد حسین ●

حەوت ساڵ ونیوە ئەم تاقمە گەوج و نەفام و درۆزنانە بەناوی «شۆڕش»ەوە حوکمی ئێران دەکەن.. بەدرێژایی ئەم ساڵانە گەلانی ئێران چاوەڕوانی دەسکەوت و بەخشش و گۆرانکاری‌و پێشکەوتن دەگەن.. چاوەڕوانی ئەوە دەکەن باری ژیانیان بەرەو چاکی بروات و گوزەرانیان چاك بێت.. یان لە گێرمەکێشەو گێچەڵ و ناکۆکی‌و باری ناڤاسایی ڕزگاریان ببێت...

بەلام ئەوەتا ماوەی دەسەڵات گرتنە دەست لەلایەن فەرمانڕەواکانی تارانەوە خۆی لە هەشت ساڵ نزیك دەکاتەوەو گەلانی ئێران هیچ دەسکەوتێك یان بەخششێك یان چاکەیەکیان لەم درۆزنانەوە نەدیت.. هیچ گۆرانیکیان لە بارەی سیاسی و کۆمەڵایەکی‌و ئابوری‌و ڕۆشنبیری‌و بارەکانی تری ژیان بۆ نەهاتەدی...

بەڵێ هەندێ گۆران و دەسکەوت و بەخشش پێشکەش بەم گەلانە کرا، ئەویش ئەمانەیە... کێشەکانی ئابوریی وولات و باری گوزەرانی خەڵکی گەیشتۆتە لوتکە ئیستا زیاتر لە سێ ملیۆن کریکار بێ‌ئیشن و بەتەپەری کەساسی دەژین.. گرانی‌و نەبوونی شتی خواردەمەنی بەدرێژایی مێژووی ئێران بەم ڕادەیەی ئیستا نەبووە.. بەم جۆرە دەبینین ئەوانەی تارادەیەك باری دارایی باشە ئێرانیان بەجێ هێشتووەو ڕوویان کردۆتە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا هەر نەبێت بە هێمنی‌و ئاسایی‌و سەڵامەتی دەژین و خۆیان لە مردن قورتار دەکەن.. زیاتر لە ٤٠ هەزار ئێرانییان لەسێدارە داوە...

باری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ڕۆشنبیری هەر مەپرسە چونکە مەلاکان بڕوایان بەم جۆرە شتانە نی‌یەو هەرگیز ناچێتە مێشکیانەوە.. دیسان نایانەوێ خەڵکی هوشیار بن و ئاگاداری پێشکەوتنی جیهان بن.. مەلاکان هەروەکو ڕاپۆرتی پسپۆرانی جیهانی‌و چاودێران باسیان دەکەن ئێرانیان بۆ سەدان ساڵ گەڕاندۆتەوە دواوە.. مەلاکان مێژەر لەسەرەکان بەو بڕواو بۆچوون و بیرە حوکم دەکەن کە لەسەدەکانی بەرددا چۆن بیریان دەکردەوەو بەو چەشنە حوکمیان دەکردو کێشەو ئاتەواوی‌و ناکۆکیەکانیان چارەسەر دەکردن. ئیستاش مەلاکان ئاوا ڕەفتار دەکەن.. پێشکەوتنی ئیستا ناچێتە مێشکی ئەم تاقمەوەو قایل نین بەوەی کەوا مرۆڤ بەم چەشنەی ڕەفتار بکات.. جا ئیتر بزانە گەلانی ئێران کەوتۆتە چ کۆست و نەهامەتی‌و ژیانێکی تاڵەوە.. ئیتر بزانە لە چ تاریکی‌یەکی کوشندەدا دەژیت و تووشی چ جۆرە نەهامەتیك بووە..!!

تەقەلا بۆ دەست پێشخەری‌کردن

لە شیلی نەوەك بقلەشێتەوە!

ڕووخانی مارکۆسمان لە فیلیپین دینێتەوە باد.

ئەو سەنگ و سووکی‌یەی بارو دۆخی شیلی کە ئەمەریکا ئەیکا، ئەوە ئەگەیەنێ کە هێزی کۆمۆنیستەکان و چەپڕەوەکان تێکڕا ڕوولەزیادی‌یە ئەمەریکا ترسی ئەوەی لێ نیشتووە کە لە سیاچارەیی ئەوا حیزبی کۆمۆنیستی شیلی توانیویەتی پاش ئەو کوتەکە مزرەی لە ساڵی ١٩٧٣دا تێ سرەوێنرا، زامی خۆی سارێژ کاتەوەو، لەو گەمارۆیە دەرباز بووە کە حوکمی سوپایی بەسەریا سەپاندبوو، ڕیزو هێزەکانی خۆی لەجاران باشترو پێشکەوتووتر ڕێکخستووەتەوەو، پاش حیزبی دیموکراتی مەسیحی بووە بە هێزی سیاسیی دووەمی شیلی. ئەمەریکا لای‌وایە ئەگەر ئەمرۆهەڵبژاردنێکی ئازاد لە شیلی بکرێ، حیزبی کۆمۆنیست لای کەمی ٢٠ ./. ی دەنگی دەنگدەرەکان وەدەست دێنێ. بێ‌گومان یەکێ لە ئامانجەکانی بڵاوکردنەوەی ئەم بۆچوون و سەنگ و سووکی کردنانە ئەوەیە ترس ولەرز بخاتە دڵی هێزە کۆنەکارەکانی شیلی‌و، ئەو هێزە دیموکراتانە سڵ پێ‌بکاتەوە لە تێکۆشان کە ئەمرۆ لە خەباتی گەلدا بەشدارن و، لە هەموو ئەمەیش بایەخدارتر مەبەستی ئەوەیە بڕوبیانوو بۆ دەس تێ‌وەردانی خۆی لە کاروباری شیلیدا بدۆزێتەوەو، هێزەکانی لای ڕاست و هێزە مام ناوەندی‌یەکان لە پشت سەری پرۆژەکانی خۆیەوە ڕێك بخا بۆئەوەی نەهێڵێ ئەوەی لێی ئەترسێ ڕووبدا کە گەیشتنی کۆمۆنیستەکان و لایەنگرەکانیانە بە کورسیی حوکمرانی.

(ڤاڵدیس)ی سەرۆکی حیزبی دیموکراتی مەسیحی‌یش هەر ئەم دڵەلەرزەیە دەرئەبڕی کە ئەمەریکا مەبەستیەتی بیخاتە دڵی هێزەکانی لای ڕاست و هێزە مام ناوەندی‌یەکانی شیلی کە وتی: «ئەمرۆ ژیانی سیاسیی شیلی بەدەست دوو لاوەیە کە یەکێکیان کۆمۆنیستەکان و ئەویان ژەنەڕاڵ پینۆشێتەو، هەرکامیان بگری خۆراك بە دەمی ئەویانەوە ئەگا. کارو کردەوەکانی ژەنەڕاڵ بیانوو ئەدەنە دەست کۆمۆنیستەکان کە هانی خەڵکەکە بدەن بۆ ئاژاوەنانەوەو هەلیانخرێنن و، پینۆشێتیش کارو کردەوەکانی ئەوان ئەکا بە بیانوو تا بکەوێتە سەختگیری‌و زەبروزەنگ نواندن». ئەمەیش بەئاشکرا ئەوە ئەگەیەنێ کە نەیارە هەرانەویستەکانی پینۆشێت ئەوەندەی لە ژەنەڕاڵ ئەترسن ئەوەندەیش لە دەسەڵات پەیداکردنی کۆمۆنیستەکان ئەترسن و بەڵکو پتریش!

هەر بۆیەیشە هێزە نەیارە هەرانەویستەکان سوورن لەسەر ئەوە کە لەگەڵ کۆمۆنیستەکان و لایەنگرەکانیان ڕێك نەکەون و، تائیستا قایل نەبوون لە یەك چوارچێوەی خەبات و تێکۆشاندا هاوبەشی‌یان لەگەڵ بکەن و، بە هەموو توانایان هەوڵ ئەدەن تەریك و تەرایان بخەن و دەسەڵات و کاریگەری‌یان لە دڵ و دەروونی گەلدا لاواز بکەن. تەنانەت پەلە سۆسیال دیموکراتەکانیش لایەنی نەیارە هەرانەویستەکان ئەگرن، کە ئەمەیش دەورێکی هەیە لە لاوازکردنی بەرەیەکی بەرپانداو نەیارەکان ئەکا بە دوو جۆرە نەیار. یەکێ لەو شتانەی ئەبن بە هۆی بەهێزبوونی نەیارە دیموکراتەکان [نەیارە هەرانەویستەکان] ئەوەیە کە کلیسا لە پشت سەری ئەمانەوە ئەوەستێ‌و کلیسایش هێزو دەسەڵات و کاریگەری‌یەکی فرەی هەیە. قەشەو ڕەبەنەکان و ڕێکخراوەکانی لاوانی سەر بە کلیسا، هەموو چالاکانە تێ‌ئەکۆشن بۆ گرتنەبەری ڕێگای ئاشتی‌خوازانە بۆ ڕووخاندنی پینۆشێت و داوا لە خەڵك ئەکەن کە دەسبەرداری بەکارهێنانی هێز بن و پەنا نەبەنە بەر بەربەرەکانێی‌وا کە بیانوو بدا بەدەست پینۆشێتەوە بۆ قەسابخانەنانەوە بۆ گەل.

بەم چەشنە نەیارە دیموکراتەکان کە دروشمی دژ بە ڕژێمی سوپایی هەڵئەگرن و جم وجوڵی لەدژ ئەکەن، جاری ئامادەیی خۆیشیان ئەدەن بۆ ڕازی‌بوون بە گواستنەوە بەرەو دیموکراسی. پینۆشێتیش ئاوا جیاوازیی هەڵوێستی نەیارەکانی لەناوخۆیانا ئەقۆزێتەوە تا مەیدانی مانۆڕکردنی خۆی بەدەرەتانتر بکاو درێژە زیاتر بە تەمەنی ڕژێمەکەی بداو، لای وایە هەندێ

بڕوانە ل ١١

لەخواروی ئەفریقیا

نلسون ماندیلاو... ٢٥ ساڵ لناڤ زیندانێدا

وەصفی حسن

بێ گومان هەمی خەلکێ جیهانێ یێ ئاگەهدارە لسەر وان ڕویدانێت خوێناوی ل ڕژیما «ژیریا ئەفریقیا».. ئەڤجا لژیر حوکمێ (بوتا)ی تاوانبار سەروك وەزیرێت حکمەتا ژیریا ئەفریقیا، لژیر حوکمێ وی ژیان قەدەغەیە بۆ مروڤێ ڕەش!! هەروەسا هەمی ڕۆژێ پولیسێت بوتای هێرشا دبنە سەر گوندو باژێرێت ڕەشا لژیریا ئەفریقیاو ب چەندەها خونیشاندان ئێت هاتیتە کرن دژی زولم و توخم پەرێسیا ڕژیما ژیریا ئەفریقیا...

ئەڤجا دناڤ ڤان ڕویدانێت دویماهیێ ل ژیریا ئەفریقیا گەلەك جارا مە ناڤێ (نلسون ماندیلا) گولێ دبیت و ناڤی وی گەلەکێ پیروزە لنك مروڤێت ڕەشێت بەرهەلستکار ل وەلاتێ ژیریا ئەفریقیاو ب دەهان پێکولێت دەولەتی‌و خو نیشاندانێت خوینناوی ئێت هاتینە سازکرن ژبو بەردانا خەباتکەرێ ناڤدێر (نلسون ماندیلا) ئەوی کو ئەڤە [٢٥] ساڵە دژێت دزیندانێت ڕژیما ژیریا ئەفریقیا یا خوینناوی!!

(ماندیلا)ی بڤان (٢٥) ساڵێت خەباتی‌و خوراگرتنێ ناڤێ وی ل هەمی جیهانێ بەلاف بۆو نهو ناڤێ وی یێ لسەر سەدان ئاڤاهیاو قوتابخاناو شەقاما جیهانێ.

ئەڤجادا پیچەك سەحکەینە خەبات و ژیانا ڤی خەباتکەرێ سیاسی یێ مەزن.

- ل ساڵا (١٩١٨) ل دەڤەرا [ترانسکای] ل وەلاتێ ژیریا ئەفریقیا هاتە دونیایێ، بابێ وی سەروکێ هوزا (تیمبو) بو لدەڤەرا وان.. لێ ماندیلا ژ بچویکاتیا خو حەژ جوتیاریێ‌و پەز خودانکرنێ دکرو گوهێ خۆ نەدا مەزناتیێ‌و دەولەمەندیێ‌و دەمێ بابێ وی مری نەفیا سەروکاتیا هوزێ بکەت و نەکرو دەڤەرا خو ترانسکای بجهـ هێلاو بخوینیت لزانستگەها (فورت هیل) لژیریا ئەفریقیاو لوێرێ خەباتا وی دەستپێکر دژی ڕژیما دەستکەکا سپی لوەلاتی‌و پشتی هنگی چو باژێرێ (جوهانسبورغ)و ماندیلای لوێرێ پتر بزواف کرو خەلك نیاسی‌و تێ‌گەهاند.

- ل ساڵا (١٩٤٨) دەمێ پارتا نیشتمانی یا ئەفریکانی هاتیە دامەزراند بسەروکاتیا ناوانبار (بوتا).. نلسون ماندیلاو هەڤالێت خو دەستەکا گەنجا (عصبة الشباب) دامەزراند دا بشێن بزاڤێ بکەن بشیوەکێ بەرفرەهتر.

- ل تەمەنێ (٤٥) ب شیوەکی ڕەسمی لناڤ بەرا (بوتا)ی‌و ماندیلا تێك چوو فەرەمانا گرتنا وی هاتە دان و وینێت وی لەلبەندێت پولیساو ڕوژنامە هاتنە بەلافکرن دا پولیس بنیاسن و بگرن.. بەرامبەر ڤێ چەندێ خەباتکەر ماندیلا دەست دا خەباتا نهینی‌و ب هندەك ناڤێت نهینی خەبات دکرو هندەك جارا پالەتی دکرو هندەك جارا شوفێری دکرو نێزیکی «٦» هەیڤا ڕەڤی‌و چو دەرڤەی وەلاتی‌و لدەرڤەی وەلاتی ماندیلا نەڕاوەستاو مەسەلا خەیال مروڤێت ڕەش بو گەلەك سەروکێت دەولەتاو سەروکێت پارت و ریکخراوا شروڤەکرو تێگەهاندن... هوسانی کاودانێت ڕامیاری ل وەلاتی گەلەك تەنگاف بوون و خوپیشاندان و گوشتن و گرتن ببونە کارەکێ ڕوژانە لژیریا ئەفریقیا.

- پشتی سالا (١٩٥٢) ئەوی دەست دا کارێ (پارێزەریێ)و ل سالا (١٩٥٥)ێ دەمێ گونگرێ ئێکێ یێ پارتا گونگرا نیشتیمانی یێ ئەفریقی هاتیە گرێدان ماندیلا دەورەکی بلند هەبو ب ریکخستناو کومکرنا (٣) هزار مروڤا ژ ئەندامێت ڤێ پارتێ‌و پشتی ڤی گونگری پارتا وان گەلەك بهێزکەفت و پتر بزاڤا خو توندکرو پروگرامەکێ شورەشگیرانە بوخو داناو لسەر چون.

- ل ساڵا (١٩٥٨) ماندیلا نیاسین دگەل (وینی) کرو پشتی ماوەکێ کورت بو هەڤالا ژینا وی‌و نهو دوو کچ ئێت هەین.

- ل ساڵا (١٩٦٠)و لخوپیشاندانەکێ ڕژیما دەستەکا سپی بەرێ لیلێت تڤەنگادا وان کەسا ئەوێت بڤێ چەندێ ڕایین و ل ئەنجام (٩٦) گوشتن و (١٧٦) بریندار کرن و ماندیلا ژی (٦) هەیڤا ئێخستە بەندیخانێ.

- ل ساڵا (١٩٦٢)و پشتی ماندیلا ریکخراوا (شیری گەلی یانکو (رمح الأمة) دامەزراندنی‌و ڤێ ریکخراوێ گەلەك کریارێت لەشکەری کرین.. فەرمانا گرتنا ماندیلای دەرکەفت و پینج ساڵا کەفتە بەندیخانێ‌و هێژ ئەو (٥) ساڵ تەمام نەبوینی.. ڕژیمێ ماندیلا بچەند کریارێت دی گوننەهبارکرو بریاردا کو حوکمێ وی بیتە ئەبەدی‌و هوسانێ ئەڤە (٢٥) ساڵە نلسون ماندیلا یێ دژیت دزیندانیت قاشیادا لژیریا ئەفریقیا... نهو ژی ماندیلا یێ بویە هیڤی‌و ئارمانج زو پێشەوا بو خەباتکەرێت ڕەش لژیریا ئەفریقیا.

de Paris
Institut Kurde

نقێم

محمد أمین پێنجوێنی

بەرلەوەی
ئەستێرەکەی ڕۆژ ماچێ بدا. . !
بەلوتکەی نوك تیژی چیا . . .
یاچریکەی مەلای مزگەوت
بمخرۆشێنێو بەشیوو دۆڵ شەپۆل بدا
گوێی داردەوەن کەڕ بکا. . .
پێش ئەوەی
سەمفۆنیای ئاوازی مەلان
خەو لە چاوم بتۆرێنێ
یا. . .
گوڵ بۆ (با) پێبکەنێو
هەنگە دەم بنێتە ناو دەمی. . . ، !
سروە لەتەك گرنگا بێو
لەرەی چڵ بێتە هاودەمی. . . !
گوێم
لەدەنگی ئاشنا بوو
لەگەڵ تەقەی مەنجەڵ و قاپ
تەدارەکی جەژنانەدا
بە هەنسکی بەکوڵەوە
ئاهی سەردی هەڵ ئەکێشا. . .
بەدەم سۆزەوە ئەگریا نەجەژنێ بوو نە دووان
نەسیان. .
تا. . . لێم پرسی دایکی بەڕێز. . .
بۆ کێیە لاوانەو شین
بۆکێ وا ئاخ دڵ گوشین. . .
وتی . . . کوڕم
تۆ نایزانی ، بیرت نایە
هێشتا چاوت بەئازاری ئەو دنیایە
نە پشکوتبوو. . . !
برایەکی جوانت هەبوو نۆبەرەم بوو. . !
لەتاو حەزی جلی جوان و پێلاوی‌سوور
تووشی سیل و زەردوێی بوو. . . !
هەموو جەژنێ وڕکی ئەگرت
تیژ ئەگریا
بۆ پاپوچ و بۆ بەرگی نوێ
بۆ جەژنانەو خەرجی باخەڵ
نەبو هیچ شتێکی بدەینی
نقێمێکی زیوم هەبوو
هی بوکێنیم مێخەك بەنێ؟

بۆم دا بە بەرگ و بە پێلاو
تا ئەمەم گەیاندە ئەنجام
ئەو کە تووشی زەردوێی بوو
فریا نەکەوت لەبەریان کا. . .
لە باوەشما
لەعەزرەتا گیانی دەرچوو. . .
ڕۆڵە بۆیە هەتا ئەمرم
فرمێسك ئەکەم بە ملوانکە. . . !
یەخەی پەروەردگار ئەگرم. . .
ئەستێرەش ئەکەم بە نقێم. . . !
چونکە گیانی کوڕەکەمە چۆتە ئاسمان. . !
لە پرچی وەك (کولوی) ئەدەم. . .
ئێوەی پێ پەروەردە ئەکەم. .

وێنەی تازە لە شیعری نالی‌دا

لەتیف هەڵمەت

لە کاتێکدا کە لەزۆربەی زۆری وڵاتاندا کێشەی کۆن و نوێ لە شیعردا براوەتەوەو تازەگەرێ جێ پەنجەی خۆی دیاری کردووەو وەکو درەختێك کرۆکی چەسپاندووەو لق و پۆپی بەرز بۆتەوە ئا لەو کاتەدا هێشتا لە کۆمەڵگای ئێمەدا گەلێ کەسی ڕۆشنبیرو نیوچە ڕۆشنبیریش هەن لە جەرگەی کۆرو دانیشتنە کانیاندا گاڵتە بە شیعری نوێ دەکەن و وێنە شیعری‌یەکانی هۆنراوەی تازەیان کردۆتە مایەی گاڵتە جاری‌و گۆڵەز هەر ئەڵێی ئاگایان لەوە نیە کە شیعری جیهانی گەیشتۆتە چ ڕادەیەك و چەندین ڕێبازو شێوازو قوتابخانەی وێژەیی لە جیهاندا هەیەو شاعیرانی وەکو یەفتۆشنکۆو ئیلوارو ئەراگۆن و نازم و مایکۆفسکی‌و نیرۆداو سەیاب و خەلیل حاوی‌و دەیەها شاعیری تری وڵاتانی دەوروبەردا وێنەی شیعری‌یان گەیاندۆتە چ بارێك و چ گۆرانکاری‌یەکیان لە شێوەو ناوەڕۆکی شیعردا کردووە. . من نامەوێ لەم وتارەمدا باسی شیعری ئەو شاعیرانە بۆ ئەو خوێندەوارە کوردانە بکەم کە ئێستا گاڵتەیان شیعری نوێ دێ‌و ئەگەر وێنەیەکی شیعریی تازەیان بەر چاوو گوێ بکەوێ سەیرە لایان و لاقرتێ‌ی پێ‌ی دەکەن. . بەڵکو حەز دەکەم پێیان بڵێم بیانەوێ‌و نەیانەوێ هەرچەندێ وا دەر دەبڕن کە سەرسامی شیعری کۆنن هەرگیز بەتەواوی ئاگاداری شیعری کۆنیان نین و نازانن شاعیرانیان لە کۆنیشدا هەوڵی ئەوەیان داوە کە لە شیعردا وێنەی دەگمەن و سەیر دروست بکەن بۆ سەڵماندی ئەم مەبەستەش من نامەوێ بە دیوانی هەموو شاعیرانیاندا بچمەوە بەڵکو هەندێ شیعری کەڵە شاعیری کورد نالی نەمر دەکەم بەبەڵگە جا ئیتر نازانم ئەو جۆرە کەسانە شیعری نالی بە شایەت قبووڵ دەکەن یان نا. . .

نالی دەڵێ:

زەفافەتکاهی یەردەی ئالی چاوم
موبارەك حەجلە بێ بۆ بووك و زاوا

دیوانی نالی/ ل ١٢٣

ئا لەم دێڕە هۆنراوەیەدا نالی چاوی خۆی کردووە بە جێ‌ی بووك گواستنەوەو سوورایی چاوی کردووە بەو پەردە ئاڵە کەجاران بۆ بووك و زاوایان دەگێڕاو تێکڕا چاوی کردووە بە جێ‌ی تایبەتی شەوی بووك و زاوا. . .

ئەم وێنەیە بەگوێرەی شیعری کۆن تازەیەو هەتا ئێستاش چەژی خۆی نەدۆراندووە.

لە هۆنراوەیەکی تردا دەڵێ:

فاتحە تەسخیرە شاری دڵ بەطابوری ئەلەم
موددەتێکی زۆرە پاتەختە لەبۆ خاقانی غەم

دیوانی نالی/ ل ٣٠٨

نالی لەو دێڕەدا دڵی خۆی کردوە بەشارو ژان و ئازاریشی کردووە بە لەشکرێك گەمارۆی ئەو شارەیان دابێ شارەکەش کە دڵیەتی کردوویەتی بەپایتەختی پاشای خەم. . ئەم وێنە پڕ لە هۆنەرکاری‌یانە هەمووی لەدێڕە شیعرێکی نالی‌دا جێ‌ی بۆتەوە. . من دڵنیام ئەوانەی گاڵتە بە وێنەکاری شیعری تازە دەکەن یان لە شیعر ناگەن یان دیوانی نالی‌یان نەخوێندۆتەوە یان گێرە شێعرێنن و دەیانەوێ ئاژاوە بنێنەوە. .

لە هۆنراوەیەکی دیدا دەڵێ:

وەرە با ئاگارێکی وەصڵی خۆمان
بخەینە قاوی عومری دوشمنی دین
ڕەقیب و مودەعی وەك پووش و پووشوو
پسووتێنین کەوەك بەرفین لەبەر قین

دیوانی نالی/ ل ٣٥١ - ٣٥٢

لەم دوو دێڕەدا نالی بەیەك گەیشتنی خۆی‌و یارەکەی بە ئاگر دەچوویەنێ‌و تەمەنی دوشمیش بەقاوو بەدکارو ناحەزیش بەپووش و قینی دڵی خۆی‌و یارەکەی لە دوژمن بە پرووسکە دەچوویەنێ. . ئەم وێنە جوان و ناسکانەی ئەم شیعرەی نالی چ لەو سەردەمەی نالی‌و چ لەم دەمەی ئێمەدا تازەن و مرۆڤ هەمیشە چەژی تازەیی لێ وەردەگرێ. .

نالی نەمر لە پارچە شیعرێکی تردا زۆر هونەرمەندا دەڵێ:

حوجرەکە ئاوسی بو وەعدەی خۆی بەهارێ بو بژێ
وەضعی حەمل کەوتە پایز نابەکام و ناتەواو

ل/ ٣٦٣

لەم هونراوە بەرزەدا نالی سك دادانی ژوورە تەپیوەکەی خۆی بە ژنێکی سك پڕ چووانـدووەو ڕووخانی ژوورەکەشی بە لەبار چوونی ئەو سکە چووانـدووە. . زۆر بەدڵنیایی‌یەوە دەڵێم ئەوانـەی کە گاڵتـەیان بەهەندێ وێنەی هۆنراوەی نوێ دێ لەم شیعرە هەرگیز وردنەبوونەتەوە چونکە ئەگەر وردبوونایەتەوە دەیانزانی واتای تازەگەری لەشیعردا چی‌یەو چی دەگەیەنێ. . .

لەگەشتەکەماندا بەدیوانی نالی‌دا ناتوانین لەلای هەموو تابلۆ تازەکانی‌دا لابدەین و لێ‌ی بدوێین بەڵام با گوێ‌ی لێ بگرین لەم هەڵبەستەشدا چی دەڵێ:

لەم پارچە لۆکە هەورە بەقەد ڕووی هەمو زەمین
بەم ڕایەڵە قەدیفەیی سەوزی هەجەب تەنی
بورجی درەختی سووزو بۆلەندی وەك ئاسمان
پێوە شکۆفە هەر وەکو نەجمن بەڕۆشنی

دیوانی نالی - ل/ ٦٦٣

چ وێنەیەکی شەنگە نالی کێشاویەتی چ هونەرمەندانە هەوری بەلۆکە چووانـدووە ئەنجا لۆکەکەی شی کردۆتەوەو کردوویەتی بەقەدیفەی سەوزو هەمـوو زەمینی پێ تەنیوە. . جگـە لەوەش درەختی بەرز هەڵچـووی بەئاسمان چووانـدووەو شکۆفەی پەل و پۆکانی بەئەستێرە چووانـدووە. . من لەو باوەڕەدا نیم ئەوانەی حەزیان لە شیعری کۆنەو گەمە بەهەندێ وێنەی شیعری نوێ دەکەن هەستیان بەبوونی ئەم جۆرە وێنانە کرد بێ. . بەڵام دڵنیاشیان دەکەم کە لەم جۆرە وێنە دەگمەنانە لە شیعری نالی‌و مەولەوی‌و بێسارانی‌و بابا تاهیرو فەقێ تەیران و دەیان شاعیری ترماندا زۆر زۆرە. . بۆ نموونە نالی لەشیعرێکی بەرزی تردا دەڵێ:

سەراپای گوارە زەردی ترس و لەرزە
دەڵێ‌ی حاصی بووە لەو جێگە بەرزە

ل/ ٤٤٨

لێرەدا نالی گوارەی ئاڵتـوونی گوێ‌ی بارەکـەی بەکـەسێك چوواندووە بەجێگایەکی بەرزەوە گیری خواردبێ‌و لە ترساندا زەرد هەڵگەڕابێ. . .

من بەدڵنیایی‌یەوە دەڵێم ئەم وێنە شیعری‌یەو سەدەها وێنەی دی لەم بابـەتـە زادەی هەوڵ و کۆششی نالی بووە لە بواری تازەگـەری‌داو ئەم هەوڵانـەش کە ئێستـا دەدرێ هەر پەرەپێدانی ئەم هەوڵا نەیە کەنـالی داویەتی. . من ناڵێم هەموو یا زۆربەی شیعری تازەی کوردی ڕەسەنەو دەبێ بەرگـری لێ بکـەین بەڵام دەڵێم لە ڕووبـەری شیعـری کوردی ئەمڕۆمانـدا کۆمەڵێ دەنگی ڕەسـەن هەن پێویستـە بەرگری لە بیروراو تاقی‌کـردنـەوەکانیان بکرێ. . . لە پاڵ ئەمانەشدا کۆمەڵێ دەنگی بۆش و پووچەڵ هەن و هەموو سەردەمێکیش هەروا دەبێ‌و هەر وابوون و ئەگەر وانەبوایە شیخ ڕەزای شاعیر نەیدەوت:

چونکە شاعیر زۆر بووە لەم عەسرەدا
بووەتە حەشری. . لەم جوجرەدا

لە دوایی‌دا حەز دەکەم گوێ لە مامۆستای نوێخوازی شیعری کوردی نالی بگرین کە لەم دێڕە جوانەدا چۆن مامەلە لەگەڵ ئەو گوڵەدا دەکات کە خۆی‌وا پێشانداوە لەیارەکەی جوانتر.

گوڵ کەپاخی‌و دەم دراو بو کەوتە لاف و ڕەنگە و بۆی
باخەبان گوێ‌ی گرت و واهێنانی بەدەستی بەستە بۆی

ل/ ٦٩١

ئەگەر بەپێوەریکی زانستیانە بیپێوین ئێمە دەزانین گوڵ پاخی نابێ‌و قسە ناکاو گوێ‌ی نیەو دەستی نیە بیەستێ. . بەڵام نالی نویخواز وەکو هەمو هونەرمەندێکی بەرز فڕو باڵا بیر لارو لەنجەی گوڵی بەلق و جڵەوە بەپاخی بوون دا ناوەو کاتێ باخەوانیش چووە گوڵێك بکاتەوەو پێشکەش بە کچی جوانی بکـا وای وێنەکێشاوە کە باخەوان گوێ‌ی گوڵی گرتووەو بەدەستی بەستە بۆ ئەو یارەی بردووە کەهەستی بەوە کردووە گوڵ لاق جوانی بەسەردا لێ دەدات. . .

لە کۆتایی‌دا دەڵێم نالی نەمر مامۆستای دانانی بیناغەی وێنەی تازە بابەت لە شیعری کوردی‌دا جانازانم ئەوانەی بەشیعری نالی‌یەوە سەرسامن ئەم ڕاستی‌یەیان بۆ بسەلێ ڕایان دەربارەی شیعری نالی دەگۆڕێ یا نا. . .

حیکایەتێك لە بەریتانیاوە

ئامادە کردنی هەرش محمد أمین

ماوەیەك لەمەوپێش حیکایەتێکی خۆش و سەرسوڕهێنەر لە جیهانی ئەدەبی ئینگلیزی‌دا ڕووی‌دا ، بوو بە باسێکی ئەدەبی گرنگ کە جیهانی ئەدەبی ئێمەش دووچاری بووە.

پاڵـەوانی حیکـایـەتـەکـە کچـە نووسـەری ئینگلیـزی بەنـاوبـانگـە (دوریس لیسنج)ە کە دانەنرێت بە بەناوبانگترین ڕۆماننووس لە بەریتانیا، ئێستـاکـە تەمـەنی ٦٥ ساڵانە ، لە هەموو ئەدیبان بەناوبانگترە تائیستا نزیکەی ١٧ ڕۆمانی درێژو کۆمەڵە چیروکی بڵاوکردوەتەوە، چەند جارێك بێجگە لە وڵاتەکەی خۆی لەلایەن وڵاتە ئەوروپاییەکانەوە خەڵات کراوە.

ڕۆمـانی یەکـەمی (گـۆرانی لەوەرگـاکان) کە ساڵی ١٩٥٠ دەرچ‌کرد بەگەرمی پێشوازی لێ‌کرد زیاتر لە نیو ملیۆنـدانەی لێ‌فرۆشرا.

مەسەلەکە بەکورتی ئەمەیە: ئەو نووسەرە بەناوبانگە بربیاری‌دا بچێتە تاقی کرنـەوەیـەکی نامـۆوە ئەویش بەنـووسینی نازنـاوێك لەژێر ڕۆمانە نوێ‌کەیدا، بۆئەوەی بزانێت ڕای دەزگا بڵاوکراوەکان و خوێنەران و ئینجا ڕەخنەگران دەربارەی چی ئەبێت.

کە ڕۆمانەکەی (بیرەوەری‌یەکانی دراوسێ‌یەکی باش)ی ئەواوکرد ناوی (جین سومرز)ی بۆ پاڵەوانی ڕۆمانەکە هەڵبژاردو خستیە سەربەرگی ڕۆمانەکە.

لەڕێگەی جێگری ئەدەبی خۆیەوە ناردیە دەزگاکانی بڵاوکردنەوەو پێ‌ی ووت پێیـان بڵێ ئەم نووسـەرە ڕۆژنـامـەنـووسە یەکەم جاریەتی ڕۆمان ئەنووسێت و ئەم ناوەش کە داینـاوە نازناوبەتی، جێگرەکەی یەکەم جار چووە دەزگـای (جـوناثان کیب) کە هەموو کات ڕۆمانەکانی (دوریس لیسنج)ی بڵاوئەکردەوە، دەزگاکە پاش هەفتەیەك قبوڵی نەکرد ڕۆمانەکە چاپ بکـات بەبێ‌ئەوەی هۆیەك بخاتە پاڵی. . . پاشان ڕۆشتە دەزگای (جـرانـادا) کە ئەم دەزگـایـە هەردەم نوسخـە میللیـەکـانی بۆ نووسەر چاپ ئەکرد ئەویش قبوڵی نەکرد چاپی بکات.

دوای گەڕانێکی زۆر دەزگای بڵاوکردنەوەی (مایکل جوزیف) قبوڵی کرد ڕۆمانەکە چاپ بکات ئەویش پاش چەند دەستکاریەك کە دوریس خۆی ڕێگـەی‌دان و ماوەی بڵاوکردنەوەی ڕۆمانەکە دیاری کرا لە ساڵی ١٩٨٣ ، سەرنـووسـەری دەزگـاکـە (فیلیبا هاریسون) پڕوپاگەندەیەکی زۆری کرد بۆ ڕۆمـانـەکـە پاش ئەوەی دوریس ڕاستی‌یـەکەی پێ‌وت و ڕیکـەوتن لەسەر ئەوەی ئەم شتە لە نیوانیاندا بە نهێنی بمێنێتەوە، پاش دەرچوونی ڕۆمانەکە سەر نووسەرەکە چەند دانەیەکی نارد بۆ ڕەخنەگران و ڕۆژنامەکان و گۆڤارەکان بەڵام کەس هیچی‌دەربارەی ڕۆمانەکە نەنووسی.

ئەنهـا ڕۆژنـامـەی (ئـوبـزرڤـر) نەبێت کورتـەیـەکی نووسی ئەڵێت «بەشەکانی ڕومانەکە جیاوازیان هەیە لە لایەن باشیەوە. . .» دوای ئەو ڕۆژنـامـەی (فـایننشال تایمز) باسی گەرمی‌و بەنینی ڕۆمانەکەی کردبوو بێجگە لەمانە کەسی تر هیچی لەسەر نەنووسی ڕۆمانەکە تەنها دوو هەزار دانەی لێ‌فرۆشرا تاوەکو دوریس خۆی لە مانگی ئەیلولی‌دا نهێنی‌یەکەی درکـانـد لە ڕۆژنامەی (صندای تایمز)دا لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ (کلیر تومالین)ی ڕەخنەگردا.

پاش بڵاوبـوونـەوەی ڕاستی‌یـەکـە کۆمەڵەی ڕۆشنبیران و ئەدیبان لە بەریتـانیـا کەوتنـە جمـوجـۆڵ و بوویـە سەر باسی‌بـاسەکان و ڕۆژنامەو گۆڤـارەکـان هەواڵە کەیان قۆستەوەو ئەمیان لۆمەی ئەویتریانی ئەکرد ، صندای تایمز دەزگاکانی بڵاوکردنەوەی تاوانبار کرد بەگرنگی نەدان بەم مەسـەلەیەو ڕەخنەگرانیشی تاوانبار کرد بەوەی بایەخ هەر بەوانە ئەدەن ناویان دەرکردووە.

هەروەهـا ڕۆژنـامە ئەدەبیەکانیشی تاوانبار کرد بەوەی تەنها گوێ بە گەورەکان ئەدەن، پاشان ڕۆژنامەکە ئەمەی ووت:

(هەقە بۆ بڵاوکەرەوەکان و ڕەخنەگرەکانمان بگرین)

ئەمەبوو حیکایەتەکە بە کورتی و من هیچ ناڵێم تەنها ئەوەندە ئەڵێم ئەمە حاڵـەتی ئەدیب و ڕۆشنبیرانی بەریتـانیـا بێت لەگـەڵ ئەو هەموو ڕادە بەرزییەی ئەدەبدا ئەی تۆ بڵێی شتی وا هەبێت لای ئێمە.

نمونەیەك لەشیعری نوێ‌ی عێراقی

ئەو وەسیەتەی، کەدوو خستن لەخۆ ناگرێ. . .

شیعری: قەیسی مەجید مەولا
«جەمال غەمبار» بەدەستکاریەوە
کردوویە بەکوردی

● کەس نییە سەرکۆنەم[1] بکات، جگە لە تۆ
لە کەللەمدا، گوڵتارو وەحزێك
شك نابەم،
کەئارەزوویەکی سەرەڕۆ ، جڵەوەکەی بگرێتە دەست. .
ڕەنگە ئەم تیرە لەدەستت دەرچێ،
ئەوسا دەنووی. .
کاتێکیش بەئاگا دێیەوە،
دەبی بەژێر دەست و پێوە. .
● ئەم ترسەم، بەئاگای هێنام. . .
لەنیوەی ڕێ ، پەکی خستم. . .
نۆبالێ گوناهی توشی، لە ئەستۆ نام. .

دە، غیرەت[2] بدەرە بەر خۆت،
ژیرانە، هەنگاوەکانت بنێ. . .
«بە مشوور، بە». .
● چارت نییە، ناتوانی خۆت
لە گۆبەندێ بپارێزی،
کەدێر بەدێری نووسرابێ. .
تەنیا خۆتی، گلۆڵەت کەوتۆتە لێژی
هیچ گوێیەك، خۆی
بۆ ڕازی نۆ، ڕا نادێرێ. .
دەنفرۆشن و، دەنکڕن.
ناوەکەت، قەدەغە دەکرێ،
«بۆیە من بانگەشەی سرینەوەی
هەموو ناوەکانیش، دەکەم».
● پێم بڵێ چۆن، تۆ لەتەکی منا دەبێ،
لە کاتێکا، ئەمشەو لەسەر خوێنەکەی من

زەنایەکیان،[3] ناوەتەوە. . .
دەرگای هەموو نهێنی‌یەکان، دەترازێنن. . .
هەر کاتێکیش ، خەون زڕ بوو. .
بۆ یەکجاری، سەری هەڵگرت. . .
ئەوسا لەجەرگەی بازاردا. . .
مەزات دەکرێ‌ی. .
«دە، غیرەت بدەرە بەر خۆت». .
خۆت خاوەنی یەکەم و دووایین بریاریت. .
دڵنیاش بە، بەدڵێکی خاوێنەوە،
ڕووی داخوازیی ئەم شتانە، لە تۆ دەنێم. . .
دڵپاکانە، ئەو شتانەت بۆ دەخوازم. . .

١ - سەرکۆنە: لۆمەکردن بە تووندو تیژی
٢ - غیرەت: لێرەدا بەئازایەتی دێ.
٣ - زەنا: هەرا. (دەهەراو زەنا).

Institut Kurde de Paris

د. کاوس قەفتان

من بەوشێوەیە ئەنووسم کە بەدڵی خۆمەو بەڕاستی ئەزانم(١)

سەرگوڵ تەیمور ئامادەی کردووە

- ئەگەر بەراوردێك بکەین لە نێوان شیعرو چیرۆك دا، چیرۆك بە یەکێ لە لقە تازەکانی ئەدەبی کوردی ئەدرێتە قەڵم. لەبەر ئەوە هێشتا لە پلەکانی سەرەتایی‌دایە ، هەرچەندە خاوەنی چەندها تاقی‌کردنەوەین لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە هەموو شتێك نی‌یە، ، چونکە بەڕای من هێشتا نەیتوانیوە شێوەیەکی جیاوازو دیار بۆ خۆی دروست بکات بەڵام لەگەڵ هەموو کەم و کوڕی‌یەکی چیرۆکی کوردیدا ئەبێ لە نرخی نووسەرە پێشەنگەکان و نووسینەکانیان کەم نەکەینەوەو ئەوەمان لە بیر بێ کە ئەوان دامەزرێنەری ئەم بنەرەتە بوون، ئەمە لەلایەك لە لایەکی تریشەوە هەر لە ئێستاوە بکەوینە هەوڵدانی چارەسەرکردنی ئەو گیرو گرفتانەی هاتوونەتە.ڕێگای چیرۆك و ڕەخنەگرانمان بەدڵێکی پاکەوە خۆیان بکەن بە لێپرسراوی ئەم مەسەلەیە

د. کاوس قەفتان یەکێکە لەو چیروکنووسانە کە هاوکاری دەرگای لیکۆڵینەوەی لەگەڵدا کردونەتەوەو چەند پرسیارێکمان ئاراستە کردووە بەم جۆرە وەڵامی داینەوە.

- چۆن دەستت کرد بە چیرۆك نووسین؟ بۆچی چیرۆکت هەڵبژارد؟

● بێ گومان یەکسەر دەستم نەدایە قەڵەم و بکەومە نووسین . چیرۆك نووسینیش وەك هەموو هونەرێکی تر ورەوری خۆی هەیە. منیش وەك هەموو منداڵێکی تر شەیدای چیرۆکی بەر ئاگردان بووم. ڕۆژانی سەر تەنووریش کە ئافرەتان ئەهاتن نانمان بۆ بکەن لە تەك خواردنی نانی تیری گەرمەوە گوێم لە باجی فاتمە ئەگرت چۆن داستانەکەی مەم و زینی یەدەم نان لەتەنوردانەوە ئەگێڕایەوە. کە مەلا عەبدوڵڵاش بەشەوانی زستان ئەهات وحیکایەتی کورە کەچەڵەو ڕۆستەمی زاڵی بۆ ئەکردین، بەدیاری‌یەوە دائەنیشتم و چاوم ئەبڕیە دەمی ئەویش بێ قەزابێ درێژەی بە چیرۆکەکان ئەداو چیرۆکی شەوێکی بە هەفتەیەك تەواو ئەکرد. [لە یەکێك لە چیرۆکەکانما وەسفێکی ئەم مەلایە ئەکەم] دووایش کە گەورەتر بووم شەوانی عونلەی نیوەی ساڵ مامۆستا ڕەفیق چالاکی هونەرمەندی لێ هاتوو، ئەوەی وەك خزمێکی نزیك بوو، وەهاش کوڕی گەرەك و دراوسێ بوو، ئەهات و بە حیکایەتە خۆشەکانی شەوانی زستانی گەرم ئەکرد. باسی دار بێژەڵانی ئەکرد ، بەڵام بە شێوازێکی جیاوازو بەرگێکی نوێی بەبەردا ئەکرد بەڕادەیەك نەك من بگرە گەورەو کامڵەکانیش لایان خۆشتر بوو میزڵانیان بتەقی‌و هەڵ نەستن و بۆ ماوەیەك لەبیستنی بێ بەش بن لەو ساڵانەدا، بەرێکەوت چیرۆکی (کەمانجە ژەن)م ، دەست کەوت، ئەوەی شاعیری گەورەو نەمری‌ء کورد ، واتە پیرەمێرد کردبووی بە کوردی خوێندنەوەی ئەو چیرۆکە هانی دام چیرۆکی تر بخوێنمەوە . ئەوسا چیرۆك بەکوردی کەم بوو. بگرە نەبوو، بەڵام گۆڤاری گلاوێژ گاڵەی ئەکرد، سەرم کردە سەر گەلاوێژ. چاوەڕوانی دەرچوونی بووم. ڕۆژێك چیرۆکی (نەمەنە نە هۆقە)ی شێخ سلامی شاعیری گەورەم تیا خوێندەوە . هەر ئەمخوێندەوەو لێ تێر نەئەبووم. دووای ئەوە کۆمەڵە چیرۆکەکەی نووسەری گەورە مامۆستا شاکیر فەتاحم خوێندەوە، هەتا ئێستە تامی ئەو چیرۆکانەو چیرۆکی (چۆن گرامافۆنەکەم گڕی لە ژێر دانمایە. پاش ئەوانە خۆم فێری ئەوە کرد بە عەرەبی بخوێنمەوە. لە ساڵی ١٩٥٠دا ، ئەدەبی جیهانی بەزمانی عەرەبی کەوتە سلیمانی‌یەوە هەرچەندە قوتابی سانەوی بووم، بەڵام هەموو پارەو پولێکم ئەدا بەکڕینی کتێب . هەرچیم دەست بکەوتایە لە دەستم نەئەداو ئەمخوێندەوە. گوێم نەئەدایە ئەوەی کامیان ئەدەبی بەرزەو کامیان وەها نییە تازە ڕادیۆ داهاتبوو، ئێمە لە ماڵەوە ڕادیۆمان هەبوو. شەوێك بەدیار ڕادیۆکەوە دانیشتبووم. ئاوازێکی زۆر دڵگیری لێ‌دا. ئەوەندەم زانی خەیاڵی چیرۆکێکم بەسەردا هات. بێ‌گومان ئەوسا واتە لە ساڵی ١٩٥٢دا ئەو خەیاڵە لە سەرچاوەیەکی خوشەویستی‌یەوە هەڵە قوڵا. عاتیفەکە ئەوەندە بەهێزو بەتەوژم بوو بۆ ئەوە باش بوو ببێتە شیعر، بەڵام کردم بە چیرۆك هەر ئەو شەوە چیروکی ، (چیرۆکێك لەسەر کانی‌یەك)م نووسی.

ئەوسا هەموو کەس ڕووی نەئەهات چیرۆك بنوسێت. خەڵکی بەشیعر ڕاهاتبوون. شیعری کەڵە شاعیرەکانیان لەبەر بووو. ووشەی (ساقی) جیهانێکی تایبەتی بوو. دەستە دەستە، لاوان و پیران بەدیار پێکێك مەیەوە دائەنیشتن و هەر ، ناوی ساقی بهاتایە، دەست ئەدرا بەناوچەواناو چاو پڕ ئەبوو لە فرمێسك. بەڵام چیرۆك کاڵتەی منداڵان بوو. چونکە شیعر لە هەستەوە نزیکە، بەڵام چیرۆك زیاتر لەگەڵ ئەقل و هۆشدا شوناسی هەیە.

کۆمەڵگای ئەوساش سادە بوو، لە شیعر ئەگەیشت و توخنی چیرۆك نە ئەکەوت. بەوەی باش بوو لەو ڕۆژەندا مامۆستا گۆرانی شاعیری مەزن و بلیمەتی کورد سەرپەرشتی ڕۆژنامەی ژینی ئەکرد.

چیرۆکەکەم بۆ نارد . لە جیاتی ناوی خۆم ناوی ڕێبواری خوشکەزامم لە سەردانا، واتە (کاکەی ڕیبوار) ی ماوەی یەك هەفتە جێم بە خۆم نەگرت. دووایی کە بڵاوبووەو، وەم زانی بەهۆم لەئاسمانەوە بۆ هاتووە . دووای ئەوەش بەچەند ڕۆژێك کە نازەنینی مامم بۆی گێڕامەوە ئەدەم کچە خزمێکی مامۆستا گۆرانی بیستبوو کە لە قوتابخانە بەیەکەوە بوون) مامۆستا گۆران مەدحی کردووم، قاچم زەوی نە ئەگرت.

وەم ئەزانی کەس پێم نازانێ. بەڵام وانەبوو. پاش ماوەیەك لە بیرمە ڕۆژی ئیستیعراز بوو، خوا لێ‌خوش‌بوو مامۆستا (عومەر کەریم) هاتە لامەوەو وتی : مادام تۆ ئەتوانی بەم جۆرە بنووسیت ، حەیفە ئەو توانایەت بۆ دڵداری تەرخان بکەیت (ئەو ساڵانە سیاسەت لە کوردستاندا لە عیراقدا لە گڕو گفدا بوو)، کاکە ئەو قەڵەمەت بۆ کێشەی میللەت و زەحمەت کێشان تەرخان بکە.

هەست و نەستم لەگڵ جووتیاردا هەبوو. چونکە هاوینان لەگەڵ باوکما بەهەموو ئالان و سوەیلدا ئەسووڕامەوە. بەڵام لەگەڵ کرێکاردا شوناسی‌یەکی ئەوتۆم نەبوو. ناچار زۆرم لە خۆم کردوو چیرۆکی دووهەمم بە ناوی (ئەمەیە بەشمان) نووسی‌و بلاوکرایەوە. هەر لەو ماوەیەدا بزوتنەوەی ئاشتی خوازی باو بوو چیرۆکی سێهەمم لەسەر شەڕ نووسی خوا ئەزانێ ئەو کارەساتەی من لەو چیرۆکەدا بەسەر خەڵکیم دا هێنا بوو، بۆمباکەی هیروشیما لە چاوبا هیچ بوو ئەمجارە بە خۆمادا پەرموم و خۆم بردم بۆ مامۆستا گۆران . پاش ئەوەی خوێندی‌یەوە لە سەرخۆ بە کورتی ی چیرۆکێکی هیندی بۆکردم و دووایی وتی :

لە چیرۆکی کورتدا گرنگ ئەوەیە شتێکی بچووك دەست نیشان بکریت گەورە بکریت

بێ‌گومان بڵاونەکرایەوە، بەڵام دەرسێکی باشم لێ وەرگرت. لەوساوە ئەو نەسیحەتەی مامۆستا گۆرانم کردە ئامانج و ڕێبازو هەتا ئێستا وازم لێ نەهێناوە. ئەبێ دان بەوەشدا بنێم کە نووسینەکانی مەنفەلووتی‌و جورجی زەیدان و نەجیب مەحفوزو توفیق حەکیمیش کاریان تێ کردووم هەر لەو ماوەیەدا ، ئەدەبی ڕووسی‌و فەرەنسی‌و ئینگلیزی بەزمانی عەرەبی کەوتە بازارەوە، بۆ یەکەم جار لە ئەك ئەرەزان و ڕوکامبۆل و ئارسین لۆبین و هەمو ئەو چیرۆکانەی لەڕوایاتی جێب و هیلالدا بڵاوئەکرانەوە، بەڕەهەمانی تولستۆی‌و گرگۆڵ و گورگی‌و تورگینیف و چیخوف و بەلزاك و زولار هیگۆو مویاسان و مۆم و دیکنز بەرنادشۆو ئۆسکار وایلدو هەمنغوای‌و گۆتەو مان و هەواردو شتانیپك و ئارسکین و کاڵدوێل و کەڵە نووسەرانی ڕۆژئاوای تر کەوتە بەردەست ئێمەی خوێندەوارانی کورد . لەناو هەموویانا چیخۆفم زیاتر بەدڵ بوو هەتا ئێستاش بەلای منەوە لوتکەی نووسینی کورتە چیرۆکە . ئەوسا بۆم دەرکەوت مامۆستا گۆران ئەو قسەیەی بە خۆڕایی نەکرد

ئەمە ئەوە ناگەیێنێ ئەنیا چیرۆکم بۆ دەربڕینی هەستی خۆم هەڵبژاردبێت جارێ وەها هەیە بەشیعر بە پەخشان یان لە ڕێی نامە نووسینەوە هەستی خۆم دەرئەبڕم.

- ڕاستە ئەڵێن باوەڕت بەم پێشکەوتنە تازەیە نی‌یەو لەو ڕۆژەوە دەستت کردوە بە چیرۆك نووسین نەگۆڕدراوی؟

● جارێ پێشکەوتن نی‌یە، بەڵکو ڕێبازە، تازەش نی‌یە، بەدەیەها ساڵ پێش ئەوەی نووسەرەکانی ئێمە لاسایی ئەو ڕێبازە بکەنەوە کە لە ئەورپا سەری دەرهێنا، پێش ئەوانیش جیمس جویس و کافکادەستیان پێ‌کرد. بەڵام نەجویس نەکافکا و نەگەلێك نووسەرانی تر کە ئەوساو دووای ئەوانیش بەو ڕیبازە نوێ‌یە ئەیاننوسی داوایان نەئەکرد هەموو نووسەران ئەو ڕێبازە بگرن . هیچ یەکێك لەوانە زاتی ئەوەیان نەئەکرد نووسەرەکانی ترو بەرهەمەکانیان بە هیچ دابنێن. بەکورتی ئەم باسە هەویرێکە ئاو زۆر ئەکێشێ . لەبەر ئەوە هەر ئەوە ئەڵێم زۆر لەوانەی ئەو لافەیان لێ ئەدا پەشیمان بوونەوە. من هەرگیز دژی ئەوەم ڕوخساری ئەدەبی کوردی: (چیرۆك بێ یان شیعر) لە ناو چوار چێوەی لاسایی کردنەوەی کوێرانەدا ون بێت.

ئەڵێی من نەگۆڕارم. ئەمە ڕاست نی‌یە، ئەوەی ئەم قسەیە ئەکات، بەرهەمەکانی منی نەخوێندۆتەوە . ئیستەش لە بیرمە ، لە گرمەی ئەو ڕۆژنەدا ، نا. . . گروکفەکەی کز بوویوو، نووسەرێکی ناسراومان لە ماڵی خۆم پێی وتم: من تۆ بە چیرۆك نووس دانانێم.

وتم : , ئەمە ڕای خۆتە

پاش ماوەیەك دیم و لێم پرسی : خۆت بەدەم ڕاست و ڕاست گۆ ئازاو چاونەترس و ئەم جۆرە شتانە دائەنێیت. یەك پرسیارت لێ‌ئەکەم بەڕاستی وەڵامم بدەرەوە، چەند چیرۆکی منت خوێندۆتەوە،

وتی : مادام داوات لێ‌کردم ڕاست بڕۆم، ئەڵێم هیچی تۆم نەخوێندۆتەوە. هەر ئەوساتە بریاری‌دا بەڕلاهەمەکانم بخوێنێتەوە. پاش ماوەیەك چادمان بەیەك کەوتەوە. یەکسەر وتی: ناڵێم هەمووی بەڵام بەشێکی باشم خوێندەوە.

پاش ئەوە یەك دووقسەی کرد لەبەر ئەوەی مەدح کردن بوون مەدحەکە زۆر زل بوو ڕوم نایە باسیان بکەم هەر ئەوەم بۆ مایەوەپێی بڵێم: نەوەك ئەوساو نەوەك ئێستا.

چۆن نەگۆڕراوم؟ ئەگەر بەرەو خرابیش بێت هەر گوردرادم ئەوەی نەختێك ویژدانی هەبێ ، هەست ئەکات چیرۆکی (چیرۆکێك لەسەر کانی‌یەك) شتێکەو شەقێك لە تۆپەکەو فەرمانێکی بچووك و ژوورری بێ دیوار شتێکی ترە. بەڵام لە هەموو ئەو شتانە دوو شت نەگۆڕدراون بە کوردی ئەنووسم و بۆ کورد ئەنووسم . لام وابێ ئەگەر ئەمڕۆ یەکێك بە کوردی‌یەکی ڕەوان بنووسێت هەر ئەوە خۆی لە خۆیدا خزمەتێکی بێ هاوتایە بۆ کوردو ئەدەب و زمانی کورد.

ڕاستە ئەمڕۆ سیاسەت و کێشەی نەتەوەیی کارێکی سەرەکین . بەڵام مەرج نی‌یە نووسین هەر ئەوە بێت و لەو چوارچێوەیەدا کۆبێتەوە، من چیرۆکێك لەسەر هونەرمەندێکی کورد ئەنووسم. هونەرمەندێك ئامادە نی‌یە لەو ڕێیە لابدات کە بەڕاستی ئەزانێ . لەبەر ئەوە بە هەژاری ئەژی. بروایکە سەدەها هونەرمەند لە ڕۆژ هەڵات و لە ڕۆژ ئاواداً ئەو بەسەرهاتە بەهی خۆیان ئەزانن لەم ڕێ‌یەوە هونەری چیرۆك نووسینی کوردی زیاتر لە جیهانی دەرەوە نزیك تر ئەبێتەوە. هەر چۆنێك بێت من بەو شێوەیە ئەنووسم کە بەدڵی خۆمەو بەڕاستی ئەزانم. نووسەرانی تریش ئارەزووی خۆیانە میللەت و مێژوو باشترین حەکەمە. دووا ڕۆژ هەموو ئەو نووسینانە لە بیژنگ ئەدەن . ئەدەبی کوردی شیعر بێ یان چیرۆك ، وەك درەختێك وەهایە هەتا لقوپۆپی لێ ببێتەوە سێبەرەکەی تەڵخ تر ئەبێت . با نووسەرانی نوێمان بە ئارەزووی خۆیان بنووسن وکەس مافی ڕێ‌لێ‌گرتنیانی نی‌یە.

- چ پێشکەوتنێك لە چیرۆکی کوردیدا ئەبینی؟ ئایا توانیویتی شێوەیەکی جیاواز بۆ خۆی دروست بکات.؟

● گومانی تێدا نی‌یە چیرۆکی کوردی ئەمڕۆ هینەکەی دوێنی نی‌یە. نەك هەر چیرۆك نووسە لاوەکانمان بەڵکو کۆنە کانیشمان هەوڵەدەن شتی تازە بنووسن. ڕووداوی کۆن و نوێ بنخەنە بەرگێکی تازەوە. [ناویان ناهێنم چونکە لەوە ئەترسم ناوێکم لە بیر بچێت و بێتە مایەی لێ عاجز بوونم]، بەڵام نەك هەموویان، بەڵکو چەند دانەیەکیان ، بەرهەمیان هەیە، جێی ئاواتە.

هەر ئەوەیە غوبابی دایان نەگرێت و واز لە خوێندنەوە نەهێنن و لە جیاتی ئەوەی دژی یەکتری بدوێن سەر بکەنە سەر نووسینەکانی خویان و هەوڵ بدەن بەهادار تری بکەن.

بەشی دووهەمی پرسیارەکە خۆی نی‌یە. (شێوەیەکی جیاواز بۆ خۆی دروست بکات) مانای چی‌یە؟ ئەگەر سەد چیرۆکی جیهانی ناوی شارو گوندەکان و خەڵکەکانیان نەنووسن و بڵاوبکرێنەوە. کەس نازانێ کامی ئەمەریکی‌یەو کامی فەرەنسی‌و ئینگلیزی‌و ئەڵمانی‌یە، ئەگەر بۆ ڕۆژهەڵاتیش بێت هەمدیس لەیەك جیا ناکرێنەوە . چونکە کێشەی جوونیاری بێ‌زەوی کێشەی کرێکاری بەش خوراو میللەتی لە مافی نەتەوەیی دابراو لەهەموو شوێنێك یەك شتە. لەم ڕووەوە هەموویان لەیەك ئەکەن واتە لە بناغەو بنەڕەتدا یەکن، بەڵام بێ‌گومان لە تەفسیلاتا جیاوازیان هەیە. چیرۆکی کوردی هێشتا ساوایە، هێشتا پێی‌نەگرتووە. هەتا گەورە ئەبێن گۆڕینێکی زۆری بەسەردا دێت. ئیتر چۆن بڵێم توانیویتی شێوەیەکی جیاوازی بۆ خۆی دروست بکات. بەس لە مەیانی بەرەڵاییدا ئەوە کەس لەوە دووڵ نی‌یە شێوەیەکی جیاوازی هەیە ئەدەبەکەی ئێمە بەڕاستی بەرەڵایە کە بووم بە ئەندامی دەستەی نووسەرانی بەیان و بۆ ماوەی شەش حەوت مانگە بەرهەمی نووسەرانیان بۆ ئەنناردم، سەیری بکەم ، ئەوسا بۆم دەرکەوت کە هەر منالی سەربێشکە ماوە نەبێتە شاعیرو چیرۆك نووس. ئەمەش ماڵ وێرانی‌یە. ئەدەبێك بەم شێوە خوارو خێچە بێتە مەیانەوەو پەل بهاوێژی قەت هۆشی بەخۆیدا نایەتەوە. کەس نەماوە شیعرو چیرۆك نەنووسی. ئەمە کارەساتێکە نەخوشی‌یەکە یەزدان تووشی ئەم گەلە قورەبەسەرەی کردووە.

- بۆ تا ئێستا ڕۆمانمان نی‌یە؟ ئەی تۆ خۆت نیتە؟

● ڕۆمانمان نی‌یە چونکە گومەڵگاکەمان نەگەیشتۆتە پلەی ڕۆمان نووسین. لە کۆمەڵگای دووا کەتوودا ڕۆمانی تاك و تەراك دەنووسرێت دووای ئەوە خۆی ئەجوێتەوەو دوو بارەئەکاتەوە . ئەبێ کۆمەڵگا ئەوەندە پێ بگا ڕووداوو کێشە بۆ نووسین ڕۆمان ئامادە بکات . ئەمەش دیسان هەوڕێکە ئاو زۆر ئەکێشێ.

بڕوانە ل ١١

Institut kurde de Paris

ڕۆژانە چیرۆك

ڕەووف بێگەرد

١ - دابران

لە پەنجەرەی قاتی پنجەمی کۆشکەکەوە بەرەو خوارەوە دەیڕوانی، شەقامەکان لەو کۆڵانە تەریك و تەنگەبەرانە ئەچوون کە سەریان بەرەو ئاسۆیەکی دوور هەڵگرتبێت. خانووەکان قارچکێکی هەڵتۆقیو بوون. خەڵکەکەیش لە بەر چاویا وەك گیاندارێکی هەرە بچووك ئەبان نواند، پێکدا دەهاتن و دەچوون.

کە زیاتر چاوی کردەوەو دیمەنی مرۆڤەکانی هەروا بینیەوە، هەستایە سەرپێ، خۆی کێشایەوەو تەماشایەکی شان و بازوی کرد، تەزوویەکی شادی بە لەشیا هات و بزەیەکی خستە سەر لێوی. لە بەر ئاوێنە گەورەکەدا کەوتە خۆ گۆڕین، چەند جارێك پاژنەی بەرز کردەوەو لەسەر پەنجەکانی پێ‌ی وەستا، چەند بۆنێکی خۆشی لە خۆیداو بەدەم فیکە لێدانەوە بەرەو خوار بوەوە. گەیشتە یەکەم قات و کەوتە ناو هۆڵە چۆڵەکەوە، هێشتا لە فیکەلێدان نە کەوتبوو کە یەکەم هەنگاوی نایە شۆستەکەو تێکەڵی خەڵکەکە بوو، چاوی گێڕاو چەند هەنگاوێك دوورکەوتەوە، وەستا، چاوەکانی هەڵگڵۆفتن و هەسنی ڕاگرت، دەنگەکان ئەبوونە بزمارو بە گوێیدا ئەچەقین، بە قەدو باڵای خۆیدا ڕوانیەوە، خۆی بە زۆر بچووك و نابووت هاتە بەر چاو، ڕاما، زانی تا لەوێدابێت هەر بچووکە. چاوی نەوی‌کرد، نەی توانی بۆ هیچ لایەکی تر بڕوانێت، سەری شۆڕکردو بەرەو دوا گەڕایەوە، ڕاستەو خۆ هاتەوە ناو کۆشکەکە، بەرەو ژوورەکەی قاتی پێنجەم بوەوە، لە بەردەم پەنجەرەکەدا دانیشتەوە، بە پەلە تەماشای خوارەوەی کردەوەو هەناسەیەکی ئارامی پڕ بەسیەکانی هەڵمژی.

٢ - نهێنیەکان

بۆ دواجار کە سەرم لە ئامێزیا بووە کۆترێکی باڵ شکاوی کڕ، خەوە خۆشەکان بوونە پەپوولەی ڕەنگاو ڕەنگ و بە لەش و گیانمەوە نیشتنەوە، فڕیشتەیەکیش لە بەردەمما درەختێکی باڵ سەوز بوو، دەستە بەفرینەکەی بە ڕوومەتماهێنا، کە چاوم کردەوە فرمێسکەکانی «ناسکە» بوون و بەسەر ڕوومەتمەوە قەتیس مابوون، چاوەکانی ناسکەیش هەر لەو کووژەکە شینانە ئەچوون کە دایکم بە منداڵی بە بەرۆکیەوە دەکردم، دوای هەناسەیەکی قووڵ ناو لەپم لە ژێر چەنا گەیا کردە کووچەڵە، چاوی لێك نان و هێرشی فرمێسکەکان بە خۆڕ لە سەر ڕوومەتیەوە بەرەو چەناگەی‌و لەوێوە ڕژانە ناو لەپم. پێم ووت:

- بۆ ئەگریت؟

وتی :

- نازانم، لەوە ئەترسم ببیتە هەڵوێەکی بەرزە فڕو لە ئاسودا لێم وون بیت.

- مەترسە، تەنیا هەژارەکان نرخی خۆشەویستی ئەزانن.

هەر ئەو جارەو ئیتر نەم زانی چ دیوارێکی ئەستوور کەوتە نێوان سەری من و ئامێزی ئەوەوە! چۆن بووە ماسیەکی سرك و بەرەو قووڵایی لێم وون بوو! منیك بڕوام بەوە نەبوو بیبێتە ئاوێکی لیخن و [illegible] هەڵگریت، کەچی لەپرا سەری بۆ کۆشکێکی ڕەنگاڵەیی دانەواندو بە پردی دڵ و مێشکی منداً پەڕیەوە.

دوای ساڵێك کە دیمەوە لە سەر ڕێگاکەیا بوومە درەختێکی ڕەگ داکوتراو، وام هەست کرد ئێستا نا تۆزێکی تر شار ئەخرۆشێ‌و بە سەر گریانی ئێمەدا دائەبارێن، کە چی هەر کە هەستی بە من کرد ڕێگاکەی گۆڕی‌و لە شۆستەکەوە هەنگاوی نایە سەر شەقامەکە، بە پەلە پەڕیەوە، چووە ناو ئۆتومبیلەکەیەوەو سلفی لێ دا، هێشتا چاوم لە گومانی ڕوانیندا بوو، وام ئەزانی یاریەکی خۆشەویستانەیە، ئۆتومبیلەکەی نا ئاسایی باڵی گرت و زۆر زوو گوم بوو. منیش وا ئەبەلەق بو بووم نەتوانیبووم ڕەنگی ئۆتومبیلەکەی بزانم و نە فێری ژمارەو مۆدیلەکەی بیم.

٣ - ڕوانین.

ئەو ڕۆژانەی دوو دەماری ناو چاوم سوور دا دەگەڕێن، بە ناچاری ئەکەومە ڕاژەندنی سەرم، لەشیشم ئەدەمە دەست هەنگاوی سست و گورج، لاڕێ‌و ڕاستە شەقامەکانم لێ دێنەوە یەك، لەشی هەنگاوەکانم بە تەنگ دێن و مۆتەکەی خەوێکی نامۆ هاواری مەرگێکی سانام پێ ئەکات، ئەو ساتانە لە دەنگێك یان کزەی ئەشمالێك ئەچن، نە دەگیرێن و نە دەزانم چۆن دێن. ڕوانینی منیش وەك ئەوان سەری شێتی ئەنێتەوەو بەرەو دنیایەکی بێ کۆتایی ئەڕوات، نە تەفرەی دیمەنەکان ئەخوات و نە بە ئامێزی کەسی ئاشنا ئەبێت، ئەڕوات و لە دواپێچی ڕێگایەکدا گوم ئەبێت، ئەکەوێتە دنیای خەوە وەنەو شەیەکانیەوە، سەری ئەنێتە سەر بەردێك، لە دیمەنی ئەو خەڵك و خوابانە ئەڕوانێت کە هێشتا نەی بینیون، هێور ئەبێ‌و باوەشی لەشە شەکەتەکەی بۆ حەسانەوە ئەکاتەوە، خەوێکی خۆشی بە پێلوەکانیەوە ئەنیشێتەوە. کە بە ئاگادێت خۆر لە سەر سەری چەقیوە، دیمەنەکانیش هەمان شەقام و ڕێگاو دەم و چاوەکانی پێش دواپێچی ڕێگاکەن. سەری هەڵدەبڕێت، لە گەڵ هەناسەیەکی قووڵدا ناڵەیەك دەکات، ئەزانێت گەڕیدەیەکی سەرکێشەو خەونەکانی گەڵایەکی وەریونین بە ئاسانی لە مشتیان بگرێت، هەڵدەستێت و لە ئاسۆیەکی دوور دەڕانێت، ڕادەمێنێت، خۆی گورج دەکاتەوەو بەرەو دواپێچی ڕێگایەکی تر هەنگاوی لە سەر خۆ ئەنێت.

٤ - بوون بە یەك

کە گوێم بە دڵی ڕووبارەکەوەنا چرکەی سەعاتێکی لەسەر خۆ بوو، لە سۆزی دەروێشێك یان لای لایەی دایکێکی دەنگ خۆشی ئەچوو، پێم ووت: چرکەکانت ئاوازێکی هێورو دڵگیرن، خەوی ڕێبوارێکی تەواو ماندوون. ووتی : سەعات پاکۆی زەمان ئەدات و منیش سەرێکی وێلم، کۆتایی بە جێگاکان ئەهێنم، بە کەنار چیایەکی تەم لێ نیشتوو گوندێکی کڕو دوورگەیەکی بێ مرۆڤدا تێ ئەپەڕم، زەوی خۆڵەمێشی‌و بورکانیەکان بە سەر ئەکەمەوە، سلاو لە بەندەری چەپەك و دارستانی ناو دڵ ڕەش و درەختە کۆماوەکان ئەکەم، ئەڕۆم و جارێکی تر خۆم ئەخەمەوە ئامێزی دایکم، کە تاسەم شکا جیا ئەبمەوە، دیسانەوە ئەم جیهانە پان و بەرینە ئەدەمەوە بەر، لەبەردەم هەر یەکێکیاندا کرنووش ئەبەم و سەری بچووکیمیان بۆ دا ئەنوێنم، چرکەکانی دڵی من بەشێکن لەو گەڕان و بە سەر کردنەوەیە، دوا جاریش ئەبمە ڕێژنە باران و بە سەر هەموویاندا دا ئەکەم.

پێم وت! وڵاتی من لە وڵاتەکەی تۆ مەزنترە، هەموو چیاو خاك و ڕووبارەکان ئەناسێت، ئاشنای مرۆڤە ڕەش و زەردەکان، کۆیلەو چەوساوەکان، درەختە سووتاوو لوونکە مەلوولەکانە، کە شەوی لێ دێت بە سەر یانەوە ئەگەڕێت، لای هەموویان لا ئەدات، گوێ بە دڵیانەوە ئەنێت و چرکەی ئازارەکانیان ئەکاتە توێشە بەرەی پشتی، هەوار دەیان گێڕێت و بە گوێی هەموو شەماڵێکیاندا ئەدات، ئەنجا دەگەڕێتەوە ناو ژوورەکەی، دەست بۆ چەند پەڕیەکی سپی ئەبات و یادگارەکانی ئەو شەوەی ئەنووسیتەوە، لە نیوە شەوێکی درەنگا سەر ئەنێتە سەر دڵی ووشەکانی‌و لە ژوورە ساردو سڕەکەیدا خەو بە گەڕانی سبەی شەویەوە ئەبینێت.

بەلکەفتنا هەفتیا « قادسیا صدام » ی

دەزگەهامە ل دهۆکێ میهرەجانەکا شیعری سازکر

ئەڤێت ژێری دەڤا وان هۆزانایە ئەوێت هانینە خاندن لوی میهرەجانێ دەزگەها رەوشەنبیری و بەلاڤکرنا کوردی تایێ دهوکێ سازکری بەهلکەفتنا هەفتیا قادسیا صدام لروژا ١٨ - ٩ - ١٩٨٦.

ئو یا هەژی گوتنێ ئەوە ئەڤ هوزانڤانە هاتنە خەلاتکرن ژ لایێ هەڤال «طارق کافی» رازگرێ لقێ دهوکێ یێ پارتا بەعسا عەرەبیا هەڤپشکی.

بەهلکەفتنا هەفتیا قادسیا صدام

ئاخ و خوین

هوزانا احسان نعمان

دایکا من و تەیە ئەڤ ئاخە
باخێ من و تەیە ئەڤ چاخە
لێ چ بکەم دەجالێ دل داخە
ناهێلیت شین بیت ئەڤ باخە

★ ★ ★

ئەڤ باخێ مە بنەڤینا خو کێلایی
جانە مەرگا بخوینا خو ئاڤدای
مەتیڤەکا وێ سور گول لێدای
دۆر ماندۆرێت وی پەرجان دای

★ ★ ★

مەلێ چاندبو گولا ژینێ
دڤێت جارەکێ هەر بگەهینێ
لێ دڤێت گوری بکەین ژینێ
وەك مەمێ کری بوزینێ
گەر ئاخ بخوینێ نەهێتە ئاڤدان
مەزن بو زاروکا نەبنە قوربان
هەمی نەگرێدەن ئێك سوزو پەیمان
دێ چاوا دورێت مەرەڤن کۆڤان

★ ★ ★

نێ گەلو
خوینا من نە ئاڤە کو بچیت بەلاش
نەخێ... دیێ
شین بین ئەڤ دارو نەراش
دێ .. بینە ئاڤ وپێ شول کەن هەمی ئاش
داخەمێن دلێ من بهێرن باش

★ ★ ★

دێ خوینێ و ئاخێ تێکدا شێلین
ئاڤ و نیشانێت نە پێ نڤیسین
دا ئەل ئەڤ جیهانی بدەینە نیاسین
کو ئەم عیراقینەو ناترسین

جەنگ

بەهلکەفتنا بورینا شەش سالا لسەر شەرێ
مەدژی رژێما نەفام لقم وتەهران

شەش سال بورین و گورێیا
گورێیا بوشا ئاگرێ
جەنگا چەپەل
نەئەمریا.. نەئەمری
بەچی گەلو
هەتا ئەڤرو هێلاینە هەل
هێلاینە هەل
شەش سال چۆن و
هێشتا خوینا درژێتن
دناڤ خیزێدا دکەلیتن
لاوو گەنجێن تێ گەڤزین
بێد لێ خربوین ئەلهوی و قەل
ئەلهوی و قەل
دەم و دەوران لجیهانێ ژی زڤرین
ئەگەر چاوا
سەرێت مروڤێن شەنگە و شوخ
لمەیدانا بیەختێ
دێ بن کلوخ
دناڤ کوچکێ بوسولمانەتیدا دێ بن
بزووت و پەل
کەنکی گەلو
لروژەکێ یان جارەکێ
پەل و بزوتێن ئێ کوچکێ
دناڤ رێکا کاروانێ ئازادیدا
بووینە خەتیر... یان ژی مەشخەل
هەی هۆ گەلو
ئان دەجالا
وان دڤێتن
ئەو بسوژن عیراقا مە
نەمینیت گەل
وەلانێ مە
بو ئاشتیێ
چونکو بیو کەل

رمضان عیسی

«دیاری بو هەر مروڤەکێ وەلات پەروەر»

وەلات چی یە...؟

عبدالستار حسن ردینی

گەلی برا
وەلات چی یە؟
خوینا رەیت ئەڤان جەرگێت کوزری یە
ب شەڤ و رۆژ وگاڤ و دەما
تێتو دچینن
بێ راوەستان!!

گوشت و هەستیا
ب روح تێختین
دەست و پێیا
ب هێز تێختین
هزرو بیرا
دگەل کاروانێ ئەڤێ ژینێ

ب رێختین
چاڤا ب ب رۆناهی تێختین
دا ل دەراڤیت
رەش و تاری
نەبارا ژ دوستا ب نیاسیتن
نەبارا ژ دوستا ب نیاسیتن
گەلی برا
وەلات چی یە؟
ئاڤاهیەکە!!
بەرێت وی ژ زێرەکێ زەرن
بو مروڤی...

ل چ وارێ بیت خانی و لبسن
ل چ وارێ بیت

بوچ توخمیت مروڤابیت
دای و بابە، نان و ئاڤسە
کەلەك بلندو نهانە
داژ سرو سەرما زڤستانیت تاری
خلاس بیت
داسەربەست و رزگاربیت
ژ نژدەچی بیت...
میرو بەگا قورتا ل بیت
میرو بەگا قورتا ل بیت
گەلی برا

وەلات چی یە؟!
هێتوینەکا پر گورێ یە
مینا گورەکێ تاری یە
بۆ نوکەرو داگیرکەرو
دوژمن کارێت ئەڤی واری
هەر دەم هەر دەم
یا حازرەو زورا فەرە
دابسوژینیت
خوینێ ژجەرکێ دەجالادا برژینیت
ب ئێش و ژانا
رۆحێ ژگیانێوا دەر بینیت
رۆحێ ژگیانێوا دەر بینیت

دەنگێ کوردەکێ دەربدەر لئیرانێ

سپی ژی سور بو

عبدالمجید شکري

قیریەك هاتە گوهێ من
دەنگێ نە بۆو سەربارێ من
دەنگێ نەبۆو لسنەو شنۆ
ژ ئەشکەنجەدان و ئیشانێ
بویە ناپاڵ
... کەڤرێن چیا لێ هەژاندین
تاکێت نیرگزا هشك کری
لێ گەش کرین و لڤاندین
بەلێ... بابۆ
دەنگێ نەبو

ژ زیندانیت بن ئاخ کرێڤە دەرکەتی
دەنگێ نەبو
کولوارێ ئەژدەهاکێ ئەڤی چەرخی
بویە ڤولکان
خوین و خولی
دگەل خو ئیناین و بسەرکەتی
دەنگێ نەبو
نڤستیت گوندی هەمی هشیار کرین
کەوین کوبڤی و دویر ژجیا
لێ کوم کرین... کەهی کرین

دەنگێ نەبو
هەر بلند بوی
و چوی وچوی
دناڤ پەرێن تیروشکا روژا زێرینا سپیدەهیا
هاتیە خارێو
سەر بلندی بویە خوناڤ و،
ژیکەتی
بویەخوناڤ و ژیکەتی..

«دەرێ هویڤیا لمن نەگرە»

هوزانا
عبدالعزیز خیاط

هەڤالێ من...
ئەوا هاتیە سەرێ من
ژکول دەردو ژانیت من
ژ ئێش و خەما
گەر ئەز بیژم بۆتە هەڤال
دێ بێژیە من
چاوا مای و نەحەلیای...!
چاوا هوسا تو پێگڤە مای...
چاوا تو نەمایێ قەرقودە...
ژڤێ ژیانا بێ هوودە...

★ ★ ★

هەڤالێ من...
ئەز چ بیژم و چ نەبژم
یارا من ئەز هێلام و چو
نزانم کانێ ب چ سەر چو
پشتی چەند سال مە بوراندن
هەمی بخوشی و شریناهی
رابی سەرخۆ دوماهیێ
خۆ لبەر چاڤیت من وندا کر
م دگوت ئەوە هەڤالا من
دێ بت پاش روژا ژینا من
من نەزانی
دێ تێك دەتن بهارا من
دێ ڤەمرینت شەمالکا من

★ ★ ★

هەڤالێ من...
ما دێ چ شێی بۆ من بکەی
بەس پسیارا ژمن بکەو
کولا لدلێ من زبدەکە
بەس برینا لمن ڤەکولە
بەرسڤا تە نەشێم بدەم
ژهێزا ئەڤرو کەتیمە
بەختێ تەمە لمن ببورە

★ ★ ★

نارینا من...
دەرێ هویڤیا لمن نەگرە
بەختێ تەمە
دارێ دبنیرا نەبرە
خۆ نیشا چاڤیت من بدە
جارو بارا
ئەگەر نەشێی لدورێت مالا
من ببینە ل شوین وارا...

★ ★ ★

شرینا من .....
وەهەیە جاردی بێیە ڤە
دلێ رەبەن
خوەش کەیڤە
باغێ ئەڤینێ شین بیت
نیرگزیت مە
گەش بین ڤە
ئەڤینا مە
نوی بتەڤو
شەمالکا مە هلبتە ڤە
ئەز دبیژم هەڤالا من
دێ هێ یە ڤە
ستیرا مە
دێ گەش بتەڤو
دارا مە
دێ بەردەتە ڤەو
بەردەتەڤە
بەردەتەڤە

بەهلکەفتنا قادسیا صدام

لەشکەرێ سەرکەفتنا

● محمد ئوسمانا ●

لەشکەر خەباتێ دکی
خو قوربانی ئی وەلاتی دکی
دوژمنی ژ ئی ئاخێ راکی
دا بەس کۆڤانا داکی

★

ئالا ئازادیێ هلدە
لەشکەرێ سەربلندە
کەتیە باژیرو گوندە
مە بئاخا عیراقێ سوندە

★

وەلات پێکڤە بو لەشکەر
توخیب هەمی کر چەپەر
دوژمن دورئیخست بشەر
ژین ل وان کر کەسەر

کورێت عیراقێ شێرن
زەندو پیلاو تبل کێرن
مەژی لخومەینی دهێرن
بلا بێن گەر ب وێرن
لەشکەرێ ئازادیێ
لەشکەرێ سەربەستیێ
بۆ مە سازکە سەرکەفتنێ
تەناهیێو ... ئاشتیێ

★

سەرکەفتنێ چیکە ئەی لەشکەر
خۆ ژ بن زولمی بینە دەر
بەسە نەبن دەر بەدەر
روناهیێ بیخە دەڤەر

بو دەجال خومەینی

دنگ و حنگ

هاریوان اسماعیل

هندەکا دکین هەڤیرو شەما
هندەك ژی دبن
خوەلیو رەژی
هندەك ساخ و دبن مەژی
چ ژیانە...
گیان ئەڤرو ژبونا مە بیتە هەژی!؟
ئەڤە چی یە؟
چەرخ و ڤەلەك. گاڤ و دەما؟؟
هۆ ئەڤ مرۆڤ
تە بێ دکرینە گورگ و هۆڤ
بەردانیە هەڤ
خوینێ ب رێژن
ژ کەرب و کینا مینا گەزوێ
ئەو بمێژن
ئەڤ چ هۆڤن،
تە رادانیە
لهەڤ بەری هەڤ
تە بەردانیە
لێ من پرسە
کانێ مرۆڤ؟؟؟

لویلیا گوت
ئێدی بەسە دلێ مە سوت
ئەڤە چەندە
ئەم مژویلن،
بئەڤێ حنگێ...
بئەڤێ دنگێ...
بۆ ئی جەنگێ...
هوین بزانن
ئەڤرو کەیە چەند سال بورین
یابویە تاری و...
بویە شەڤ
ئوهەر کارێ مەیە ئەڤ
مرۆڤ ئەڤرو وەکی کێزا
هاتیە رێزا...
کەوال و دەڤ
جانا ئەڤرو بها نەما

بوچی تێکدا بون هرچ و هۆڤ؟
سەرا چی یە؟
ژبەر چی یە؟
سەر ئەڤرۆکە لمەیدانا.
بینە کاشو
بینەکلوخ
لێ مخابن
سەد مخابن
ژناڤ دلا کەرب ب زێتن
خوینا گەنجا هۆ ژئەسنا بیتە رێتن
سەد حەیف و هزار مخابن
لڤی دەمی
مرۆڤی نەمینیت بها
مینا دارا،
رویت و زها
هەر بێ بها
هەر بێ بها

★ ★ ★

من پسیارکر

پشکێشە بو لەشکەرێ عیراقی یێ قارەمان

نصرالدین هادي

هو جونیارو
بۆ ی رونیشتی دێ هلوڤە
هەردەم شوڤا تە بێ نوڤە
هلو رابە بلەزینە
گێنو هنجارا بشدینە
زەفێی بکیلە
هزرو بیرێن خەم سارێی
ژنك خو پاڤیژەو پیلە
بەری باران بیت شلوڤە.
بەری باران بیت شلوڤە

★ ★ ★

من پسیارکر
هو چیاوو
بو چی دارێن تە خرش بوینە
بەری نادەن
بۆ شکەفتن تە
بێ دەنگ بوینە
دەنگ ڤەنادەن
عەورێ ل هندافی سەرینە
یێ تاری بوی

باراناوی نابە رێتن
بریسێن وی لدور گەلیا
شەوقێ نادەن
ئەرێ ماهوین لقیریا نادەن
وی گوتە من
نەڤیرتین مە
نەگازیتن مە
نەهیڤین مە
بهای نادەن
بەلێ بلا من پێ خوشە
روژەکا نیزیك دێ هێتن
هەوایەکێ سارو تەزی
دێ رابیتن
عەورێن تاری گڤیشیتن
بارانەکێ هویرك ... هویرك
بارینیتن
بو گوهیشکو هەل هەلوکا
تونیرگزو نیەفشوکا
دابژانی
چیا ژ بنێ خوي ئاسیی یە
ناکەڤیت و نالڤیتن.

★ ★ ★

بزاڤان

بو قارەمانیت چەنگا قادسیا صدام

هوزانا عبیدالله حسن

بزاڤا من ل روژەکێ
بدەنگێ خو
کازی دکەمە فەلەکێ
ناف ئی وەلاتی کوم بکە
هەمی گەنجا ب روژەکێ
دا دەستا پێکڤە بدەنە هەڤ
لخومەنیا روژێ بکەنە شەڤ
دا ڤەکەین رێکا ئازاد یی
دا بگرین رێکا ئاشیتی
دێ هنگیڤین
گەلەك ئاستەنگیت نەخوشیێ
داخازا مە سەربەستیە
بزاندکیت گەنجو لاوا
ئەوێت وەکی ئاسنو پیلا
دێ سوژن کنیبیت خەون و حیلا
دێ روخینت
کورسیکیت زالمو دەجالا
دێ لبیرا وا ئینن هندەك جارا
خوینا خو وان ناهێلین
چنکی ئەڤرو،
مە دڤیت ژین
ناچین بن دەستێ وان و
لە ناگرن کانیکیت ئاڤا
یان مرن بو وەلاتێ مە
یان خەبات بو سەربەستی و ئازادیێ...

Institut Kurde de Paris

کۆرێك دەربارەی:

شی کردنەوەی لایەنی هونەری لە شانۆگەری (غوریلا)دا

بەشی دووەم

کمال رۆژف هەنجیرە

زۆر لەو شتایشە سەرەتاییانە کە مرۆڤە سەرەتاییەکان دەیان گێڕا پڕ بوون لە هێڵ و ووشەی نادیارو جوڵەی جۆراو جۆرو شێوەشیان دانی ئەفسوناوی. ئەمانەش بەگشتی ئەو توانا بزورگەی لەش ولاری مرۆڤیان پیشان دەدا، کە ناراستەوخۆ ئارەزوی ئەوگۆرانە سروشتی و بایلوجیەیان دەکرد کە سوریکی تەنگی بوگیان دیاری‌کردوە.

هەرلەبەر ئەوە بوو شارەزایانی شانۆی نوێ گەڕان بەدوای چەند وەسیلەیەکی وادا کە بەهۆیانەوە بتوانن وا لەبینەر بکەن هاوبەشیەکی راستەوخۆ لەکارە درامیەکانیانا بکەن.

هەروەك چۆن هەموو ئەندامانی خێڵێکی کۆن هاوبەشی لە ئاهەنگێکی ئاینیدا دەکەن.

لە زیندو کردنەوەی ئاهەنگە ئاینیەکاندا نەهاتن لەسەر شێوەی خۆی بیهێڵنەوە: بەڵکو تەنایان بردە بەر بەکارهێنانی سۆزو رەمزی ئاین و سەما لە ئاهەنگی میللیدا. وەلەم بارەوە کروتوفسکی دەڵێت: (هیچ دەستورێك پیرۆز نی‌یە، ئەنانەتی ئەو دەستورەش کە دەڵێت، بەڵگەهێنانەوە بۆ کۆمەڵ پێویستە لەڕێی تاکە کەسێکەوە بێت).. بۆیە ئەگەر هاتوو ئەو دەقەی لەسەر ئەم شێوازە نوێیانە ویستمان پێش کەشیان بکەین و ئەو بەڵگە هەرەوزیەمان تیا بەدی نەکرد، بۆمان هەیە بگەڕێین بەدوای ئاهەنگێکی ئاینی یاخود سەمایەکی میللی و تێکەڵ کێشی رووداوەکانی بکەین و وەك خۆراکێك مەبەستی خومانی پێ تێرو تەسەل بکەین، بەومەرجەی لەگەڵ هێڵی گشتی شانۆیەکە لە باربێت.. بۆیە دەبینین دەرهێنەر ئەم خاڵەی رەچاو کردووەو وەك جەمسەری سەرەکی بۆ خزمەت کردنی دوو لایەن ستایش و سەمای ئاین و میللی بەکار هێناوە.. یەکەم بینین چەند کارەکتەریکە لە ناو هۆڵەکەداو تێکەڵ بونیان بەبینەر لایەنێکە لە مەبەست، لایەنەکەی‌بر خوڵقاندنی جەوە سۆفیەتیەکەیە لەلێدانی دەفێك و وەستانێکی بێ جوڵەی چەند کارەکتەریکدا لە شوێنی خۆیان بۆ ماوەیەك.

وا بە ساده ناتوانرێت ئەو بارە ئاینیە یاخود ئەو بارە نوێیەی مەبەستە لەلای دەرهێنەر بۆ بینەر بخوڵقێنرێت. ئەویش ئامادە کردنی هۆش خەیاڵ و هەستی بینەرە بۆ وەرگرتنی رووداوەکانی تری دوای.. سستیەکەشی لەوەدابوو، لەسۆزی دەرونی دابڕابوو، بەڵکو تەنها خستنە رویەکی سادە بوو.. زیندو کردنەوەی دام و نەریت و ئاهەنگی تایبەت لەشانۆی ئەمرۆدا پێویستی بە بەرگو گیانێکی نوێیە، تاکو توخمە تەشویقەکە بخوڵقێنێت.

ئەوەتا دوابەدوای ئەو پارچە شعرە توقێنەرە پڕ سەرمەستی‌و شکستیە (کەوەرگێڕ شیرزاد حەسەن ناوی ناوە جوملەی سەرەتانی‌و کوفری شانۆ) لەگەڵ دیمەنی سەرەتایی وەك دیاردەیەکی کۆکراوە لە مێژوو سروشت و هەموو کارتێکەرانی دەوروبەری دەبێتە سەرمەشقی کارەدرامیەکە لە بوونی بروا فەلسەفیەکەوە رێ خۆشکەریکی بەجێیە بۆچوونە ناو باسەکەو چەکەرەدان بەگرێی سەرەکی دراماکەما کە لە بنەرەتدا گرێیەکی بوون و نەفسیەو پەیوەستە بەدەرونی یانگەوە ئامانجی دەرهێنەری نوێ، ئەگەرچی لە شانۆیەکی تەعبیر یدابێت یاخود دەقێکی تەقلیدی، لە ئاکامی شۆربونەوەیدا بە قوڵترین خاڵی مەرگە ساتا ئەوەیە بگاتە بەهێزترین هۆ کە کاریگەر بێت لەسەر هۆش و هەستی بینەر.. دەرهێنەر لە پێناوی بەدەست هێنانی ئەم خاڵەگرنگە دەبێ کاریکی‌وا بکات کە هەر توخمێك لە توخمەکانی پێش کەش کردن بگاتە پلەی رووبەڕوبونەوەی کارەسات (زەبد)، ئەو توخمانەی پاڵێشتی سەرەکین لە دیمەنی یەکەمدا (ئەکتەر + دیکۆر + روناکی + موسیقا)، بەواتەیەکی‌تر پێویستە هەر یەکێك لەو توخمانە سەربەخۆیانە توانای بەدەست هێنانی هاواری روحی هەبێت.. تەکنیکی دەرهێنەری سەرکەوت و بەدەسەڵات لە چارەسەکردنی چۆنیەتی تێکڵاوکردن و بەکارهێنانی ئەو توخمانە لەدیمەنێکی کورت و پڕ مەبەستا دەردەکەوێت.

وەك لە تابلۆی سەرەتایی سەر شانۆ بەدی دەکەین، دانانی ئەکتەر لە دوای پەردەیەکی تەنك یا ئەستوری رەنگاو رەنگ بە مەبەستی ئەوەی ئەکتەر لەو قورسیە میتافیزیکیەی رزگار کات و بیگۆڕێتە سەر شێوەی سێبەر یاخود تەنها گیان لەبەریکی خاوەن رەمزو مەبەست بێت و توانای فراوان کردنی خەیاڵات و تەصەوراتی لێوە بکرێت، (دیمەنی تابلۆیێ دەنگیە کە باپێش کەش بکرێت).

لەروی دەرهێنەرو دەرهێنانەوە)

لەو رۆژەوە هونەری نواندن و لاسایی‌کردنەوە سەری هەڵداوە لە هاوشانی ئەم هونەرەشدا کەسێك بووە بەمەبەستی رێك خستنی ئەو کارە هونەرییە. جا ئەمە ئەکتەرەکە خۆی بووە یاخود نوسەر هتد... تا ئەو رۆژەی شانۆ خۆی هاوشێتە ئامێزی بروا ئاینیەکان ئەو کاتەش سەروکی کۆرس یا ئەکتەری یەکەم یانوسەر هەمان ئەرکی لەئەستۆ گرتووە.. بەم شێوەیە لەگەڵ مێژووی شارستانیەت و ئەو گۆڕانانەی بەسەر هونەری شانۆدا هات، گۆڕانیك بەسەر چۆنیەتی دەرهێنەرو هونەرەکەیدا هات...

تا لە ساڵەکانی نێوان (١٧٥٠ - ١٨٥٠) وەك هونەریکی سەربەخۆو خاوەن بوارو شارەزایی تایبەت هاتە ئاراوە.

رۆژ بەرۆژ لەگەڵ هەموو بیرو بروایەکی نوێو جوڵەیەکی تەکنولوجی‌و زانستی نوێدا ئەم هونەرەش کاژە کۆنەکەی تورەداو دەچووە کاژی نوێوە. ئەوەی مەبەست بێت لەلای ئێمە دەرهێنەرە لەشانۆی هاوچەرخدا بەگشتی کەبریتیە لە «هێڵ کێشی پرۆژەی ئەو بەرهەمە شانۆییەو لە هەمان کات ئەو مرۆڤە ئاقڵە بە تواناو زاڵەیە کە بەسەر داهێنانی چۆنیەتی پێش کەش کردن و رابەری هونەری‌و فکری وزانستی‌و ئیداری‌و دارایی شانۆییەکەدا زاڵ دەبێت).

ئەم هونەرەش لەو مێژووەوە تاکو ئەمرۆ، لە ژێر سەر دێری چوار فەرزییەی دەرهێناندا (فرضية الأخراجية) لێکیان جیاکردونەتەوە. ئەوی مەبەستی ئێمە بێت فەرزیەی سێ‌و چوارن، وەبەتایبەت سێهەم.

نوسەرە شانۆییە کۆنەکان نوسەری ووشەن، ئەگەرچی دەقیش توخمێکی جوڵێنەرە بەڵام سەرانسەر دەرهێنەر پێوەی پەیوەست نابێت بەڵکو بۆی هەیە سەربەستیانە تەصەروف بەدەقەوە بکات (لەسەر فەرزیەی سێ وچوار) بەو مەرجەی دانەبڕێت لە شی کردنەوەی کارەکتەرە سەرەکیەکە بەڵکو هەوڵی هەڵماڵین ئەوگیانە ئەفسوناویە شاعریە بدات کە لە هەموو ووشەیەکدا دارێژراوە.. ئەمەش ئەکتەری بە تواناو لە باری دەوێت لەگەڵ چاودێرییەکی ووردی دەرهێنەر.

ئەگەر هاتو ئەکتەر لە شانۆی کلاسیکیدا هەر شانۆییەکی بدەینێ‌و دەوریکی بۆ دەست نیشان بکەین، بە بۆنەی ئەو ووشە نوسراوە زانراوانەوە بەتەواوی ئەتوانێت بینوێنێ، کاری ئەم هەر لەبەر کردن و هەڵچون و داچونە، ئەمە ئەبێتە پیشەیەکی راوەستاو، بەڵام لە راستیدا هونەرمەندی راست خۆی هەڵناواسێت بە کاری هونەری‌ی راوەستاوەوە، بەڵکو ئەبێت لە ناخی‌دا هەڵی بگرێت و هەمیشە وەك خۆی بەزیندویی بمێنێتەوە.

ئەگەر کارەکەشی سەرکەوتوو نەبوو دەبا کەسێکی‌تر بێت و شوێنی ئەو بگرێتەوە.

ژیان لە بۆچون و تەصەوراتی ئەو هونەرمەندە کلاسیکیانە بەرزترە. کە ئەو بەچاوێکی نەگۆڕەوە ئەروانێتە مەسەلەکەو کاری حەتمیان پیشان دەدات.. کەوا بوو خاڵی یەکەم بۆ رزگار کردنی کارە هونەرییە راوەستاوەکە، دەرچوونە لەو رێگە ئەدەبیەی بە مەنطقی دارێژراوە.. لەم حاڵەتەدا دەرهێنەر پاڵێزەوی دەقە وەك چۆن وێنەکێشێك بەخواست و ئارەزوی خۆی رەنگەکان بۆ کێشانی روناکی‌و تاریکی بەکار دەهێنێت.

لەم حاڵەتەدا دەق دەبێتە ئەو زەمینە ئیحساسە پان و بەرینەی دەرهێنەر کە بە هۆیەوە توانای تەکنیکی جێبەجێ دەکات.

بۆمان دەردەکەوێت دەرهێنەرە نوێیەکان سورن لەسەر ئەوەی کە نرخی ووشە لە ژیان و هەستی مرۆڤ گرنگ تر نی‌یە بۆیە دەڵێن وێنەی کارەساتە جەنجاڵیەکانی ژیان و ناخی مرۆڤ و پێشکاچونەکان لە مرۆ بەدواوە لە هونەری شانۆدا زۆر جێگە لە ووشە رەق و کۆنەکان دەگرنەوە. لەگەڵ ئەوەی لەش و لاری ئەکترۆ باتیکیانەی ئەکتەر بووەتە توخمی سەرەکی لە دەربڕین و خستنە رووی دیوی ناوەوەی دەرون و مەبەستی ووشەکان. پەناشیان بردۆتە بەر کۆمەڵێك کەرەسەی نوێ کە هەم ئەواوکەری کاری ئەکتەرن. لەوانە رەنگەکان لە روناکیداو بەکارهێنانی دیکۆر بەشێوەیەکی دور لە واقع و زیندو کردنەوەو تێکەڵ کێش کردنی ئاهەنگی میللی‌و ئاینی لەسەر مەبەستی تایبەت و هاوارو گرمەگرم و نالەو جوینەوەی ووشەکان و موسیقای چروهەست بزوێن و بەکارهێنانی ئامێری موسیقی سەرەتایی وەك ئەپڵ و ئامێری هەوایی لەگەڵ هاوارهاواری دەرەوەی تەختەی شانۆ.

ئەوی لەم کارە هونەرییەدا هەستی پێ‌بکەم لە رووی دەرهێنانەوە ئەو هێڵە هاوبەشەیە کە دەرهێنەر کێشاویەتی لە نێوان دوو فەرەزییەدا ئەویش سێهەم و چوارهەمە.

سێهەمیان بەگوێرەی گرنگیان بریتین لە (ئەکتەر + دەرهێنەر + دەق) ئەم فەرزییەش پەنا دەباتە بەر هێزی جوڵەی دەرەوەی ئەکتەر، ئەم هێزەش دانەبڕە لە بارە دەرونیەکانی.. واتە ناخی کارەکتەر بزوێنی سەرەکیە بۆ دیاری کردنی هێزو چۆنیەتی شێوەی جوڵەی‌لەش.. حایرهولدو ئارتۆو کروتوفسکی وبیتریوك لە نێو چوارچێوەی ئەم فەرزییەدا کۆدەبنەوە، گەر چی هەریەکەش شێوازی سەربەستیانەی خۆی هەیە.

فەرزییەی سێهەم

(ئەکتەر + دەرهێنەر + دەق)

(مایرهولد)

پەنادەباتە بەر جوڵەی ئەکروباتیکیانە.

(ئارتۆ)

تەقینەوەلە ناخەوە بۆسەر دەرەوەی لەش. بەشێوەی سەرسوڕهێنەرانەو - گرنگی دان بە ئیقاع.

(کروتوفسکی)

گرنگی دان بە جوڵەی هەرەوەزی چرو، تێکەڵ بونیان بە ستایش و ئاهەنگی کۆن لەبارەی شێوەوە نەك لەرووی ئاینەوە.

(بیتر بروك)

(جوڵەی ستایشی‌و داستانەکۆنەکان کەزیاتر لە کروتوفسکیەوە نزیکە)

هەموو ئەوانە لەدوو دیمەنی پێش کەش کراودا دەبینین.

(١) دیمەنی هاوارکردنەکەی غوریولا،

(٢) دیمەنی سەمامیللیەکە)

بۆچی پرچی (بووکی سلێمانی) تان بڕی؟ قەرزباری مێژوو بن؟

سالی.. سالی ١٩٦٨ بوو یارمەتی (مامۆستای هونەرمەندو نووسەری بلیمەت رەفیق چالاك)م ئەدا لە تەنیا پەرە (کوردی‌کەی رۆژنامەدا) لە (چاپخانەی جاحظ لە بەغدا) دانشتبوین من بابەتە بریار، دراوەکانی مامۆستا جیا دەکردەوە ئەویش لە پۆستە نوێکانی دەروانی لە پریکا چاوی سەرنجم خستە سەری روانیم زۆربە تاسەوە بابەتیك دەخوێنێتەوە.. ئەخێر جاری بەکەم تەواوی کرد.. بۆ دورەم جار دەستی پێ‌کردەوە، پیم ووت ئەوە حەقە؟

وتی: - با خۆم تام و لەزەتەکەی بچێژم بە توش دەڵیم دوای تەواو بوون دای بەمنیش خوێندەمەوە ئەو دەمە هەر دوکیان کەوتینە بایەخ دانی ئەو بەزمانە تەرو پاراوەکەی منیش بەشیوە شەق و شرە کەم.

بابەتەکە بریتی بوو لە چیروکیك لە ژیر ناوی (شەری بابان و زووم) لە نوسینی مامۆستا (نەجمەدین رەسول) (ن. ثاری)[1] بەڵام بی دیاری کردنی سەرچاوە.

دوای (مامۆستا چالاك) وتی: بابەتیکی ترمان لەم بارەوە بۆ هاتووە کە ئەم چیروکە تەواوکەری ئەوە ئەوەندەی نەبرد ئەویشم دۆزیەوە کە لە ژیر ناوی (قارەمانیکی هەڵکەوتوە) بوو ئەویشی خوێندەوە لە ئەنجاما پێی ووتم بۆم ئەم دوو چیروکە پیکەوە، یان هەر یەکەی بەجیاواز نەکەی بە شانۆگەریك منیش لە وەڵاما ووتم: - ئەگەر مامۆستا شانو هەبیت کێ دەتوانی توخنی شانۆ بکەوێت لەو بارەوە ئێمە بەئەندازەی بەرزەتان هەر نەخوێندەوارین».

لەدوایدا ووتی من نەخۆشم ناتوانم بەم کارە هەڵسم بەڵام بۆ دوا رۆژ لە بیر نەچیت بەدوایا لە پەراوێزی چیروکەکەدا نووسی (ئەگەر بەهاتایە ئەم چیروکە بکریت بە شانۆگەری خزمەتی شانوی کوردی ئەگ ت).[2]

بەدوای ماوەیەك گەرامەوە بۆ (سلێمانی) لەسەر داخوازی (مامۆستا چالاك) بە (مامۆستا ثاری)م ووت لەوەڵاما وتی: - وزەی نوسینی درێژم نیە بالاوەکانیان پی هەڵسن ئەوەی راستی بیت بۆ سەرچاوەکەی پیم نەووت وەهەتا کۆچی دوایی کرد هەر بیری سەرچاوەم نەبوو.

لە ساڵانی حەفتاوە کەم (نووسەرو هونەرمەند) ماوە پی ناڵێم بیکات بە شانۆگەری هەر بێ کەڵك بوو؟!!

لە ساڵی ١٩٧٩دا (مامۆستا نەریمان) بانگەوازێکی لە (رۆژنامەی عیراق)دا بڵاوکردەوە کە نوسیبوی ساڵی ١٩٨٤ یادی ثاوەدان کردنەوەی شاری سلێمانی‌یە کە دووسەد ساڵ بە پەسەر یاتن ئەپەری هەمدیسان بیری ئەو چیروکانەم کەوتەوە بەچەن کەسانیکم ووت کە لە ژیر ناوی (داستانی بووکی سلێمانی)دا بێ نووسن هەمدیسان بێ‌کەڵك بوو بەری نەگرت لە ساڵی ١٩٨٣ بە (فەرمانبەری گوڤارەوە (کتێبخانەی ئەوقاف سلیمانی) زۆر سەرچاوەم لەبارەی (سلێمانی)وە لەبەر دەستا بوو هەروەها، هاتوو چوی مامۆستایان برایانی (نووسەرو هونەرمەند) بۆ ئەو (کتێبخانە)بە سەرچاوەیکی باش بوو هەر ئەو راستیە بوو بە پاڵ پێوە نەرم بۆ نووسینی (داستانی بووکی سلیمانی بەتەواو بوونی (داستانە) کە لەرێگای برای هونەرمەند (ئەریوان عومەر حەسەن دەولەتە)وە[3] پێشانی هەندێك مامۆستای وەك (بەدیع دارتاشی) دابوو کە زۆر رەزامەندیان پێشان دابوو بەرانبەری‌وە وتبوی بە لا یەنی کەمەوە ئەم (داستانە) دوو ساڵی ئەوێت بۆ (راهێنان و بەگرتن) کە ئەمەش بۆ هونەری کوردی ئەمرۆ هەتا ئەم دەمە ناچیتەسەر؟!!

لەلایەکی ترەوە ئەو دەمە هەموو (تیپ و کۆمەل هونەر یەکان) مامەلەیان لەگەڵ (تەلەفزیونی کەرکوك) نەدەکرد لەبەر ئەوە تەنیا کەسێك بۆ ئەم کارە شەررزەیە بەدەستمەوە بوو (ئیسماعیل بەرزنجی) بوو هەتا بۆ ساڵی ٩٨٤ - ٩٨٥ لە یادی دووسەد ساڵەی سلێمانی‌دا فریا بکەویت لەگەڵیا (بەرزنجی) بەڵێنی پێ‌دام خۆی وەك (ئەکتەر) هاوبەشی نەکات تەنیا بەرهەم هێنانی هونەری بگرێتە ئەستۆ لەگەڵیا وتی کۆمەلە هونەرمەندیکی وەك (تەهابابان عومەر عەلی ئەمین رەووف یەحیاو ئیبراهیم مولود) وەك (ئەکتەر) دەور ئەبینن دەرهێنانی شانۆیشی (نەوزاد مەجید) پی هەڵ دەستی لەسەر ئەم مەرجانە ریکەوتین وەك نۆسەر ماوەم دانی بەگرتنی.

هەتا ماوەیکی زۆر بە کورتی نزیکی وێنەگرتن کەبیستم کە (شێخ ئیسماعیل) هەموو ئەو هونەرمەندانە بە (نەوزاد مەجیدە)و ه راوی ناوە لەبەر ئەوەی خۆی کە تەمەنی لە (٥٠ ساڵ) زیاترە دەوری (بارام بەگ)ی (١٨ ساڵ) هەڵبژاردوە کە بردیا سەرو پلەی (ئەکتەر)یکی دەست پێ کەری نەبوو، وە ئەندازەی (داستانە)کەی هێنایە خوارەوە بەم خالانە.

١ - لەبارەی (حوار)ەوە هەر هیچی لەبەر نەبوو هەتا سەری لە (ئەکتەرە)کانی تریش تێك ئەدا.

٢ - هەرچی بزوتنەوە (حرکة) هەبوو لەداستانە کە نەی هێشتبو لەبەر ئەوەی خۆی توانای بزوتنەوەی نەبوو ئەم کارەی ئەو وزەی (ئەکتەر)کانی تریشی کۆشتبوو هەتا بە جارێك پووچی کردبونەوە.

٣ - پەراندنی زۆر هەڵوێست لەبەر ئەوە خۆی بۆی نەئەچووە سەر.

٤ - زۆرکاتی گۆرییو لە شەوەوە بۆ رۆژ لەبەر ئەوەی بەروناکی خۆی دەرکەوی تەنانەت زۆر دەوری ئەکتەرەکانی تری گرنبو بە دەورەکەی خۆی بەبی ووشەیەك بە من بڵیت.

٥ - هەموو ریگایکی بەکار دەهێنا کە من لە دەمی (راهێنان و ، وێنە گرتنە) ئامادەم نەبم هەتا هەموو هەلەکانی خۆی بۆ بچێتە سەر هەروەك ٩٥٪ بۆ چووە سەر بەڵام بوو بەهۆی پووچ بۆنەوەی؟!

٦ - کۆ کردنەوەی چەن کەسانێك لە خۆی کەمافیان بەهونەری شانوە نەبوو بێجگە لە ئەوە (ئەکتەر) بوون لە (داستانە)کەدا زۆر کاری تری پی سپارد بوون هەتا ئەگەر لێت بپرسینا لە هەندێکیان ناوی ئەوەی خستبونیە پاڵی نەی ئەزانی نەوەك کارەکەی ئەمەش وەك (یارەمەت دەری دەرهێنەر ئیکسوار ئارایشت دیکۆرکێش بەرێوەبەری بەرهەم) ئەم درۆست کراوانە لە رێگای ئەوەی پارەیکی زیاتر بخەنە گێرفانەوە بەتایبەتی (ئیسماعیل بەرزنجی) خۆی.

هەرچەن ئەوەی سەر چۆپی ئەم پووچ بۆ ئەوەی بەرهەم هێنا بەناو

لەتیف قەرەداغی

(دەرهێنەر) بەکردار وێنەگر (زوهێر مسیح) بوو کە بەم خالانە دیاری دەکەین: -

١ - پێش ئەوەی (ئەکتەرەکان) دەست بە (راهێنان) بکەن پی‌ی وتن تەنیا (حوار) لەسەر بکەن بزوتنەوەو هەموو پیوستەکان بۆ (زوهێر) دابنین بەڵام بەداخەوە کە فریای هیچ شتێك ناکەوت لەبەر ئەوەی (ئەکتەرەکان) رۆژانی وێنەگرتن نەبیت نەیان بینی ئەو رۆژانەش ئاگای لە هیچ نەبوو (وێنەگرەکانی) تەلەفزیون) بەئارەزوی خۆیان وێنەیان ئەگرت (ئەکتەرە)کانیش بەئارەزوی خۆیان دەجوڵانەوە بۆ دەرهێنەریش کەشکەك سەڵاوات؟!!

٢ - (زوهێری دەرهێنەر) بۆ یەك جار (بووکی سلێمانی) نەخوێندۆتەوە هەتا دەری بهێنێ هەر ئەو هۆیە بوو رووی نەهات (دەرهێنەر) بنوسیت لە جیاتی (جێبەجێ کردنی تەلەفزیونی) نووسی بۆیەکەم جار لە مێژووی (تەلەفزیونە) داستانیك تۆمارکرا دەرهێنەری نەبوو؟!!

٣ - لەدەمی (راهێنان و، وێنەگرتنە) پیم سەپاند کە (کاك زوهێر) (دەرهێنەر) نیە ئەم ووشەیەم لەبەر چاوی (ناسر حەسەن و جیهاد دڵپاك) پێ وتەوە لەڵاوازیا بێ دەنگ بوو؟!!

وەنەبیت (تەلەفزیونی کەرکوك)یش لەبرینی پرچە زێرینەکەی (بووکی سلیمانی)یە مقەشنی نەگرتبێت بەدەستەوە بەوێنەی (زوهێر مسیح و شێخ ئیسماعیل و هەندێك لە ئەکتەرەکان) لەوانەیە پرسیارێك بیتە پێشەوە ئەی بۆ نووسەر خۆی رزگار کرد لەم هەڵوێستە نارەوایە بۆ ئەم راستیە ماموستایان برایان (د. نافع ئاکری‌و ئەحمەد ساڵارو جیهاد دڵپاك و ناسر حەسەن و هاشم جەباری ومحەمەد هەمەوەندی‌و ئەحمەد عیزەدین) ئاگادارن لەمشت و مری نووسەر لەگەڵ (بەرەیوبەری تەلەفزیونی کەرکوك) کە هەتا نووسەر پی‌ووت ئامادەم (-/١٠٠٠ دینار) لەگێرفانی خۆم بدەم تەنیا (بووکی سلیمانی) پێشان نەدرێت هەروەها مشت و مری هەتا شەر لە بەینی نووسەر (ئیسماعیل بەرزنجی‌و کۆمەلەکەی‌و زوهێر مسیح) کە بوون بەهوی ناشیرینی خۆیان نووسەری (داستانی بووکی سلیمانی) کە بیری زادەی ١٧ ساڵی رەبەقی بی وچانی بووە.

دوا ووشە با برینی پرچی (بووکی سلیمانی) دوا داستان و شانۆگەری بیت لە (تەلەفزیونی کەرکوك)ە لیژنەیکی (هونەری ئەدەبی) درۆست بکریت لە (ئەدیب و هونەرمەندە بەناوبانگەکانی کورد هەتا جارێکی‌تر ئەم هەڵوێستە ناهەمواره ڕوونەداتەوە.

پەراوێزەکان

١) (ن. ثاری) لە ساڵی ٩٠٩ - ٩٦٩ هەروەها شاعیریش بوو دیوانی هونراوەکانی لە ژیر ناوی (هونراوەکانم) لە ساڵی ٩٦٩ دەرچو لەگەڵیا ئەو چیروکەی کە بوون بەهۆی (داستانی بووکی سلیمانی لەو کتێبەدا بڵاوکراوەتەوە.

٢) ئەم رستەیە (مامۆستا رەفیق چالاك) لە پەراوێزی چیروکەکەدا نووسی کە لە رۆژنامەکەدا بڵاو کرایەوە.

٣) قوتابیکی پۆلی کۆتایی (زانستگای هونەرە جوانەکانە بەشی تەمسیل و شانۆ لە سلیمانی) وەتا تا ئیستا ٢، ٣ شانۆگەری دەرهێناوە لە ٥، ٦ شانۆ گەریشا وەك (پاڵەوان)و (ئەکتەر) هاوبەشی کردوە لاویکی زەیرەك و بەتوانایە.

نووسین لەسەر مۆسیقا

لقمان بەرزنجی

بەر لەوەی هەر نووسینێك دابڕێژین کە پەیوەندی هەبێت بە مۆسیقا دەبێت بزانین ژان و هۆی ئەو نووسینە چی‌یەو بۆ.....

وەك دەزانین هەر وتوویژێك یا نووسینێك یا باسێك لەسەر هەر بابەتیکی ئەدەبی‌و هونەری یان کۆمەلایەتی لە رووی رەخنەو لێکۆڵینەوە سەرئەنجامی سودەبەخشی دەبێت بۆ ئەو کۆمەڵە کە بەو قۆناغەدا تێدەپەڕێ. وە مۆسیقاش بەشێکی زیندوو گرنگە لە هەموو. سات زەماوێك لەگەڵ مرۆڤدا ئاشنا بووە جا لەبەر رۆشنایی گرنگی خۆیدا پێویستە پڕ بە قالبی خۆی. بابەخی بدرێتی.

لە کۆمەڵی کوردەواری ئێمەش هەرگیز ئەم لایەنە پێشیل نەکراوەو بابەخی ئەواوی خۆی پێ دراوە تاکو ئێستا چەندین نووسین و لێکۆڵینەوەو بڵاوکراوە لاپەڕەی رۆژمانەو گۆڤارەکانیان رازاندۆتەوە بە بابەتی نووسینەوەی‌ی هەمەجۆر.

لە لایەن هونەرمەندان و نووسەرەکانمان.

ئەوەی لێرەدا مەبەستە پرسیارێکە؟

تا چ رادەیەك ئەم کارە چارەسەری مەسەلەکەی کردوە. لە رووی داهێنان و دارشتنی بابەتی مۆسیقایی نوێی. وەك دەزانین زۆر بە زۆری ئەو بڵاوکراوانە تێکرا گەماروی مەسەلەکە دەدەن لە رووی رەخنەو پێشنیارەوە وە هونەرمەندی کورد بە پلەی یەکەم جێی نیشان و بەرپرسیارن لەم کارەداو درووست کاری بەرهەمە مۆسیقایەکانن.

وەنەبێ ئێمە تاکە میللەت بێت لە هەموو جیهان بەم قۆناغە دا بڕۆین بەڵکو روربەری وری میللەتان بەم قۆناغە دا تێپەڕیان کردوەو ئەمرۆ پلەیەکی پاکیان وەدەست هێناوە لە رێ چاوپێکەوتنو کۆڕو رۆژنامەو گۆڤارەتان بۆ نمونە تا ئەمرۆش لە زۆربەی وڵاتانی ئاوروپا تیپێکی (جاز) کە ئەندامەکانی لە ٤ - ٦ کەسی تێپەر ناکات لە دوایی هەر بڵاوکردنەوەیەکی هونەری نوێدا وا لە دۆستان و رەخنەگرانی مۆسیقا دەکەن کەوا بەرهەمەکانیان هەڵسەنگێن و دەست نیشانی کەم و کوڕی‌یکەن تا لە داهاتوویان بەرهەمی چاك تر داهێن. ئەگەر چی رەخنەگری مۆسیقایی لای ئێمە لە پەنجەی دەست تێپەڕ ناکات لەگەڵ ئەوەشدا بۆیان هەیە شتێك بخەنە یاڵ بزووتنەوەی مۆسیقای

دەبا ئێمەش سوود وەربگرین لە تاقی‌کردنەوەی مۆسیقاو ئەوقۆناغانەی گەلان پێدا تێپەڕیان کردوە دوور لەوەی مۆسیقاکەمان ڕوو لە هەڵدێرو هەلبزرکان بکات. وە هیوامان گەورەیە بە دەزگا رەسمیەکان وەك لە پێشەوەیان ئەمنداریەتی گشتی رۆشنبیری‌و لاوان و دەزگای رۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی کەوا بتوانن هونەرمەندانی کورد لە بەیەك گەیشتنەوەیەکی گەورە بەیەك ئاشنا بکەن وەك کۆنگرەیەك بۆ مۆسیقای کوردی لەتەك ئەو هەموو چاوپێکەوتنو ئیستڤاڵە شانویە کوردیانە ئەمەش ئاواتی هەموو هونەرمەندان و هونەردۆستانە بۆ بنەبڕ کردنی ئەو تەگەرەو کۆسپانەی دێنە رێگەی هونەری مۆسیقای کوردی وە لەگەڵ رێزم بو هەموو دەزگا هونەریە رەسمیەکان کە وا کەم تەرخەمیان نەبووە لەم رووەوە.

Institut Kurde de Paris

زنجیرەی ڕێنووس ١٥ — نوری عەلی ئەمین

لە پێناوی ڕێنووسێکی یەك گرتوودا

لە زنجیرەی پێشوودا لە گیروگرفتی نووسینی ئامرازی (ش)و ئامرازی (و) عەتف و (ئیزافی)و وەسفی ، ئەوا لەم زنجیرەیەش دا ـ کە دوا زنجیرەی باسەکەمە ـ لە گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی بەپێی بڕیارەکانی کۆڕی زانیاری دەدوێین.

یەکەم ـ گیروگرفتی بزوێنی (ی)و (ی) لە نووسین دا:

هەر وشەیێك کۆتایی بە پیتەبزوێنی (ێ) ، یان (ێ) هاتبوو، هەر شتێکی دی بەدوادا هات، دەبێت:

ـ پیتی (ی) نەبزوێنی پارێزەری بەگەڵ بخرێت:

ـ پیتەپارێزەرەکە بلکێنرێت بەر وشەیەوە کە بەدوایدا دێت.

ـ پیتەپارێزەرەکەو وشەکەی دوای (مەبەست ئامراز ، پاشگر ، پاشبەندە) نەلکێنرین بە وشەی یەکەمە ، بەڵام لەنزیکیەوە بنووسرێن، ئەو ئامرازو پاشگرو پاشبەندەی بەر ئەم بنواشەیە کەون، ئەمانەن:

١ ـ ئامرازی (نی) نەفی:

ئەم ئامرازە هەمیشە فرمانی (ە) بوونی لە ڕێژەی ڕانەبوردووی دەمی ئێستادا پێنەفی دەکرێت. ئەم کارە پێویستی بە پیتی (ی) پارێزەرە هەیە بخرێتە نێوانیانەوەو نەلکێنرێن بە ئامرازە نەفی‌یەکەوە بەڵام لەنزیکی‌یەوە بنووسرێن ، وەك:

من کارم بە تۆ نی‌یە. (نی + ی + ە)
هیوا قوتابی نی‌یە. (نی + ی +ە)
زمانی گەل لاڵ نی‌یە (نی + ی +ە)

٢ ـ ئامرازی (ێ ـ یێك)ی نەناسراو:

ئەم ئامرازە ، ئەگەر:

ـ بەدوای پیتە نەبزوێن دا هات هیچ گیروگرفتی ڕێنووسی نابەتە ڕێمان وەك:

بەرخ ـ بەرخێ، بەرخێك
شار ـ شارێ، شارێك
چەم ـ چەمێ، چەمێك

ـ بەڵام ئەگەر بەدوا ئەو وشانەدا هاتبوو ، کە کۆتایی‌یان بە پیتەبزوێن هاتبوو، ئەوا دەبێت پیتە پارێزەری (ی) بخرێتە تەکیان ، واتە بخرێتە نێوان وشەکەوە ئامرازی (ێ ـ یێك) . وە ئەگەر مەودای لکاندن ببێت و نەبێت، نابێت بە وشەکەی پێشیانەوە بلکێنرێن ، بەڵام دەبێت لەنزیکی‌یەوە بنووسرێن، وەك:

کەوا ـ کەوایێ ـ کەوایێك
پەنجەرە ـ پەنجەرەیێ ـ پەنجەرەیێك
لارێ ـ لارێیێ لارێیێك
مراوی مراوی‌یێ مراوی‌یێك
ئەسکوێ ئەسکوێیێ ئەسکوێیێك
بەرو بەرووێ بەرووێك
چەقۆ چەقۆیێ چەقۆیێك

ئێبینی : هەندێك دەچن لە بری ئامرازی (ێ ـ یێك) ، ئاوەڵناوی (یەك) بەکاردەهێنن. دیارە بە هەڵدا چوون، چونکە چۆن ناتوانین لەدوا ئەو وشانەوە کە کۆتایی‌یان بە پیتەنەبزوێن هاتووە، ئاوەڵناوی (یەك) بەکاربهێنین و بڵێین:

(بزن یەك، مەڕیەك، بەرخ یەك ، گوڵ یەك) وەهاش ناتوانین لەوا ئەو وشانەوە کە کۆتایی‌یان بە پیتەبزوێن هاتووە بڵێین:

(گەڵایەك ، مەسینەیەك ، گوێیەك ، چەقۆیەك، شوتی‌یەك ، بەرۆویەك) چونکە ئامرازی (ێ ـ یێك) ئالمرازی نەناسراوە (نکرة)یە، بەڵام وشەی (یەك) ئاوەڵناوەو بۆ تەحدیدی وشە بەکاردەهێنرێت، وشەکە کۆتایی بە پیتە بزوێن ، یان نەبزوێن هاتبێت ، وەك:

(یەك هاوڕێ، یەك چرا، یەك مەسینە ، یەك، مەڕ، یەك گوڵ ، یەك خانوو)

٣ ـ ئامرازی (ەکە)ی ناسراو (معرفة):

ئامرازی (ەکە) ئەگەر خرایەسەر وشەیێ کۆتایی بە پیتەبزوێنی (ی،ێ) هاتبوو، دیسان پێویستی بە پیتی (ی) پارێزەر، هەیە ، وەك:

کانی + ی ەکە کانی‌یەکە
شوتی + ی + کە شوتی‌یەکە
هاوڕێ + ی + ەکە هاوڕێ‌یەکە
دێ + ی + ەکە دێ‌یەکە

ئێبینی: لەم بارەش دا، نابێت ئامرازی (ەکە) و پیتەپارێزی (ی) بلکێنرێن بە وشەکەی پێش خۆیانەوە، بەڵام دەبێت لە نزیکیانەوە بنووسرێن،

٤ ـ ئامرازی (ان)ی کۆ:

ئەم ئامرازەش دیسان ئەگەر بەدوای پیتەبزوێنی (ی، ێ، ا ، ۆ وێ)دا هات، دەبێت پیتەپارێزی (ی) بخرێتەتەك و مەودای لکاندن ببێت و نەبێت، نابێت بلکێنرێت بە وشەکەی پێش خۆیەوە، بەڵام دەبێت لەنزیکی‌یەوە بنووسرێت ، وەك:

تەشپی + ی +ان تەشپی‌یان (ئەم تەشپی‌یانە)
کەوا + ی +ان کەوایان (ئەم کەوایانە)
هەرمێ + ی+ان هەرمێ‌یان (ئەم هەرمێ‌یانە)
خوێ + ی + ان خوێ‌یان (ئەم خوێ‌یانە)
چەقۆ + ی +ان چەقۆیان (ئەم چەقۆیانە)

٥ ـ فرمانی (ە)ی بوون:

ئەم فرمانەش ئەگەر بەدوای وشەیێك دا هات، واتە بوو بە ئیسناد بۆ وشەیێك کۆتایی بە پیتەبزوێنی (ە،ا،ێ ، ی، ۆ ،وێ) هاتبوو، پێویستی بە پیتی(ی) پارێزەرە بخرێتە تەکی ـ مەودای لکاندن ، یان نەلکاندن، هەبێت ، یان نەبێت ، نابێت بە وشەکەی پێش خویەوە بلکێنرێن، بەڵام دەبێت لەنزیکی‌یەوە بنووسرێت ، وەك:

پێنووسەکە بە ئێمەیە. (ئێمە ـ یە)
خوێدانەکە پڕ خوێیە. (خوێ ـ یە)
باوکم هاوڕێیە. (هاوڕێ ـ یە)
گوڵناز هەموو گیانی تەڵایە (تەڵا ـ یە)
ئەم کتێبە هی تۆیە. (تۆ ـ یە)
مەکم لەسەر کانی‌یە. (کانی ـ یە)

٦ ـ پاشبەندی (ە):

ئەم پاشبەندەش، ئەگەر بەدوای وشەی نیشانەکراودا هات و وشەکە کۆتایی بە پیتەبزوێنی (ی، ێ، وێ، آ، ە ، ۆ) هاتبوو، دەبێت پیتەپارێزەری ی لە ڕگەڵ بخرێت ، بەڵام نابێت بلکێنرێن بە وشە نیشانەکراوەکەوە ـ مەودای لکاندن هەبێت ، یان نەبێت دەشێت لە نزیکی‌یەوە بنووسرێن، وەك:

ئەم تەشی‌یە خوارە. (تەشی ـ یە)
ئەو ترێ‌یە) ترشە. (ترێ ـ یە)
ئەم گەڵایە سەوزە. (گەڵا ـ یە)
ئەو کۆتەرەیە گەنڵە (کۆتەرە ـ یە)
ئەم جۆیە خوساوە (جۆ ـ یە)
ئەو ئەسکوێ‌یە دارە. (ئەسکوێ ـ یە)

٧ ـ پاشگری (ەم) ـ ەمین):

ئەم پاشگرەش ئەگەر بە دوای پیتەبزوێنی (ێ ، ی، آ، ە) دا هات، دیسان دەبێت پیتەپارێزەری (ی) بخرێتەتەك ئەوجا بکرێت بە پاشکۆی وشەکە ، بەڵام مەودای لکاندن هەبێت ، یان نەبێت نابێت بلکێنرێت بە وشەکەی پێش خۆیەوە ، واتە بە ژمارەکەوە، بەڵام دەبێت لە نزیکی‌یەوە بنووسرێت ، وەك:

سێ‌یەم سێ‌یەمین
نویەم نۆیەمین
دەیەم دەیەمین
سی‌یەم سەیەمین
حەفتایەم حەفتایەمین

٨ ـ پاشگری (ەوە):

ئەم پاشگرەش، بە دوای ئەو وشانەدا بێت، کە کۆتایی‌یان تەنیا بە پیتەبزوێنی (ی) هاتووە . ئەمیش پیتەپارێزەری (ی) لەگەڵ دەخرێت و مەودای لکاندن هەبێت و نەبێت نالکێنرێت بە وشەکەی پێش خۆیەوە، بەڵام لەنزیکی‌یەوە دەنووسرێت ، وەك:

نووسی + ی + ەوە نووسی‌یەوە
بردی + ەوە بردی‌یەوە
لەکانی‌یەوە (لە ـ کانی + ی + ەوە)
بە ترووزی‌یەوە (بە ـ ترووزی + ی + ەوە)

ـ دووەم ـ گیروگرفتی پاشبەندی (دا ، ڕا، وە) لە نووسین دا:

ـ پاشبەندی (دا)

ئەم پاشبەندە بە دوای هەر وشەیێك دا هات، کۆتایی بە پیتەبزوێن، یان نەبزوێن هاتبوو، نابێت پێوەی بلکێنرێت، هەروەها ناش بێت کلۆر بکرێت، واتە دالەکەی قوت بدرێت دەبێت لەنزیکی‌یەوە، بنووسرێت ، وەك :

پارەکە لە گیرفانم دا بوو. (لە . . . دا)
شەتڵەکە لە دێراوەکەدا دەچێنم (لە . . . دا)
لە کوردی‌دا بە یەکەم دەرچووم. (لە . . . دا)
بە کۆڵەکەدا هەڵ ناگەڕێم. (بە . . . دا)
لە ئەسکوێ‌دا ئاوناخۆمەوە. , (لە . . . دا)

هەروەها پاشبەندی (دا بەدوای ئامرازی پەیوەندی (تێ ، پێ ، . لێ) دا بێت ، دەشێت بەپێی بڕیاری کۆڕ پێوەی نەلکێنرێت ، وەك:

تێ‌دا . . پێ‌دا . . . لێ‌دا . . .

٢ ـ پاشبەندە (ڕا):

ئەم پاشبەندەش وەك پاشبەندی (دا) نابێت بەو وشەیەوە بلکێنرێت، کە بە دوای‌دا دێت وەك:

لە من ڕا دیارن. (لە . . . ڕا)
وێك ڕا هاتین. (وێك . . ڕا)
لە بن ڕا هەڵم کەند (لە . . . ڕا)
پێ‌ڕا گەیشتم (پێ . . ڕا)

٣ ـ پاشبەندە تەنیا بەدوای ئەو وشانەدا دێت ، کە کۆتایی‌یان بە پیتە بزوێنی (ی، آ، ە، وێ، ۆ) دێت ، ئەمیش وەك پاشبەندی (دا) و (ڕا) نابێت بلکێنرێت بە وشەکەی پێشخۆیەوە ، بەڵام دەبێت لە نزیکی‌یەوە بنووسرێت ، وەك:

ترووزی‌یەکەم بە خوێ‌وە خوارد (بە ـ خوێ ـ وە)
بارانەکە بە باوە باری (بە ـ با ـ وە)
سوارەکە لە پەنجەرەکەوە دی (لە ـ پەنجەرەکە ـ وە)
نووسراوەکەی لەتۆوە وەرگرت (لە ـ تۆ ـ وە)
نۆکەرەکە بە پێ‌وە وەستاوە (بە ـ پێ ـ وە)
کاکەم لە ڕێ‌وە هاتووە. (ـ ڕێ ـ وە)

هەروەها پاشبەندی (وە) ئەگەر بە دوای ئامرازی پەیوەندی (تێ، ێ ،لێ. . .)دا هات نابێت پێوەی بلکێنرێت ،وەك:

تێ‌وە. . پێ‌وە. . لێ‌وە

بە بیروڕای من ئامرازی (پێ، تێ، لێ. . .) ئەگەر پاشبەندی (دا، ڕا، وە) یان، بەدوادا هات و هیچی‌تر لە نێوانیان دا نەبوو، پێکەوە بلکێنرین، بەم جۆرە:

تێدا پێدا لێدا
تێوە پێوە لێوە
تێکڕا پێکڕا لێکڕا

سێ‌یەم ـ گیروگرفتی هەندی (فرمان) لە نووسین دا:

١ ـ فرمانی (دا) بۆ جوێ‌کردنەوەی لە پاشبەندی (دا) ، دەبێت لە نووسین دا دوورتر لە وشەکەی پێش خوێ بنووسرێ‌وپێ‌وەی نەلکێنرێت ، وەك:

جەنگاوەرەکان تۆزێ‌ی پشوویان دا
دزەکەم بە گرت دا.
پیاوی هەژار ئاسمان بە خوێ‌دا دا

بەڵام من پێشنیاز دەکەم بۆ جوێ‌کردنەوەی لە پاشبەندای (دا)، یەك تەقەڵ (ـ) بخرێتە نێوان (دا)ی فرمان و وشەکەی پێشی ، وەك:

جەنگاوەرەکان تۆزێ‌پشوویان دا
دزەکەم بە گرت دا
پیاوی هەژار ئاسمان بە خوێ دادەدا

٢ ـ فرمانی (بوو)ی یاریدەدەر:

ـ ئەگەر بەدوای قەدی فرمان دا هات ـ مەودای لکاندن هەبوو، پێوەی بلکێنرێت، وەك:

هاتبووم (هات + بوو. . .)
گرتبوومان (گرت + بوو. . .)
چەشتبوویان (چەشت + بوو. . .)
کڕیبووت (کڕی +بوو)

ـ ئەگەر بە دوای (ناو) یان (ئاوەڵناو)دا هات لە ڕستەی ئیسنادا ، دەبێت پێیانەوە نەلکێنرێت ، وەك:

منداڵەکە نەخۆش بوو (نەخۆش ـ بوو)
هەورەکە چڵکن بوو (چڵکن ـ بوو)
پارەکە بە من بوو (بەمن ـ بوو)

هەروەها فرمانی (بێت)یش ، ئەگەر مەودای لکان هەبوو دەلکێنرێت بەو وشەیەوە، کە بە دوای‌دا دێت، وەك:

هاتبێت ، نووستبێت ، گرتبێت ، هەڵ چووبێت
چوارەم ـ گیروگرفتی ئاوەڵناوی)تر ـ دی ـ دیکە)

ئەم ئاوەڵناوانە نابێت بە مەوسوفەکانیانەوە بلکێنرێن ، بەڵام دەبێت، لە نزیکیانەوە بنووسرێن ، وەك:

پیاوێکی‌تر پیاوێکی‌دی پیاوێکی‌دی‌کە
گوڵێکی‌تر گوڵێکی‌دی گوڵێکی‌دی‌کە

بەڵام ئاوەڵناوی (تر ـ ترین) کە بۆ پلەی بەراورد بەکاردەهێنرێن، دەبێت بە وشەکەی پێشیانەوە بلکێنرێن ـ ئەگەر مەودای لکاندن هەبوو، و وەك:

جوان جوانتر جوانترین
گەرم گەرمتر گەرمترین
نزم نزمترن نزمترین

خوێندەوارانی بەڕێز، هیوادارم ئێمەو ڕۆژنامەی (هاوکاری) بەم چەند زنجیرەیەی کە لەسەر ڕێنووسی کوردی بەپێی بڕیارەکانی کۆڕ خستەمانە بەرچاوتان خزمەتێکی ڕێنووس و زمانی کوردیمان کردبێت.

سەرچاوەکان:

١ ـ ڕابەری بۆ ئیملای کوردی — نوری عەلی ئەمین — ١٩٦٦
٢ ـ ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی — کۆڕی زانیاری کورد — ١٩٧٦
٣ ـ بابخوێنین نوری عەلی ئەمین — بەرگی یەکەم ـ — ١٩٦٠
٤ ـ ڕێزمانی کوردی ـ پرۆفیسۆر . ك . ك کوردۆییف ١٩٨٤د. کوردستان موکریانی لە زمانی روسی‌یەوە کردویە بە کوردی.
٥ ـ ڕێنووسی کوردی ـ دکتور نەسرین فخری ١٩٧٧ ـ ١٩٧٨
٦ ـ نووسینی کوردی بە ئەلفوێ عەرەبی . د. ئەورەحمانی حاجی‌مارف ١٩٨٦
٧ ـ کارنامەی لێ‌دوانی ڕێنووسی یەك گرتوو بە پیتی عەرەبی ـ ١٩٨٥ (کۆڕی زانیاری عیراق ـ دەستەی کورد.
٨ ـ ڕاسپێری‌یەکانی لێ‌دوانی ڕێنووسی یەك گرتووی کوردی ـ کۆڕی زانیاری عیراق ـ دەستەی کورد ـ ١٩٨٥

لوڕستان

نووسینی: مظفر زەنگنە
وەرگێران و لەسەر نووسینی هیمدادی حوسێن

(عەشیرەتەکانی لوڕستان)

(تاریخ گزیدە) دەڵێت قەومی لوڕ ـ دوو بەش و هەشت تایفەن، جگە لەم تایفانە هەژدە تایفەی دیش لە ناوچەی لوڕستان دا نیشتەجێن، شاهی ـ ئاراکی ـ ئرسال ـ بەهی، کە بە لوڕی دەدوێن بەڵام لوڕ نین. لوڕەکانی ئەمڕۆ چوار بەشی گەورەن ـ ماماسانی ـ کوەگیلو ـ بەختیاری ـ لوڕی ئەسڵ. شێوەزاری لوڕی بەهۆی پەیوەندی کردن لەگەڵ فارسی زمانان لە فارسی‌یەوە نیزیکە وەڵ ڕیشەی ئەسڵی خۆی کە کوردی‌یە پاراستووە. عەشیرەتی گەورەی ماماسانی (مام حەسەنی) چوار تایفەن:

باکاشی ـ جاویدی ـ دوشمن زاری ـ ڕۆستەمی.

عەشیرەتی کوەگیلو سێ لقن: ـ ئاغاجاری ـ باوی‌و جکی. ئەم لقە مەزنانە هەریەکەی چەند تیرەیەکن، بۆ نمونە: ئاغاجاری نۆ تیرەن کە چواریان تورکمانن و خۆیان خستوتە نێو ئەم عەشیرەتەوە.

عەشیرەتی بەختیاری دوو بەشن: چهار لنگ ـ هفت لنگ، هۆزیکی گەورەو بەهێزن. بەشی هەوەڵیان (چهار لنگ) لە نێوان بروجەردو گلپایگان دان و (ڕۆسۆ)ی ڕۆژهەڵاتناس جێ‌وەکانی عەشیرەتی بەختیاری بەم شێوە دەست نیشان کردووە:

دور ـ ارتفاعات ـ سبزکۆ ـ زەردکۆ ـ شوشتەر ـ ئیسفەهان.

هەروەها لەو باوەڕەدا بووە عەشیرەتی بەختیاری هەموویان (١٠٠) هەزار خێزانن یان (٣٠٠) هەزار (کورد ـ لوڕ)ن.

عەشیرەتەکانی لوڕی ئەسڵ چوار بەشن: تارخان ـ دلفان ـ سلسلە ـ بالاگریوە. ئەم عەشیرەتانە هەموویان لوڕی ئەسڵن و هەندێ تیرەی گرنگیان هەیە، وەك: دیریك وەند ـ سگەوەند. بە سەرۆك و کوێخای تایفەی دیرکوەند دەڵێن (میر).

عەشیرەتەکانی فەیلی لوڕ ـ لە لوڕستانی گەورەن و پیشەیان کشتوکاڵەو ژمارەیان لە نێوان ٥٠ ـ ٨٠ هەزار کەس دەبن و دووبەشن:

پێشکۆو پشت کۆ. هەریەکەیان نیزیکەی ١٧ تیرەن.

(ڕۆسۆ)ی ڕۆژهەڵاتناس و (مسیۆ ژونەثان) ناوی ئەم تایفانەیان لە لوڕستان دەست نیشان کردووە.

عبدالوەند ـ شێخەوەند ـ کروسی ـ کیسەوەند ـ ورفریار ـ زەهرەوەند ـ باجلوەند ـ جلیوەند ـ مافی ـ قەرەزنجیر ـ سعدەوەند ـ کالەوەند ـ لوڕزەنگنە ـ عەشیرەتی لەك تایفەیەکی گەورەی عەشیرەتەکانی لوڕو کوردە (ئینسکلوبیدیای ئیسلامی، بەرگی ٣، لاپەڕەی ١١، ١٣).

ئەم عەشیرەتانەی ئەمڕۆ لە لوڕستان و بە تایبەتی لە باکووری لوڕستان لەگەڵ عەشیرەتەکانی لوڕ تێکەڵاو بوونەو بەپێی قسەی مێژوو نووسەکان ئەم عەشیرەتانە لە ولایەتی شیبالی‌یەوە هاتوون.

(مسیۆ ڕابینۆ) دەڵێ: ئەم عەشیرەتانە لەلایەن شا عەبباسەوە سەرژمێرکراون و (حسین خان والی) کردووە بە سەرۆکی هەموویان.

ئەم ڕۆژهەڵاتناسە دەڵێت ـ سلسلە ـ دلفان ـ باجەلان ـ زەند ـ مافی ـ زەندیای کالە لە تایفەی (لەك)ن.

شیندلەر (H - Schindler) ی ڕۆژهەڵاتناس دەڵێ: کەریم خانی زەند لەم تایفەیەو لە گوندی پاریا (Paria) کە ئێستا ناوی (پاری)یە هاتۆتە دنیاوە (ئەم

بڕوانە ل ١١

Institut Kurde de Paris

وته‌ی ـ پاشماوه

بووه‌وه . .

له‌گه‌ڵ هه‌موو هه‌وڵێکی هه‌ڵگه‌ڕانه‌وه‌که‌شدا بۆ ته‌ڵخ کردنی وێنه‌ی حزب و کۆتایی پێ هێنانی ڕۆڵی تێکۆشانی‌و، له‌گه‌ڵ ئه‌و ده‌ست لێ وه‌شاندنه فراوانه‌ی له ڕێ لاده‌ره‌کان له چواری ئه‌یلوولی ساڵی ١٩٦٤ دا له حزب وه‌شاندنیان و هاوڕێ صه‌دام حسه‌ینیان گرت . . ئه‌وا حزب به سه‌ربڵندی‌و به هێزی مایه‌وه‌و فه‌رمانده صه‌دام حسین تێکۆشانی حزبی به‌ڕێوه‌ده‌بردو چالاکییه‌کانی له‌ناو به‌ندیخانه‌وه ئاراسته ده‌کرد.

به‌و جۆره هاوڕێی تێکۆشه‌ر صه‌دام حسه‌ین تێکۆشانی پاڵه‌وانانه‌ی خۆی په‌ره پێ ده‌دا له پێناوی پاراستنی عیراق و به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی هه‌موو ئه‌و هه‌وڵانه‌ی ده‌یانویست زیان به خاك و گه‌ڵی عیراق بگه‌ینن . . ئه‌وه‌بوو خۆی نه‌خشه‌ی شۆڕشی ١٧ ـ ٣٠ ی ته‌مووزی داڕێژاو خۆی ئه‌ندازیاری ڕاسته‌قینه‌یه‌تی .

ئه‌م ڕۆیش پاش بیست و حه‌وت ساڵ به‌سه‌ر ئه‌و ڕۆژه پرشنگداره‌دا تێ ده‌په‌ڕێت و سه‌رکرده‌ی فه‌رمانده صه‌دام حسه‌ین له‌گه‌ڵ گه‌له‌که‌یدا ڕاوه‌ستانێکی مێژ وبیانه ڕاوه‌ستاوه‌و شه‌پۆڵی به‌لاماری کوڵله زه‌رده‌کان به‌ره‌و دووا ده‌کاته‌وه . . به‌سه‌ر به‌رزی ڕاوه‌ستاوه سه‌رکرده‌ی جه‌نگی به‌رگری‌کردن له عیراق ده‌کات و مه‌زنترین داستان و پاڵه‌وانیه‌تی‌و سه‌رکه‌وتن تۆمار ده‌کات .

هه‌روه‌ها له جه‌نگی قادسیه‌ی صه‌دام دا بلیمه‌تیی سه‌ره‌کی فه‌رمانده هاوڕێ صه‌دام حسه‌ین له هه‌موو گۆڕه‌پانه‌کانی به‌ره‌ی جه‌نگ دا ده‌رکه‌وت .

که‌واته له نێوان حه‌وتی تشرینی یه‌که‌می ساڵی ١٩٥٩و حه‌وتی تشرینی یه‌که‌می ساڵی ١٩٨٦ مێژ وویه‌کی پڕ له خه‌بات و داستان و سه‌رکه‌وتن هه‌یه گه‌ڵی عیراق به سه‌رکردایه‌تیی هاوڕێی خۆشه‌ویستمان سه‌ره‌کی تێکۆشه‌ر صه‌دام حسین تۆماری کردوون و، هه‌ر ئه‌و سه‌رکرده‌مانه ڕێره‌وه‌که‌مان به‌ره‌و پێشه‌وه ده‌بات و له‌م جه‌نگه‌دا سه‌رکرده‌مان ده‌کات ئه‌وا ئێمه دڵنیاین که سه‌رکه‌وتن هه‌ر هی ئێمه‌و ڕۆژی سه‌رکه‌وتنیش نزیك بووه‌ته‌وه .

● هاوکاری ●

ته‌قه‌لا ـ پاشماوه

له نه‌یاره‌کانی ئه‌یانه‌وێ ژه‌نه‌ڕاڵێکی‌تری له‌بڕێی بێنن و، ئه‌یشزانێ ئه‌م ژه‌نه‌ڕاڵانه که‌سیان متمانه‌ی به هیچ شتێکی شارستانی (ناسوپایی) نی‌یه، نه‌خوازه‌لا که چاره‌نووسی هاوڕێ ئه‌ژه‌نتینی‌یه‌کانیشیان دێننه‌وه پێش چاو، به گه‌وره‌ترین ده‌رزی دائه‌نێن بۆ خۆیان .

پێنۆشێت به‌م جۆره دڵنیایه له پشتیوانی لێ‌کردنی ئه‌فسه‌ره گه‌وره‌کانی‌و، مانۆڕیش به‌رانبه‌ر نه‌یاره دیموکراته‌کانی ئه‌کاو، ته‌نها نه‌یاره سه‌رچڵه‌کانی به دوژمنی که‌ڵله‌ڕه‌ق ئه‌زانێ که خه‌باتی چه‌کدارانه‌یان له‌دژی ده‌ست داوه‌تێ شان به‌شانی جم وجووڵ و بزووتنه‌وه‌ی گه‌ڵی . نه‌یاره سه‌رچڵه چه‌ك به‌ده‌سته‌کان هه‌ر له‌م چه‌ند مانگه ڕابووردووه‌دا سه‌دان کرداری چه‌کدارانه‌یان کردووه‌و هێرشیان بردووه‌ته‌وه سه‌ر چه‌ند مه‌ڵبه‌ندی سوپایی‌و ئابووریی ڕژێم . ڕاپۆرته‌کانی ده‌وڵه‌تیش پێ له کاریگه‌ریی ئه‌م کردارانه ئه‌نێن و نکووڵی له‌وه ناکه‌ن که زیانی به‌ئازاری به ڕژێم گه‌یانده‌وه .

به‌ره‌ی (مانوێل ڕۆدریگس) که وادیاره حیزبی کۆمۆنیست له‌دوایه‌وه‌یه‌تی سه‌رکرده‌یی خه‌باتی چه‌کدارانه له‌دژی حوکمی دیکتاتۆریی شیلی ئه‌کا . ئه‌م به‌ره‌یه جێ‌پێی پته‌وی له گه‌ره‌که‌کانی کرێکاران و ناوچه هه‌ژاره‌کان و له‌ناو لادێی‌یه لاته‌کانی شیلیدا هه‌یه . ئه‌م به‌ره‌یه له ته‌قه‌لای ئه‌وه‌دایه لیژنه‌ی چه‌کداری میللی له هه‌موولایه‌ك پێکه‌وه‌بنێ بۆ داکۆکی‌کردن له خۆی به‌رانبه‌ر به‌م جه‌نگه‌ی ژه‌نه‌ڕال له‌دژی گه‌ل ده‌ستی‌داوه‌تێ .

به‌ڵام دواکه‌وتنی ڕێککه‌وتنی دوو قۆڵی نه‌یاره‌کان، له‌وانه‌یه هه‌ڵێ بۆ ڕژێم بره‌خسێنێ تا خۆی کۆبکاته‌وه‌و ته‌مه‌نی خۆی درێژ بکا . ئه‌وه‌ی پێنۆشێتی جارز کردووه سیاسه‌تی ئه‌مریکایه له مامه‌له‌کردنیا له‌گه‌ڵ شیلی . ئه‌مه‌ریکا ئیتر ئه‌وه ناشارێته‌وه که نیازی هه‌یه پاڵ به پێنۆشێته‌وه بنێ‌و دووری‌بخاته‌وه‌و ئه‌وه‌ی له هایتی‌و له فیلیپین کردی له شیلی‌یش دووباره‌ی بکاته‌وه .

به‌ڵام دیکتاتۆری شیلی که به‌شی خۆی له چاره‌نووسی ماركۆس و دۆڤاڵی فێربووه، وا مامله له‌گه‌ڵ ئه‌م ته‌وژمه‌ی ئه‌مه‌ریکای هاوپه‌یمانی ئه‌کا که سه‌خت ترین زه‌بروزه‌نگه له‌دژی هه‌موو بزووتنه‌وه‌یه‌کی هه‌ر جۆره نه‌یارێك به‌کاربێنێ . زمانی حاڵی پێنۆشێت ئه‌ڵێ : ماركۆس له‌وه‌دا به‌هه‌ڵه‌چوو که گوێی بۆ ئامۆژگاریی ئه‌مه‌ریکایی یه‌کان شل کردو ڕێگای نه‌یاره‌کانی دا به ئاره‌زووی خۆیان خۆیانشاندان ڕێك بخه‌ن تا سه‌ره‌نجام خۆی له دوورگه‌کانی هاوای گرته‌وه! له‌به‌ر ئه‌وه ئه‌م هه‌رگیز هه‌ڵه‌کانی هاوڕێ دوورخراوه‌که‌ی دووباره ناکاته‌وه، به‌ڵکو له ده‌رزی هاوڕێ قنگه داکوتاوه‌که‌ی کۆریای خوارووی‌یه‌وه فێرئه‌بێ که نایه‌وێ ده‌س له جێ قنگه‌که‌ی هه‌ڵگرێ . پێنۆشێت هه‌ر گله‌یی له‌و ئامۆژگاری‌یانه‌یه که هه‌میشه بۆی‌ئه‌که‌ن و ئه‌ڵێن به ئاره‌زووی خۆت هه‌ڵسه بڕۆ بارکه به‌رله‌وه‌ی هه‌ڵت له‌کیس بچێ‌و ته‌نانه‌ت هلیۆکۆپته‌رێکیشت ده‌س نه‌که‌وێ هه‌ڵتگرێ بتباو، که‌شتی‌یه‌کی جه‌نگی به‌هاوارته‌وه نه‌یه‌ت و، چاره‌نووسێکی ڕه‌شت بێته ڕێ له هیی ئاوه‌ڵه پێشینه‌کانت نه‌گبه‌تانه‌تر . . به‌ڵام وادیاره گه‌ردوون به ئاره‌زووی پێنۆشێت ناگه‌ڕێ‌و، دڵی له‌گه‌ڵ نه‌یاره‌کانیه .

له ڕۆژنامه‌ی (الثوره)ی به‌غدایی‌یه‌وه
کراوه به کوردی
وه‌رگێڕ: م.م.ك.

نه‌یار: معارض. — په‌ل: جناح.
به‌ره‌ودوا ژماردن: العد التنازلي. — به‌رپان: واسع.
ئۆفیس: مكتب. — مانۆڕکردن: مناوره.
کۆنه‌کار: محافظ. — سه‌رچڵ: متطرف.
هه‌رانه‌ویست: مسالم، سلمي.

لوڕستان ـ پاشماوه

دێیه ٣٠کم له ده‌وڵه‌ت ئاباده‌وه دوورو‌ه که‌وتۆته سه‌ر ڕێگای سوڵتان ئاباد) .

که‌ریم خانی زه‌ند له‌سه‌رده‌می خۆی تایفه‌ی (بایرانه‌وه‌ند)ی له‌گه‌ڵ خۆی بردووه بۆ شیرازو ئه‌م عه‌شیره‌تانه له‌گه‌ڵ عه‌شیره‌تی باجه‌لان له ١٢١٢ی کۆچی بۆ هاتنه کایه‌ی حکومه‌تی زه‌ند یارمه‌تی محه‌مه‌د خانی زه‌ندیان داوه‌و له‌سه‌رده‌می فه‌رمانڕه‌وایی قاجاری‌یه‌کان ئه‌م عه‌شیره‌تانه په‌رت و بڵاو په‌ڕاگه‌نده بوون و عه‌شیره‌تی زه‌ندیش هیچی وای نه‌مابوو له نێو بچن و هه‌ندێکیشیان چوونه نێو عه‌شیره‌تی باجه‌لانه‌وه‌و به‌ره‌و خانه‌قین که‌وتنه ڕێ‌و ئێستایش هه‌ندێ له عه‌شیره‌تی زه‌ند له ناوچه‌ی (دوروفرامان) له باشووری ڕۆژهه‌لاتی کرماشان دا نیشته‌جێن .

کۆمه‌ڵێ له عه‌شیره‌تی مافی له ناوچه‌ی (ورامین ـ تاران ـ قه‌زوێن)ن و هه‌ندێکی عه‌شیره‌تی (له‌ك)یش له شاری شاهپوور (سه‌لماس)دا نیشته‌جێن . به‌پێی قسه‌ی هه‌ر دوو ڕۆژهه‌لاتناس (ف ـ مان) (V. man) و ڕابینۆ (Rabino) عه‌شیره‌ته‌کانی له‌ك له لوڕستان چه‌ند به‌شێکن .

سلسله ٩ هه‌زار خێزان ـ دلفان ٧٤٧٠ خێزان ـ ئه‌مرائی ١٥٨٢ خێزان ـ دالوه‌ند ١٠٠٠ خێزان سه‌رجه‌می گشتی‌یان ١٩ هه‌زار خێزانن .

عه‌شیره‌تی دالوه‌ند، که به‌شێکن له باریرانه‌وه‌ندو له‌گه‌ڵ ئه‌وان دا له ڕۆژهه‌لاتی خوره‌م ئاباد دا نیشته‌جێن و سلسله و (دلفان)یش له ده‌شتی ئه‌لیشته‌رو خاوه دان .

ترهان = ترخان له ده‌سته چه‌پی ده‌ریاچه‌ی سایباردا نیشته‌جێن، مه‌خله‌س، شوێنی نیشته‌جێ‌ی (له‌ك)ان له باکوورو باکووری لوڕستانه‌و به (له‌کستان) ناوی ڕۆیشتووه .

عه‌شیره‌ته‌کانی سلسله ـ دلفان ـ ترخان له ژێر چاوه‌دێری عه‌لیخان و کوڕه‌کانیه‌تی (١٩١٤) .

عه‌شیره‌تی دلفان و ترخان ئه‌هل حه‌ق ن ـ ئینسکلوپیدیا ده‌رهه‌ق سه‌رژمێری لوڕستان ده‌ڵێ (گزون) له ١٨٨١ی زایینی به ٩٩٩و ٤٢١ که‌سی ته‌خمین کردووه، که ١٧٠ هه‌زاریان به‌ختیارین و ١٤ هه‌زاریان کۆهگیلون و ٢١٠ هه‌زار فه‌یلین .

له ١٩٠٤ (رابینۆی ڕۆژهه‌لاتناس به‌شی پێشکۆی به ١٣٠ هه‌زارو پشتکۆی به ٥٠ هه‌زار که‌س داناوه ـ هه‌روه‌ها له‌مه‌ڕ زمانی خه‌ڵکی لوڕستان ده‌بێژێ لوڕی گه‌وره (مامه‌سانی ـ کۆهگیلو ـ به‌ختیاری) لوڕی بچووك فه‌یلی ـ کوردی‌یه‌و له فارسی‌یه‌وه نێزیکه‌و هاوبه‌شی زۆریان هه‌یه‌و به‌شی له‌ك له زمانی کوردی نێزیکتره (بله که‌ڵه‌وری ده‌ئاخفن)(. عه‌شیره‌تی ماهکی (له ده‌ورو به‌ری کرماشان و هلیلان) به له‌کی ده‌دوێن .

عه‌شیره‌تی شوهان له باشووری پشتکۆ به‌کوردی کرمانجی ده‌دوێن . . . له (ئاراك) عه‌شیره‌تی (ئه‌نبارلو) نێزیك طارم ـ له ده‌وروبه‌ری بروجه‌رد، عه‌شیره‌تی به‌یات و پیرانه‌وه‌ندن .

له فارس عه‌شیره‌تی شوانکاره که زۆر گه‌وره‌ن و له مێژووی وڵایه‌تی فارس و کرمان زۆر ناویان هاتووه‌و خاوه‌نی حکومه‌تێکی سه‌ربه‌خۆ بوونه‌و شوێنه‌که‌یان زارکان و ئاسیابانان (اصطحبانات) یۆرك ـ تارم ـ خیرا ـ نیریز ـ کروم ـ رونیز ـ لار ـ داراب ـ جرد له ڕۆژهه‌لات شیراز تا بجنه‌وه‌رد تا که‌نار که‌نداو درێژ بۆته‌وه‌و خه‌ریکی بازرگانی‌و کشتوکاڵن و نێزیکه‌ی ٣٠ هه‌زار خێزان ده‌بن و جاران (٥) به‌ش بوون .

ئیسماعیل ـ رامانی ـ کازرنی ـ مه‌سعوودی ـ شادکانی ـ یه‌که‌م پاشای ساسانی‌یه‌کان (ئه‌رده‌شێر) له تایفه‌ی شادگان بووه‌و له ده‌وروبه‌ری که‌نداو بووه‌و به‌پێ‌ی به‌ڵگه‌نامه مێژوویی‌یه‌کان له تایفه‌ی مه‌زن و پرشکۆی ڕامانی‌یه (فضلویه) حوکمدارانی شوانکاره‌و کرمان هه‌میشه له‌و تایفه‌یه بوونه (ئینسکلوپیدیای ئیسلامی، به‌رگی دووه‌م) له ویلایه‌تی کرمانیش چه‌ند عه‌شیره‌تێکی کوردی کۆچه‌ری لێ‌یه که له‌به‌ر ئه‌وانه‌وه به‌ڵگه‌نامه‌یه‌کی ئه‌وتۆ به‌ده‌سته‌وه نی‌یه ـ له ده‌وروبه‌ری تارانێ عه‌شیره‌تی پازۆکی هه‌ندێك له‌و عه‌شیرهته گه‌یشتوونه‌ته باشووری ئێرانێ ـ

له ویلایه‌تی گه‌یلانێ عه‌شیره‌تی «عومه‌رلو»ی لێ‌یه که خاوه‌نی چه‌ند تیره‌یه‌که وه‌ك : قیدقوانلو ـ شبکانلو ـ بهادرلو ـ شاکولانلو ـ بشانلو که نادرشا له خوراسانه‌وه بۆ ئه‌وێ کۆچی پێ کردوون . (کۆمه‌ڵه‌ك میلله‌تانی ئاسیای ناوه‌ڕاست) .

له ولایه‌تی خوراسان له نێوان مه‌شهه‌دو بجنه‌وه‌ردا عه‌شیره‌ته‌کانی شادلو ـ زه‌فه‌رانلو ـ عومه‌رلو، هه‌ن .

(عه‌شیره‌تی زه‌فه‌رانلو تایفه‌یه‌کی زۆر گه‌وره‌یه) .

له مێژو وی نادرشادا باسێکی دڕیاره‌ی عه‌شیره‌ته‌کانی چمشکزاك و قه‌ره‌چورلی تیایه که کوردن و نادرشا بۆ شه‌ڕ له‌گه‌ڵ توركیانه‌کان سوودی لێ بینیون .

له ولایه‌تی هه‌مه‌دان عه‌شیره‌تی چوزیکان نیشته‌جێن له مازنده‌ران عه‌شیره‌تی موداندلو که له عه‌شیره‌ته کورده‌کانن (کورد ـ لوڕ) .

● ● ●

● سه‌رنجه‌کانی وه‌رگێڕ:

١ ـ ده‌ربا‌ره‌ی عه‌شیره‌ته لوڕی‌و زره لوڕی، شه‌ره‌فخانی بدلیسی وای نووسیووه: «ئه‌و تیره لوڕانه‌ی که به بنیچه نه‌چنه‌وه سه‌رکۆنه دانیشتوانی کول. لوڕی ته‌واو ڕه‌سه‌ن و بێ‌گه‌رد نین. وه‌ك : هۆزه‌کانی :

١ ـ کرۆسکی ٢ ـ لێنکی ٣ ـ ڕۆژبه‌یانی ٤ ـ ساکی ٥ ـ شادلویی ٦ ـ دادو عه‌یانی ٧ ـ محمد که‌ماری . . . که به لوڕی ڕه‌سه‌ن داناندرێن و زره لوڕن .

هۆزی جه‌نگه‌ڕویی که فه‌رمانڕه‌واکانی لوڕی پچوك له‌وانن . له لوڕه ڕه‌سه‌کانن و ده‌چنه‌وه سه‌ر تیره‌ی (شه‌لبۆری) .

هه‌روه‌ها تیره لوڕه‌کانی :

١ ـ کارانه ٢ ـ زه‌ڕنگه‌ری ٣ ـ فه‌زلی ٤ ـ ستوه‌ند ٥ ـ ثالانی ٦ ـ کاهکامی ٧ ـ ره‌خوارکی . ـ دڕی ٩ ـ براره‌ند ١٠ ـ مانگره‌دار ١١ ـ ئه‌نارکی ١٢ ـ بولعه‌بباسی ١٣ ـ عه‌لی ماماسی ١٤ ـ کێجایی ١٥ ـ سلکی ١٦ ـ خوده‌کی ١٧ ـ نه‌دڕوێی وگه‌لێك هۆزو تیره‌ی تریش له‌و لوڕه ڕه‌سانه‌ن .

به‌ڵام هۆزه‌کانی ١ ـ سامی ٢ ـ ئه‌سپات ٣ ـ سه‌هی ٤ ـ ئه‌رکی

ئه‌گه‌رچی به شێوه‌ی لوڕیش داخێون لوڕ نین و ته‌نیا هه‌ر ئه‌وه‌نده‌یه که بۆره‌پیاگ و ڕه‌مه‌کی بون و له گونده‌کانیان دا به مسکێنی دامه‌زراون . . .[1]

٢ ـ به پێویستی نازانم به درێژی ده‌ربا‌ره‌ی وشه‌ی «لوڕ» و نه‌ژادی لوڕه‌کان و جوگرافیاو ئه‌نتۆگرافیای لوڕه‌کان لێره بنووسم، چونکه وه‌ك باسێکی فراوان له گۆڤاری «ڕۆشنبیری نوێ» چاوه‌ڕێ‌ی بڵاوکردنه‌وه‌یه، چاوه‌ڕێ بن .

٣ ـ بۆ مه‌سه‌له‌ی زمان، لوڕه‌کانی کرماشان خۆیان به به‌شێك له فارس دانانێن و ته‌نانه‌ت شێوه‌زاره‌که‌ی خۆیان له فارسی جیاده‌که‌نه‌وه، ئه‌مه‌ش زێتر له فۆلکلۆره‌که‌یان ڕه‌نگی داوه‌ته‌وه، بۆ وێنه بروانه ئه‌م به‌یته فۆلکلۆریه‌ی ناوچه‌ی کرماشان، که زۆر باوه:

خوم کردو تو فارس زوان دو جوره
خاطر خوات بیمه یه‌کار زوره[2]

Khwa - m Kord - O to fârs, Zûân do jûr - a

Khâter Kh (W) â - t' bima, Ya Kâr - e Zûr - a

بۆ ئه‌وه‌یش، که دیالێکتی لوڕی زیاتر له دیالێکته‌کانی دی زمانی له په‌هله‌وی (فارسی ناوه‌ڕاست) نزیکتره‌و کاریگه‌ری به‌سه‌ره‌وه‌یه، دیاره ئه‌مه‌ش هۆی تایبه‌تی خۆی هه‌یه .[3] به‌ڵام ئه‌مه به هیچ شێوه‌یه‌ك نه‌بۆته هۆی به فارسی دابندرێ‌و به‌ڵکو مێژوونووسان هه‌ر به کوردیان له قه‌ڵه‌م داون؛ بۆ نموونه .

لۆرد کۆرزۆن له سه‌فه‌ر نامه‌که‌ی خۆیدا نووسیویه: وادیاره‌که‌وێ لوڕه‌کان له تایفه‌ی کورده‌کانن .[4]

هه‌روه‌ها مسته‌ر ڕیچ له گه‌شته‌که‌ی خۆیدا به‌ختیاری‌یه‌کانی به‌کورد داناوه‌و کورده‌کانی به به‌ختیاری یان له‌ك ناوبردووه که تایفه‌یه‌کی لوڕن![5]

هه‌روه‌ها له (قاموس الاعلام التركي)دا نووسراوه:

«گه‌لی لوڕستان زێتر له هه‌موو گه‌لێك له کورده‌وه نێزیکن چ له ڕووی زمانه‌وه‌و چ له ڕووی داب و نه‌ریته‌وه .[6]

● په‌راوێزی سه‌رنجه‌کانی وه‌رگێڕ: ـ

١ ـ شه‌ره‌فخانی بدلیسی، شه‌ره‌فنامه، هه‌ژار کردویه به کوردی، به‌غدا، ١٩٧٣، لا ـ ٨٢ .

٢ ـ مکری، دکتر محمد: گۆرانی یا ترانه‌های کردی، کتابخانه دانش، طهران، ١٣٢٩، ص ٢٠ .

٣ ـ بروانه: صفی زاده، صدیق: فرهنگ ماد، جلد اول، تهران، ١٣٦١، ص ٢٩ .

٤ ـ پاشا، احسان نوری: کردو کردستان یا تاریخ ریشهٔ نژادی کرد، تهرا، ١٣٣٣، ص ٩٧ .

٥ ـ همان سه‌رچه‌اوه، لا ـ ٩٧ .

٦ ـ بروانه: گۆڤاری کاروان، ژماره ٣٥، ١٩٨٥، لا ـ ٢٢ .

★ ★ ★

● سه‌رچاوه:

ئه‌م وتاره‌ی سه‌ره‌له‌شکر موزه‌فه‌ر زه‌نگه‌نه‌م له کتێبی (دودمان آریائی، جلد اول، ١٣٤٧، ٢١٥ ـ ٢١٨) کردووه به‌کوردی .

● ● ●

به‌ڵاڤبوونا نه‌ساخی‌یا

● تیل صالح موسی ●

ژماره‌ی پیشوو به‌شی یه‌که‌می ئه‌م وتاره‌مان بڵاوکرده‌وه له‌به‌ر چه‌ند هۆیه‌کی هونه‌ری نه‌مانتوانی پاشماوه‌که‌ی بڵاوبکه‌ینه‌وه وا لێره دا بڵاوی ده‌که‌ینه‌وه‌و سوپاس .

دی، هه‌روه‌سا مێش هژماره‌کا نه‌ساخی‌یا به‌لاف دکه‌ت، مێش ل سه‌ر گه‌له‌ك جهێت پیس داددەت و گه‌له‌ك پیساتی‌و به‌کتریا دگه‌ل خۆ دهه‌لگریت و داددەته خوارنا مروڤی‌و مروڤی نوشی نه‌ساخی‌یا دکه‌ت . ژبه‌رهندێ ژناف برنا مێشا گه‌له‌کا فه‌ره، نه‌خاسمه چونکی مێش دناف مالاندا دژیت . مێش گه‌له‌ك نه‌ساخی‌یا به‌لاف دکه‌ت وه‌ك : «ته‌راخوما ـ کولێرا ـ تیفوید»و گه‌له‌کێت دی .

گه‌هشتنا به‌کتریاو ڤایروسا بۆله‌شێ مروڤی : ـ

١ ـ بریکا پیستی :

پیست هه‌می ده‌ما چه‌په‌ره‌کێ باشه دریکا به‌کتریادا، دا نه‌چنه دناف له‌شێ مروڤی‌دا، ل ده‌مێ برینداربوونا پیستی ب هه‌زارا به‌کتریاو ڤایروس دچنه دناف له‌شێ مروڤی‌داو گه‌له‌ك نه‌ساخی‌یا لجه‌م مروڤی په‌یدادکه‌ن وه‌ك :

«گه‌زازه‌و گه‌له‌کێت دی .

٢ ـ بریکا ده‌زگه‌هێ هێرانێ : ـ

ئه‌فه ژریکێت باشه بو چوونا به‌کتریا بو ناف له‌شێ مروڤی ئه‌وژی بریکا ده‌فێ‌و ده‌زگه‌هێ هێرانێ . ب راستی ژماره‌کا زۆر به‌کتریا بڤێ ریکێ دچنه دناف له‌شێ مروڤی‌دا، لێ هه‌می بێت خرابی‌ێ نینن یان دبێ‌هێزن، لێ ئه‌گه‌ر بهێز که‌تن و ده‌وروبه‌رێ وان خوش بوو دێ زێده‌بن و دێ دیوارێت ریڤیکا کون که‌ن و دێ چنه دناف خوینا مروڤی‌داو دی ل له‌شێ مروڤ به‌لاف بن، یان دێ دناف ئه‌ندامه‌کێ مروڤی‌دا ئاکنجی بن و ده‌ست بژیانێ که‌ن و نه‌ساخی‌ێ گه‌هینه له‌شێ مروڤی .

٣ ـ بریکا ده‌زگه‌هێ بێهنێ :

هه‌روه‌سا ده‌زگه‌هێ بیهنێ نه‌خاسمه لایێ سه‌ری پێ‌پره ژگه‌له‌ك ره‌نگێت به‌کتریاو ڤایروسا، لێ‌ئه‌وژی دبێ هێزن، هه‌روه‌سا هژماره‌کا زۆر به‌کتریاو ڤایروس بڤێ ریکێ ژمروڤه‌کێ نه‌ساخ بو له‌ش ساخه‌کی دچن .

ئه‌گه‌ر ده‌وروبه‌ر بو ڤان به‌کتریاو ڤایروسا خوش بوو یان به‌رگریا مروڤی کێم بوو دێ ده‌ست بژیانێ که‌ن و دێ مروڤی نه‌ساخ که‌ن .

٤ ـ بریکا ده‌زگه‌هێ میزێ :

گه‌له‌ك به‌کتریا بڤێ ریکێ دگه‌هنه له‌شی‌و گه‌له‌ك نه‌ساخی‌یاو کولبوونا چێده‌که‌ن ژوان نه‌ساخی‌یا وه‌ك «سیفلس ـ سێلان»و هنده‌کێت دی ـ هه‌ژی گوتنێ‌یه کو ئه‌ف نه‌ساخی‌یا ل ده‌مێ جووت بوونێ ژکه‌سه‌کی دچنه که‌سه‌کێ دی . دیسا گه‌له‌ك نه‌ساخی ژنکا دگرن ل ده‌مێ بچویك بوونێ بریکا ده‌زگه‌هێ بچویك بوونێ .

د. کاوس ـ پاشماوه

ڕۆمان ئاوێنه‌ی کۆمه‌ڵگایه . ئه‌گه‌ر شیعرئاوێنه‌ی کۆمه‌ڵگای ده‌ره‌به‌گی بێت، په‌خشان و چیرۆك و ڕۆمان ئاوێنه‌ی کۆمه‌ڵگای بورجوازی‌و سه‌رمایه‌داری‌یه بۆچی ڕۆمان نووسین له میسرو له لوبنان له بره‌ودایه‌و ئه‌و دیارده‌یه له ئوردن و سوریاو یه‌مه‌ن و [جه‌زائیر جیاواره] عیراق و سعودی‌یه وه‌ها نی‌یه؟ ئه‌گه‌ر بمه‌وێ درۆ له‌گه‌ڵ خۆشمانه‌که‌م سه‌ربه‌ستی نووسین و بڵاوکردنه‌وه‌ش ده‌وری خۆی هه‌یه به‌ڵام ڕاده‌ی پێشکه‌وتنی کۆمه‌ڵگاکه ئه‌ساسه . کۆمه‌ڵگای ته‌نگه‌ربه‌ر، کۆمه‌ڵگایه‌ك ئافره‌ت تیایا سفر بێت، مرۆڤ به‌ترسه‌وه چاو هه‌ڵبڕێت له‌و شوێنانه‌دا ، ئه‌گه‌ر جارێك یان دوو جار ڕۆمان بتووسرێت ، به‌ڵام به‌ده‌گمه‌ن بۆ جاری سێهه‌م ئه‌نووسرێت، ئه‌گه‌ر ئه‌وه‌ش ڕوو بدات دووباره بوونه‌وه‌ی زۆر تێدایه هه‌ر له‌به‌رئه‌وه ئێمه ڕۆمانمان نی‌یه . پێشمه‌رگه‌که‌ی ره‌حیمی قازی‌و ژانی گه‌ل و ئه‌و چه‌ند شتانه‌ی تر بڵاوکرانه‌وه ڕۆمان نین .

چیرۆکێکی درێژ ن . به‌ڵام زۆربه‌یان له ڕووی په‌ره‌زۆری‌یه‌وه چیرۆکی هێژن . به‌ڵای منه‌وه پێشه‌رگه‌که‌ی ره‌حیمی قازی لوتکه چیرۆکی درێژی کوردی‌یه . له هه‌موو ڕوویه‌که‌وه ته‌واوی پێوه دیاره . له لیننگراد ، که‌وتمه خوێندنه‌وه‌ی وه‌ك هه‌موو چیرۆکی سه‌رکه‌وتووی میلله‌تانی ڕۆژ ئاواو ڕۆژ هه‌ڵات نه‌متوانی ده‌ست به‌ردای بم هه‌تا ته‌واوم کرد . ئه‌مه‌ش نیشانه‌ی هه‌موو چیرۆکێکی سه‌رکه‌وتووه‌و له‌وه دڵنیام ئه‌گه‌ر ئه‌و چیرۆکه بکرێت به ئینگلیزی‌و هه‌ر زمانێکی تر، ئه‌وه‌ی ئه‌یگرێ به ده‌سته‌وه وازی‌لێ‌ناهێنێ تا دێته سه‌ر دووا په‌ره‌ی . هیچ نه‌بێ ئه‌م به‌رهه‌مه‌مان هه‌یه . به‌ڵام نووسه‌ری پێشه‌رگه، شتێکی تری نووسی؟ به‌رهه‌مێکی تری له‌و باشریان له‌و ڕاده‌یه‌دا خسته‌کایه‌وه؟ چیرۆك نووسانی کورد شتێکی تریان نووسی باز به‌سه‌ر ئه‌ودا بدات . نه‌خێر!؟ که‌واته له‌و مه‌یانه‌شدا هێشتا منالی شیره خۆره‌ین . من به‌شی به‌حاڵی خۆم له سه‌ره‌تای نووسینما [ئه‌وسا هێشتا قوتابی سانه‌وی بووم] چه‌ند چیرۆکێکی درێژم نووسی . بۆ براده‌رانم ئه‌خوێنده‌وه . به‌ڵام هه‌تا ئه‌وانیش باویشکیان ئه‌دا . ئه‌وه‌ی باش بوون له ناو چوون . به‌ڵام ساڵی ١٩٦١ له لیننگراد چیرۆکی درێژم نووسی . باسی کێشه‌ی قوتابی‌یه‌که کورد ئه‌کات له‌وێ . بێ‌گومان کێشه‌که کێشه‌ی خۆمه، ناوی (که‌تیرو دڵه) . هه‌تا ئێسته، هه‌ر ماوه به‌ڵام قه‌ت سه‌یرم نه‌کردۆته‌وه نامه‌وێ ده‌ستی پیابهێنم . چونکه له سه‌ر دڵداریه . تاقی‌کردنه‌وه‌ی دڵداری قه‌ت پیر نابێت چونکه کێشه‌یه‌کی هه‌میشه‌یی مرۆڤه . به‌ڵام ئه‌و ڕۆمانانه‌ی هه‌تا ئه‌مڕۆ نووسراون زۆربه‌یان له‌سه‌ر سیاسه‌ت دامه‌زراون روخارێکی ساده‌ی سیاسه‌تیش، واته بێ قووڵ بوونه‌وه .

ـ کورته‌یه‌ك ده‌رباره‌ی ژیانت

● ساڵی ١٩٣٣ له دایك بووم و هه‌ر یه‌زدان خۆی ئه‌زانێ که‌ی ئه‌مرم

هافیلانج به‌هیوایه کاسی جیهانی ساڵی ٢٠٠٢ له صین ببه‌سترێ

خواهافیلانج ـ ی سه‌ره‌کی یه‌کێتی جیهانی له توپی پێدا له (سان خۆزیه) دووپاتی کرده‌وه که به هیوایه بێشبرکێ‌ی کاسی جیهانی له ساڵی ٢٠٠٢ دا له (صین) ببه‌سترێ .

هافیلانج ڕوونی کرده‌وه له . گونگره‌یی ڕۆژنامه گه‌ریدا که له سان خۆزیه به‌ستی ، که باوه‌ڕی وایه به‌ستنی یاری کردنی کاسی جیهانی له صین کارێکی گرنگی ده‌بێ .

ئاماژه‌ی ئه‌وه‌ی کرد ئه‌م جۆره پێشنیازه له‌وه‌وه هه‌ڵده‌قوڵێ که صین له کاتی به‌ستنی یارییه‌کانی کاسی جیهانی بۆ تازه پێگه‌یشتووه‌کان که ته‌مه‌نیان له ١٦ ساڵ که‌متره زۆر سه‌رکه‌وتوو بو،

هه‌روا وتی صین توانای ئه‌وه‌ی هه‌یه میوانداری یارییه‌کانی کاسی جیهانی بکا .

هه‌روا بلاوی کرده‌وه که ساڵی داهاتو سه‌ر له (صین) ده‌دات .

Institut Kurde de Paris

هەرجاری نووسینێك

هەموو هەوڵێکیان بە نیرۆ چوو

گوڵزار

فارسەکان لەوەتی هاتوونەتە دنیاوە چ لەپێش پەیدابوونی ئایینی ئیسلام دا یادوای ئەوە هەر خەریکی ئەوەبوون بڵێسەی حەق و عەدالەت بکوژێننەوەو رووناکی و تیشکی سەربەستی کزبکەن.. بەردەوام خەریکی ئاژاوە نانەوە بوون بۆ نەتەوەی عەرەبی قارەمانمان هەرچی لە توانایان دابووە کردویانەو درێغیان نەکردوە بەڵام لە ئەنجام هیچیان بۆ نەماوەتەوەو سەری خۆیان بەدیواری پتەوی گەل دا کێشاوەو لە ماڵوێرانی و نائومێدی بەولاوە هیچیان دەسگیرنەبوە.

ئیمرۆکەش لە چەرخی نوێدا دوای ئەوەی پێش چەند ساڵێك بۆ بەدبەختی گەلانی ئێران تاقمێك لەژێرپەردەی ئایین داو بەهاوکاری ئیمپریالیزم و زایۆنیزم جلەوی کاری لە وڵاتی ئێران دا گرتوتەدەست و خۆی بەسەر خەڵکی ئەو وڵاتەدا سەپاندوا دیارە بیروخەیاڵی کۆنی باووباپیرانیان لەسەر دەستدرێژی و زەوتکاری بیرنەکردوەو لەو ساکەوە چاوی تەماعیان بریوەتە خاکی عیراقی خۆشەویستمان وڵاتە عەرەبیەکانی ناوچەی کەنداوی عەرەب و بگرە گەلی وڵاتانی تریش کە لە ناوچەەدان .

لەبەرئەوە ئەم دەستەتازەیە دەستەی خومەینی جادوگەر. هەموو وەخت و ساتێ خەریکی پیلان نانەوەن و دەیانەوێ ئاسوودەیی ناوچەکە بشێوێنن و نیازی پیسی خۆیان بەجێبهێنن.. هەرئەمەش بوو هانی‌دان کە شەڕ بە گەلی عیراقی نەبەز بفرۆشن بەو هیواو ئومێدەی کە ئەو کۆمەڵە چەکانەی شای رابوردویان بۆی پەیداکردون و دەتوانێ شتێکیان بۆ بەشتێك بکا.. بەڵام خومەینیەکان هەر لەگەڵ دەست وەشاندنیان دا بینیان دەستێکی گەلێ بەقایمیان لێ وەشێنراوەتەوەو بەرلەوەی شتێك بەئەنجام بهێنن شتێکی زۆریان لەدەست داوەو گەلێ شاری وەکو موحەمەرەو قەسری شیرین و میهران و سۆمار.. هی‌تریان لەلایەن سوپای نەبەزی عیراقەوە لێ‌داگیری‌کراوە.

لەگەڵ ئەوەش دا سەرکردایەتی حزب و شۆڕش و لە سەرویەوە سەرکردەی گەل خەباتگێڕ صدام حسین بۆ ئەوەی بەوان و بەگشت جیهانی سەلمێنێ کە عیراق و گەلەکەی و سەرکردایەتیەکەی حەز لەشەڕناکاو ئاشتی و ئاسایشی مەبەسەو بەتەنگ ئاسایشی ئێران و گشت وڵاتەکانی تری ناوچەکەوەیەو زۆر حەزدەکا بەخۆشی و ئاشتی و تەبایی لەگەڵ ئێران و گشت وڵاتەکانی تری دراوسێ‌یدا بژی بریاری‌دا سوپای دلێرمان لە خاکی ئێران بکشێتەوە سەر سنووری دەوڵەتی.. بەڵام ئاخۆ هەموو ئەمە کەمێ تەئسیری لە ڕژێمی گەندەڵی خومەینی‌کرد.. ئاخۆ هەموو ئەمە کارێکی‌وای کرد کەمێ هۆش و بیری ئەوەیان بێ کە ناکۆکی دوو وڵات بە جەنگ واتە بە چەك چارەسەرناکرێ.. بێگومان نەء لەبەرئەوە لەسەر پیلانگێڕی و دەستدرێژی خۆیان بەردەوام بوون و بەختی رەشی خۆیان لە هەموو بەرەکانی جەنگ دا تاقی‌کردەوەو ئەنجام لە شکستی و نائومێدی بەو لاوە هیچی تریان نەدوریەوە.. زیانێکی زۆریان لە خۆیان و وڵاتی ئێران داو ماڵوێرانیەکی تەواویان بۆ گەلانی ئێران دروست کرد.. جەنگاوەرانی قارەمانی عیراق دەردێکیان دانێ کە وا بەئاسانی بیریان نەچێ سنگی پتەوی خۆیان کرد بە قەڵغان و یەك ریز وەك شێر هێرشی دوژمنیان شکاندو بەرەو دواوە رەتاندیان و بەخوێنی پاکی شەهیدانیان وڵاتیان لە نیازی پیسی دوژمن پاراست ئێستاش کە ماوەیەکە دوژمن بالوورەی هێرشێکی تری تازە لێ‌دەدا روڵە نەبەزو دلێرەکانی عیراق سەرلەنوێ خۆیان بۆ ئامادەکردون و بێگومان ئەمجارەش لە جارانی رابوردویان خراپتری‌ئ دەکەن و نەك هەر ئەمە بەڵکو ئەمجارە ئەو سزایەی پێویستە بیاندرێنی بەزیادەوە وەری‌دەگرن و سوپای قارەمانی عیراق داستانێکی تری نوێ لە قادسیەی صدام دا تۆمار دەکا..

تیپی نواندنی ئاسۆس و شانۆگەرییەك

تیپی نواندنی «ئاسۆس»، یەکێکە لە تیپە هونەری‌یە خاوەن چالاکی‌یەکانی رانیەو بەردەوام لەکار دایە بۆ بەخشینی بەهرەو توانا.. لە پێناو گەشەپێدانی هونەری درامای کوردی.

بەرهەمی تازەی تیپی ناوبراو شانۆگەری‌یەکی سەرکەوتوو بوو بەناوی - سەرچاوەی ژانێکی خامۆش - لە نووسینی: خوالێخۆشبوو «ئەمینی میرزا کەریم» ودەرهێنانی هونەرمەندی لاو (بەکر محمود). لە سەر شانۆی مەلبەندی لاوانی رانیە لە رۆژی ١٩ - ٨ - ١٩٨٦و بۆ ماوەی سێ رۆژ جەماوەرێکی زۆری ئەم شارە دیدەنی‌یان کرد..

شانۆیەکە کاتژمێرێك و نیوی خایاندو ناوەرۆکەکەی کێشەیەکی زیندووی کۆمەڵایەتی پیشان دەدات.. دەری دەخا تا چ رادەیەك هێزە دژەکان بەرەنگاری یەکتری دەبنەوەو کام لایەن زەبری خۆی دەوەشێنێ کام لایەن بەرەنگارو گیانبازان قوربانی دەدات.. نووسەر دەیەوێ پێمان بڵێ کە دووتای تەرازوویەك کامیان لارەو کامە راست. بەڵام نەیتوانیوە رێنمایی‌مان بکات، چۆن لارەکەیان راست دەبێتەوە؟! و لەچارەسەرکردنی ئەو راست کردنەوەیەدا بێ‌دەسەڵات بووە!! ئەوەتا ونەسرین - پەروین حسین‌ی خێزانی «نزار - ئەمیر حسین رحیم» لە جیاتی ئەوەی لە خەوی ناووشیارانەی و خەباڵی بێ‌هودەیی دا راچڵەکێ و بەجیهانی واقیع شادبێتەوە، نووسەر هەڵدەستێ دەیمرێنێ کۆتایی بەژیانی دێنێ!!

بێگومان ئەمە هەڵوێستێکی نازانستی‌یەو کێشەکە بێ چارەسەر مایەوەو بینەریش لە دیاردەیەکی تراژیدی زیاتر هیچ فێر نەبوو.

بێگومان لەرووی دەرهێنان و کارە هونەری‌یەکانی ترەو شانۆیی‌یەکە سەرکەوتووانە پێش کەش کرا.. هەروەها دەرهێنەر لە نیوان چەند ووشەیەکی ناو بەرنامەکەدا دەڵێ: (ئەرکی شانۆ، هەوڵدانە بۆ بەدەست هێنانی جیهانێکی تازەو یاخی بوونە لەوەی کە هەیەو دەستەبەرکردنی ئەوەی کەنی‌یە... تاد) ئەو هونەرمەندە لاوانەش کەدەوریان هەبوو ئەمانە بوون:-

[ئەمیر حسین رحیم، پەروین حسین رشید، ر ئەحمەد خدر، فریاد عبدالرحمن، کاوە عبدالله، عمر سلام عزیز، کارزان عبدالله، عبدالله احمد، بکر محمود].

-نیازی-

پیشانگەی هاوبەشی ئەڵماس فتاح-کوێستان جمال

له سەرنجی دوو هونەرمەندەوە:

نەقابەی هونەرمەندانی لقی سلێمانی لە ٨/٩/ تا ٨٦/٨/١٩ پێشانگەی هاوبەشی خوشکە «ئەڵماس فتاح و کوێستان جمال»ی لە گەلەری سلێمانی کردەوە.

● ئەڵماس/ ساڵی ١٩٦٢ لە سلێمانی لە دایك بوە، پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی بەشی نیگارکێشانی تەواو کردوە، بەشداری پێشانگای ساڵانەی پەیمانگای کردوە، ساڵی ١٩٨٥، لە یادی دوسەد ساڵەی دامەزراندنی شاری سلێمانی‌دا بەشداری پێشانگای هاوبەشی کردوە بەو بۆنەیەوە ساڵی ١٩٨٦ هاوبەشی ساڵێدا پێشانگای تایبەتی لە بەیانگای سلێمانی کردۆتەوە، بەشداری کردوە لە پێشانگەی گشتی هونەرمەندانی کورد لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان ساڵی ١٩٨٦، ساڵی ١٩٨٥ لە پێشانگەی شەشەمی هونەرمەندانی کورد لە سلێمانی بەشداری کردوە.

لێرەدا سەرنجی هەردوو مامۆستای هونەرمەند «علی جولاً»و «بەختیار مستەفا تان پێش کەش دەکەین سەبارەت بە هونەری ئەم دوو خوشکە لە پێشانگەکەیانەوە.

● مامۆستای هونەرمەند عەلی جولاً: -

بە پێویستی دەزانم کە پێرۆز بایی گەرم لە کردنەوەی پێشانگاکە بکەم چونکە یەکەم هەنگاوی د وو کچی کوردە لە بواری هونەری تەشکیلیدا، لەو بروایەشدام بەردەوامی‌و کاری هەمیشەیی بێ کۆڵدان دوا رۆژێکی باشیان دەبێت! بە یەکخستنی توانا و زانیاری‌و بیری قوڵی هونەرمەندانە دەدۆزنەوە. چونکە هەر هونەرمەندە جیهانی تایبەتی خۆی هەیە، لە مەودای بیرو بەسەرهات و بینینی خۆیدا مەلە دەکات. بواری هونەری تەشکیلی زۆر فراوانەو هیچ کەسێك ناتوانێ داهاتوو دەست نیشان بکات. بە هەر حال هەنگاوی یەکەمیان سەرکەوتوو بوە، چاوەڕوانی دوا رۆژێکی روناکیان لێ دەکرێ.

تەنها ئەوەندە دەڵێم کە هونەرمەند کاری بەردەوامی وەك هاتوچۆی خوێن لە دەماری مرۆڤدا وایە چ کاتێك لە کارکردن وەستا هونەرەکەی دەمرێ.

لە خۆیایی بونیش نەخۆشیەکی نیە گومان شوێنی خۆیان لە هونەرری تەشکیلی کوردیدا دەکەنەوە. بۆیە چەپکە گوڵی ریزو سەرکەوتنیان پێش کەش دەکەم.

بەرای من بەرهەمە هونەریەکانیان کە بریتین لە گەلی شێوازی دراسی‌و گەڕان بەدوای شێوەی ئیش کردندا. کاریکی ئاسایی‌یە بۆ هەموو هونەرمەندانی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە هەنگاوی داهاتوو چۆن دەبینن و شێوەی تایبەتی کاری هونەری خۆیان هەڵبژێرن کە سەرکەوتووانە بێ گومان لە هونەرمەندانی کورد ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستانی کردوە.

● کوێستان/ ساڵی ١٩٦٥ لە سلێمانی لە دایك بوە، ئەم خوشکەش بەشی نیگارکێشانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی تەواو کردوە.

لە پێشانگای ساڵانەی پەیمانگادا بەشداری کردوە. ساڵی ١٩٨٢ لە هەولێر هاوبەشی پێشانگای هونەری کوردی کردوە، هەر لەو ساڵێدا پێشانگای تایبەتی لە بەیانگای سلێمانی کردۆتەوە، بەشداری کردوە لە پێشانگەی گشتی هونەرمەندانی کورد لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان ساڵی ١٩٨٦، لە پێشانگەی شەشەمی هونەرمەندانی کورد لە سلێمانی بەشداری کردوە.

ئەڵماس و کوێستان لەو دەرچوانەن دوای پێنج ساڵ پەروەردەکردنیان، وەك دوو ئەندامی چالاکی ئەم کۆمەڵە ریگەی هونەریان گرتۆتەبەر.

دەیانەوێ بەرەو ئاسۆی فراوان تر هەنگاو بنێن و خزمەتی کۆمەڵەکەیان بکەن، ئەو ریگەیەش سەخت و پڕ لە خۆشی‌و ناخۆشیە پێویستی بە کۆڵنەدان و بەردەوامی‌یە، یەکەم هەنگاویان بەو بەرهەمانە ناوە کە لە ماوەی خوێندنیاندا لە وانەکانی پەیمانگەدا لە ژێر چاودێری مامۆستا هونەرمەندەکانیاندا، بەرهەمیان هێناوە، ئەمەش گرنگە لە سەرەتای ژیانی هونەری هەموو سەردەمی هونەرمەندە هیوادارین هونەرمەندیکی تازە پێگەیشتوودا، تا کۆمەڵ شارەزای ئەو وانانە ببێت کە هونەرمەند پێویستە لە سەرەتادا ویراسەیان بکات. هیواردارم بەردەوام بن و بەرهەمی نوێ‌تریان پێش کەش جەماوەر بکەن.

- ئازاد -

پێشانگای گشتی هونەرمەندانی کورد ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستانی کردوە.

وێنەی دەرچووەیەکەمەکان

ناو: ئومێد یاسین کریم
پۆل: شەشەم (٦)
قوتابخانەی رووخۆشی تێکەڵاو لە سلێمانی
پلەی دەرچوون: یەکەم

ناو: سیروان یاسین کریم
پۆل: پێنجەم
قوتابخانەی رووخۆشی تێکەڵاو لە سلێمانی
پلەی دەرچوون: سێهەم

ئامادەکردنی - ژیار

دوای خەت لێدانی وشەکان بە هەموو شێوەیەك ناوی گۆرانی بێژێك دەردەچێ کە لە (١٠) پیت پێك دێت وە دوو برگەیە.

ئەمەش وشەکانە

گۆڤاری کاروان - حاجی قادری کۆیی - دڵزار - رۆژنامەی هاوکاری - ئەحمەد موختار بەگ - کامەران موکری - پیر - کار - دۆ - نالی - سێوە - رەش - سور - کۆتر - بۆ - هێمن - بەیان - بێخود - کاوس ئاغا - حەسەن زیرەك - گۆڤاری بەیان - هەولێر - وەلی دێوانە - سێ - رەش - دڵداری - نور - کۆر - پایەدار - هێرۆ - عەزیز نەسین - بکبان - عبدوڵڵا پەشێو - کارزان.



بۆ زاخاوی مێشك

لە چاپگراوەکانی دەزگاکەمان



ریزمانی راناوی لکاو

زنجیرەی ژمارە ١٤٧ی بڵاوکراوەی دەزگاکەمان دەزگای رۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی (ریزمانی راناوی لکاو)ە لە نووسین و دانانی مامۆستا د. وریا عمر أمین لەم رۆژانە لەبەرگێکی قەشەنگی قەوارە مام ناوەندی‌دا کەوتە بەردەست خوێنەران.

«تەڵەزگە»

زنجیرەی ژمارە (١٤٠)ی بڵاوکراوەی دەزگاکەمان دەزگای رۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی کۆمەڵە چیرۆ کێکی مامۆستا ئیسماعیل رەسولە کە بریتیە لە ١٥ چیرۆك لەم رۆژانەدا لەبەرگێکی رازاوەو قەوارە مام ناوەندی ١٦٥ لاپەڕەیی‌دا کەوتە بازارەوە.

چاپکراوی نوێ



تە.. نەگوت

تە.. نەگوت: کۆمەڵەکا چیرۆکێت کورتە ل ڤان رۆژا کەفتە بازارێ. ژ نڤیسینا چیرۆك نڤیس «شعبان مزیری» ئەف پەرتوکە یا پێك هاتی ژ (٦) شەش چیرۆکێت کورت ئو دگەل پێش گوتنەکێ هەمێ دکەفتە ل ناڤ (٣٢) سیهە دوو لاپەڕادا.

سەرنج

بریار وایە کۆنگرەی لقی هەولێری یەکێتی ئەدیب و نووسەرانی کورد دوا بخرێت، بۆ کاتێکی‌تر، تکایە ئەندامانی ئەو لقە ئاگادار بن و سوپاس.

چیرۆك بۆ منداڵان — نەوزاد عەلی حەسەن

بۆق و تاقی‌کردنەوە

لە کۆن دا بۆق نەی دەتوانی لە ئاو بێتە دەرەوە بۆ ووشکایی. جا رۆژێك بۆقێك لە لێواری یەکێك لە گۆمەکان لەنگەری گرتبوو، گەلێك مات و غەمگین و لە دەریای بیرکردنەوەدا بوو.

بەریکەوت چەند بۆقێکی هاوڕێی لەوێوە تێپەرین، بینیان وا هاوڕێکەیان زۆر مات و غەمباره. لێی چوونە پێشەوەو پرسیان ها... هاوڕێ بزانم مات دیاری، بیر لەچی دەکەیتەوە؟ بۆقە غەمگینەکە وتی هاوڕێیان چیتان لێ‌بشارمەوە ئەندێشەیەك لە مێشکم دا ماخولانەیەتی‌و زۆر ئازارم دەدات.

بۆقەکان وتیان: دەبێت چی بێت؟

ئەویش وتی دەمەوێ دەرچمە دەرەوەی ئەم ئاوەوە هەندێ سەیری ڕیمەنی سروشت و هەوایەکی پاك و خاوێن هەڵژم.

بۆقەکان وتیان شێت بوویتە؟ ئەی نازانی دەفەوتێیت؟ بۆقەکە وتی: - لەوانەیە وا نەبێت، بۆیە بریارم داوە بچم، ئەگەر سەریشم دانابێت. ئەمەی وت و بۆی دەرچوو. هەرچەند لە سەرەتادا کەمێك هەستی بە زەحمەت و ناخۆشی کرد، بەڵام دوای ئاسایی بوو.

ئەوسا تا درەنگانێك سورایەوە بە ناو گیاو درەخت و گوڵ و گوڵزاردا.. ئیتر گەڕایەوە لای هاوڕێکانی لە گۆمەکەو پێیانی وت: هاوڕێکانم هەموو شت بەتاقی کردنەوە دەبێت. ئێمەوا تێ‌گەینرا بووین گەر لە ئاو دەرچینە دەرەوە تەواو دەبین... بەڵام خۆ بە چاوی خۆتان دیتان من وا ماوەیەکی زۆرە لە دەرەوەم. لەکۆتایی‌دا وتی ئێستا لێم گەڕێن گەلێك ماندوم، با پشوویەك بدەم ئەوسا بە هەمووتان. گەشتێکی بۆ دەکەین.

ئیتر لەو رۆژەوە بۆق توانی لە ئاو بێتە دەرەوەو دوای ماندو بوون و هەست بە توێنێتی کردن، دەگەڕێتەوە مەنزلگای دێرینی کە ئاوە.

هاوکاری

دەزگای رۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی

وەزیریە تەنیشت (المعهد القضائی)

تەلەفون
٤٢٥١٨٤٦
٥ خەت

Institut Kurde de Paris